# رووداو
RÛDAW

ژمارە (442)   دووشەممە 2017/1/23 - 3ی ڕێبەندان 2716   (750) دینار


### یەکێکیان کوردی ئێزدییە

## 45 مێردمنداڵی داعش لە بەندیخانەی چاکسازیی دهۆکدان

**رووداو- دهۆک**

زەکی ساڵح، بەڕێوەبەری گرتووخانەی چاکسازیی نەوجەوانان و ئافرەتان لە دهۆک رایگەیاند لە 68 مێردمنداڵی راگیراو لە گرتووخانەکەدان، 45 لەوانە بە تۆمەتی پەیوەندیان بە داعش و کاری تیرۆرستییەوە دەستگیرکراون.

ئەو مێردمنداڵانە لە نێو داعش بە "بەچکەشێرانی خەلافەت" ناسراون، لە ماوەی رابردوودا ژمارەیەکیان لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش کوژراون، ژمارەیەکیشیان لێ دەستگیرکراون.

زەکی ساڵح ئاشکرای کرد ژمارەیەک لەو مێردمنداڵانەی بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون کوردن، کوردی شەبەک و ناوچە تازە رزگارکراوەکانیان تێدایە. هەروەها مێردمنداڵێکی ئێزدیشیان تێدایە کە پێشتر لەلایەن داعشەوە لە مووسڵ کراوە بە موسوڵمان. زەکی سەرسوڕمانی خۆی لە بیرکردنەوەی ئەو مێردمنداڵانە نیشان دا و گوتی "ئەوانە هیچ پەشیمان نین و شانازی بەوەوە دەکەن کە داعش بوون".

عەبدولجەبار عەبدولڕەحمان، توێژەری کۆمەڵایەتی هۆشداری دا لە تێکەڵکردنی ئەو مێردمنداڵانە لەگەڵ گیراوانی دیکە و گوتی "نابێت تێکەڵ بە تۆمەتبار و تاوانبارەکانی دیکە بکرێن، چونکە ئەوانە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵانە، بە ئاسانی رەفتار و گوفتاری دەوروبەریان وەردەگرن".

« 2

### تورکمانەکان داوا دەکەن ژمارەی کورسییە کۆتاکانیان بکرێتە 10 کورسی

5

### کورد لە بەغدا 35 پۆستی لەدەستداوە

14

### ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ تاوتوێی پێشنیازەکانی پارتی کۆدەبێتەوە

3

### (سی ئای ئەی) بەڵگەنامەکانی لەبارەی بارزانی و شۆڕشی ئەیلول بڵاودەکاتەوە

# شای ئێران دەیزانی کە بەغدا بە رێککەوتنی جەزایر کڵاوی لەسەر ناوە

« 7-6

## مەلا مستەفا بارزانی لە پەنجاکاندا بە نهێنی لە رووسیاوە گەڕاوەتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان




### لە بەڵگەنامەکانی "دەوڵەتی خەلافەت"ەوە

# داعش پۆلیسی خۆی لەسەر منداڵبازی، خواردنەوەی مەی و هاتوچۆی ماڵی لەشفرۆش سزا دەدات

« 4

**ئابووری** 8

### سێ پێشمەرگەی کورد جێگرەوەی ماتۆڕی چینی دروستدەکەن



**تاراوگە** 11

### کچێ کورد دەبێتە بازرگانێکی ناسراوی سوێد

**ژنان** 12

### کچێکی دەزگیراندار خۆی دەسووتێنێ



**تەندروستی** 15

### ئاوارەکان "زامی بەغدا" لە گەرمیان بڵاودەکەنەوە





## مۆتۆرسوارێک پارچەپارچە دەبێت

**ڕووداو- هەولێر**

فازڵ حاجی، گوتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر بە ڕووداوی ڕاگەیاند "ڕۆژی هەینی 2017/1/20، ڕووداوێکی هاتوچۆ لە نێوان ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا و ماتۆڕسکیلێک لە چوار ڕیانی نەورۆزی شاری هەولێر ڕوویدا، بەهۆیەوە دوو کەس کە شۆفێر و سەرنشینی ماتۆڕسکیلەکە بوون دەستبەجێ گیانیان لەدەستداوە". سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکە فازڵ حاجی گوتی "بەهۆی ئەوەی کە شۆفێری ماتۆڕسکیلەکە لە ترافیک نەوەستاوە، لە کاتێکدا کە ئۆتۆمبێلەکە بە شێوەیەکی قانوونی لە ڕێڕەویی خۆی هاتووە، خۆی کێشاوە بە ماتۆڕسکیلەکە بەو هۆیەوە یەکێکیان پارچەپارچە بووە".

## فرسەت مستەفا پشتی چوار سالێن زیندانێ ئاخفتنا خوە کر:

# بو (رووداو) ئاشکرا دکەت پارێن خەلکێ چ لێهات!

ددەمەکێ کورتدا ناڤەکێ مەزن و باوەرییەکا مەزن ل دهۆکێ پەیداکر، دەستپێکێ وەکو بانگخوازەک ب هزاران خەلک چاڤەرێی دەرکەفتنا وی بوون. بۆ ماوەیەکی رێڤەبەرێ رادیویا دەنگێ یەکگرتوویا ئیسلامیا کوردستانێ ل پارێزگەها دهۆکێ بوو، دگەل بانگخوازییێ دەستبکارێ بازرگانی ژی کر، بملیۆنان دولار کەتنە بەردەستی وی و یەک ژ گەنجێن کەشخە بوو. لێ دەوڵەمەندبوونا وی گەلەک درێژنەکر و پارێن خەلکی هاتنە خارن و ئەو ژی بو چوار ساڵان کەتە زیندانێ. فرسەت مستەفا دئێکەم دەرکەفتنا خوەدا دئەڤێ هەڤپەیڤینێدا دگەڵ هەفتەنامەیا (رووداو) گەلەک نهێنییان ئەشکەرە دکەت و دبێژیت "ئەز بدەستێ بەتال ڤەنەگەڕیایمە".

ناسر عەلی

رووداو- دهۆک



فرسەت مستەفا

**رووداو: چاوا ژ چ نهێ تو بویە سەرمایەدارەکێ ناڤدار؟**

**فرسەت مستەفا:** دەما من ل سالا 2013 مالا خوە ل موقبلێ ڤەگوهاست بۆ دهۆک، بارێ ئابوورییێ من باش نەبوو، هندەک هەڤالێت من گوتنە من ئەگەر تە هندەک پارە هەبن، دێ کارپێکەین. من ژی بۆ کارکرنێ پارە قەرزکرن و ئەڤەژی بۆ من بو دەستپێکەک. من دگەل دوو کەسێن دی هونەر محەممەد سەلمان، حەیدەر

## یەکگرتوو خوە ل من نەکرە خودان

## راست نینە کو ئێکێ مالا بارزان دەست د ئازادکرنا من دا هەبیت

سلێمان كومپانیایەکا بەلێندەران و بازرگانی کرنێ بناڤێ HIH دامەزراندن. ل وی دەمی من تنێ نیف ملیۆن دولار هەبوون و بەشەک ژ سەرمایێ خوە من ئێخستە بەردەستێ وان دوو کەسان، هەتاوەکو دەست ب پرۆژێن دروستکرنا شوقە و ڤێلا ل زاخۆ بکەن. کارێ وان دماوەیەکێ کێمدا بەرفرەهتر لێ هات. بشێوەیەکی داخوازا پارێن زێدەترکرن. من ژی گوتە خەلکێ هەر کەسێ پارێن زێدەتر بێخیتە بەردەستێ مە دێ قازانجێ کەت و خەلکێ برێکا من پارێن خوە رادەستکرن هەتاوەکو کارێن مەزن مە پێ کرن. بەس مە گوتە وانا ئەڤ کارە قازانج و زەرەر تێدا هەیە و هەمیان ئەڤ مەرجە قەبوول کرن.

**رووداو: د دەمەکێ کێمدا تۆ بویە خودان خانیەکێ مەزن و ترومبێلەکا 100 هزار دولاری و کومپانیا، چاوا هوسا ب ئاسانی دەوڵەمەندبووی؟**

**فرسەت مستەفا:** راستی ئەو هەڤالێن من پارە رادەستی وانکرین بۆ کارکرنێ گەلەک هەڤکاریا من کرن. بەشەک ژوان پارەیێن کەفتینە بەردەستێ من، هەڤالێن من یێ کومپانیایێ دانە من.

**رووداو: ل وی دەمێ تو بەرزەبووی دگوتن نێزیکی 35 ملیون دولارا تەبرینە، ئەو ژمارە دروستبوون؟**

**فرسەت مستەفا:** هیچ راستییەک بوو وان گوتنا نینە، رەنگە دناڤبەر 10 بو 15 ملیون دولاران بن، نەک 35 ملیون دولار.

**رووداو: تە چ سوز دایە وان کەسان هەتا رازیبوون پارێن خوە رادەستی تە بکەن؟**

**فرسەت مستەفا:** بابەتێ سوزا نەبوو، نێزیکی شەش ساڵان پارێن خەلکێ ژلایێ وان برادەران ڤە کار پێ هاتنە کرن. گەلەک ژ وان کەسێن ل دەستپێکێ پارە داینە مە قازانجێن باش وەرگرتن، بەلێ کەس بەحسا قازانجێ ناکەت. هندەک کەسا بۆ نموونە 10 هزار دولار رادەستی مە کرن و جار و نیڤا هندی سەرمایێ خوە قازانج وەرگرتینە و پاش هاتیە لایێ مە گوتیە بۆ من 20 هزار دولارێن دی ژی بێخنە کاریدا.

**رووداو: چەند کەسا راستەخۆ پارە رادەستی تە کرینە؟**

**فرسەت مستەفا:** بسەدان کەس گوتن فرسەتی پارێن مە برینە، بەلێ یێن کو راستەوخۆ من پارە ژێ وەرگرتن ین ژمارا وان ژ 80 کەسان دەرباز نابیت.

**رووداو: کێ دەست ژ مەزنکرنا بابەتێ تەداهەبوو؟ یەکگرتوو یان پارتی؟**

**فرسەت مستەفا:** تا 2009 بفەرمی دگەل یەکگرتوویا ئیسلامی یا کوردستاندا بووم. بەلێ من یەکگرتوو هێلا، هەتاوەکو دکارێ بازرگانیێ دا بێ لایەن بم. ل 2011 تووشی شکەستنێ بووین، وەکو بەڵگە لبەردەستێ من نینە کانێ یەکگرتوو یان کەسێن پارتی بابەتێ من مەزنکرن. رەنگە بەشەک ئەز بخوە بوویمە. چونکی من خوە ل وان هەمی کەسا کرە خودان ئەوێن پارەێن وان چووین.

## پارێن خەلکێ یێن کو برێکا من بەرزەبووین 10 بۆ 15 ملیۆن دۆلارن

## ئەز ب دەستێ بەتاڵ ڤەنەگەڕیایمە

**رووداو: تە گەلەک خزمەتا یەکگرتوو کریوو، د دەمێ کەفتنا تە یا بازرگانی دا کی ل تە بو خودان؟**

**فرسەت مستەفا:** هەرچەندە ئەو کەسێن پارە داینە من، 20% ژوان ئەندامێن یەکگرتوو بوون، هەتا لسەر ئاستێ مەکتەبا سیاسییا یەکگرتوو ژی دناڤا واندا هەبوون، بەلێ وەکو پارتی هیچ بەرپرسەکێ پارتی تێدانەبوو، وی دەمی یێن پارتی ژی هەبوون هەتا ئەندامێن سەرکردایەتیا پارتی ژی تووشی شکەستنا بازرگانی بوون، بەلێ نە ئەوبوونە ئەوێن دگەلمەدا کارکرین، ئەوان لهندەک کومپانیاییێن دی یێن ئەنترنێتی توشبوون، هەرکەسێ ل وی دەمی توش دبوون، دگوتنە کەسوکارێن خوە فەرستی پارێن مە ژی برینە. تەنانەت گەهیشتە وێ چەندێ یێن کو بازارێ کرین و فرۆتنا ئۆتۆمبێل و ئەرز و خانییا ژی دکرن و شکست ئینان دگوتن فەرسەتی پارێن مە برینە. هندی ئەز دزیندانێ دا بووم، نزیکی 15 کەسان بناڤێ من راستی ل خەڵکێ ڤەشارتبوون و پشتی ئاشکرابووین، هاتنە گرتن.

## بابێ من ساڵەکێ ل گەل من نەئاخفت

## من یەکگرتوویا ئیسلامی هێلا

**رووداو: تو چاوا ل زیندانێ ئازادبووی؟ ئەو گوتن راستن کو کەسەک ژ مالا بارزان دەست د ئازادکرنا تەدا هەبووە؟**

**فرسەت مستەفا:** نەخێر. من حوکمێ خوە بدۆماهی ئینا و ئەز هاتمە ئازادکرن.

**رووداو: ئەگەرێ سەرەکی یێ شکەستنا وە چبوو؟**

**فرسەت مستەفا:** ئەگەرێ سەرەکی پرۆژێن زاخۆ بوون، هەروەها ئەو برادەرێن کارێن مەزن ب سەرماییێن خەلکی کرین، گرێبەستەک دگەل چەند بازرگانێن بەغدایێ ئیمزا کربوون بۆ ئینانا ئازوقەیی ژ تورکیا بۆ سوپایێ عیراقێ، بەلێ هندەک کەسا ل بەغدایێ پارێن مە خارن و ئەڤە ئەگەرێ سەرەکی بوو.

**رووداو: تە چ هەول داینە بو زڤرینا وان پارەیان؟**

**فرسەت مستەفا:** هەر دوی دەمی دا من زانی نەشێم ڤەگەڕینم. ئەز بو دەمێ ساڵەکێ چۆمە تورکیا لگەل هندەک بازرگانێن دیکە من هەول دە کارگەها دروستکرنا چیمەنتۆیێ بینمە کوردستانی. بەلی گەلەک خەڵک بتاییەت ئەوێن پارە داینە من ب شاشی لمن گەهیشتن و هۆسا هزرکرن ئەز رەڤیمە و گەهیشتنە وێ رادەیێ بابێ من ئێدی ئامادە نەبوو گەل من باخڤیت. پشتی ساڵەکێ ڤەگەریام کوردستانێ هەتاکو کارێن مایێن بۆ دانانا کارگەها چیمەنتۆیێ ئەنجامبدەین، لسەر سکاڵایا داواکارێ گشتی هاتمە گرتن و چوار سالا دزیندانێدا مام و ئەڤەژی بۆ ئەگەرەک کارێ کارگەها چیمەنتۆیێ ژی ژناڤ بچیت. ئەز ماوێ چوار هەیڤایە هاتیمە ئازادکرن و دڤی ماوێ کێمدا من گەلەک هەولێن باش دیانە و هێدی هێدی دێ کار کەین. نها کارێن من بەرەڤ باشتر دچن و ئەگەر هۆسا بچێت و تووشی چ ئاریشێن دی نەبم دێ شێم پارێن وی خەڵکی ڤەگەڕینم. چونکی ئەز بدەستڤالا نەڤەگەڕیایمە ڤە.

## ئەگەر کار هۆسا برێڤەبچیت دێ پارێن خەڵکێ ڤەگەڕینم

## بسەدان کەسان گوتنە فەرسەت پارێن مە برن، بەلێ یا راستی تنێ 80 کەسن

## یەکێکیان کوردی ئێزدیە

# 45 مێردمنداڵی داعش لە بەندیخانەی چاکسازیی دهۆکدان

## بەڕێوەبەری چاکسازییەکە:

## زۆربەی ئەو گیراوانە شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە دەکەن

**ناسر عەلی**

**ڕووداو- دهۆک**

بەڕێوەبەری گرتووخانەی چاکسازیی نەوجەوانان و ئافرەتان لە دهۆک ڕایگەیاند کە 68 مێردمنداڵی ڕاگیراو لە گرتووخانەکەدان، 45 لەوانە بە تۆمەتی پەیوەندیان بە داعش و کاری تیرۆرستییەوە دەستگیرکراون. لەنێو مێردمنداڵەکاندا کوردیش هەن کە یەکێکیان کوردی ئێزدییە.

ئەو مێردمنداڵانە لە نێو داعش بە "بەچکەشێرانی خەلافەت" ناسرابوون و داعش شانازییەکی زۆری پێوە دەکردن، لە ماوەی ڕابردوودا ژمارەیەکیان لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش کوژراون، ژمارەیەکیشیان لێ دەستگیرکراون.

زەکی ساڵح مووسا، بەڕێوەبەری گرتووخانەی چاکسازیی نەوجەوان و ئافرەتان لە دهۆک ئاماری ساڵی ڕابردووی چاکسازییەکانی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "ساڵی ڕابردوو 619 مێردمنداڵ و 217 ئافرەت بە تۆمەتی جیاجیا دەستگیرکراون، زۆربەیان دادگایی کراون و هەندێکیان ئازاد کراون، هەندێکیشیان حوکمدراون".

زەکی ساڵح ئاماری ئەو کەسانەشی ئاشکرا کرد کە بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون و گوتی "ئێستا 68 مێردمنداڵی ڕاگیراو لە گرتووخانەکەمانن کە 45 کەسیان بە تۆمەتی تیرۆر گیراون و ژمارەیەکیان کوردن، کوردی شەبەک و ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانیان تێدایە. هەروەها مێردمنداڵێکی ئێزدیشیان تێدایە کە پێشتر لەلایەن داعشەوە لە مووسڵ کراوە بە موسوڵمان".

زەکی سەرسوڕمانی خۆی لە بیرکردنەوەی ئەو مێردمنداڵانە نیشان دا کە بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون و گوتی "15 ساڵە لەو گرتووخانەیە کاردەکەم، هەموو ئەوانەی دەستگیرکراون پەشیمانن لەو کارەی کردوویانە، بەڵام ئەوانەی بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون هیچ پەشیمان نین و شانازی بەوەوە دەکەن کە داعش بوون".

زەکی بە پێویستی دەزانێت حکومەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کار لەسەر ئەو لایەنە بکەن و خولی هۆشیاری و دەروونی بۆ ئەو کەسانە بکەنەوە بۆ ئەوەی بیری توندڕەوییان لە مێشک دەربکەن".

گیراوێکی چاکسازییەکە کە حوکمدراوە، باسی هەڵسوکەوتی ئەو مێردمنداڵانە دەکات و دەڵێت "کوردەکان باشن، هەندێکیان دەڵێن پەشیمانین کە بووین بە داعش، بەڵام عەرەبەکان زۆر توندن".

ئەو بەندکراوە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی یەکێک لەو مێردمنداڵە داعشانەی کرد کە زۆر گۆشەگیر بووە لە زیندانەکە "زۆر بە زەحمەت قسە دەکات و دەڵێت داعش گۆشتی مرۆڤی دەرخوارد داوە، قەت ئەوەی لە خەیاڵ دەرناچێ".

بەڕێوەبەری گرتووخانەی چاکسازیی نەوجەوان و ئافرەتان لە دهۆک دەڵێت بەهۆی بچووکیی چاکسازییەکان ناچارن ئەوانەی بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکراون و لەگەڵ ئەوانەی بە تۆمەتی دیکە دەستگیرکراون، تێکەڵ بکەن. بەڵام توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئەوە بە مەترسیی دەزانێت.

عەبدولجەبار عەبدولڕەحمان، توێژەری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو مێردمنداڵانەی بە تۆمەتی تیرۆر و داعشبوون دەستگیرکراون، نابێت تێکەڵ بە تۆمەتبار و تاوانبارەکانی دیکە بکرێن، چونکە ئەوانە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵانە، بە ئاسانی ڕەفتار و گوفتاری دەوروبەریان وەردەگرن".

# بەپارەی خۆی تەلەفریکێک بۆ پێنج گوند دروست دەکات



درێژیی تەلەفریکەکەی مەحموود سیاسی 150 مەترە و 40 هەزار دۆلاری تێچووە

(فۆتۆ: ڕووداو)

**عومەر چاوشین**

**ڕووداو – دوکان**

چەند ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی لافاوەوە نۆ کەس لە گوندنشینانی گوندەکەی مەحموود سیاسی کەوتنە نێو ڕووبار و تەرمی چواریان هەر نەدۆزرانەوە. مەحموود بە دروستکردنی تەلەفریکێک لەسەر ڕووبارێکی ناوچەکەیان دەیەوێ کۆتایی بەو ڕووداوە تراژیدیانە بهێنێ.

مەحموود محەممەد کە لە ناوچەکەی خۆیان بە مەحموود سیاسی ناسراوە و دانیشتووی گوندی لبانی سەر بە ناحیەی بنگردی قەزای دوکانە، لەسەر ئەرکی خۆی تەلەفریکێکی بۆ گوندەکەی خۆیان و چوار گوندی دەوروبەریان لەسەر ڕووباری خاسەی زێی بچووک، دروستکردووە.

مەحموود سیاسی کە پێشمەرگەی خانەنشینە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە وەرزی زستاندا ئاو لەو ناوچەیە زۆر دەبێ و چەندینجار مەترسی لەسەر ژیانی خەڵک دروستکردووە، بۆیە بڕیارم دا لەسەر ئەرکی خۆم تەلەفریکێک بۆ ناوچەکەمان دروست بکەم".

ئەو تەلەفریکەی مەحموود دروستی کردووە، درێژییەکەی 150 مەترە و 40 هەزار دۆلاری تێچووە، توانای هەڵگرتنی نیو تۆنی هەیە، دانیشتووانی گوندەکانی بێترخە، وێسە، لبانە، دۆڵەگۆم و سەرتەنگ کە ژمارەیان 100 ماڵ دەبێ سوودی لێوەردەگرن.

مەحموود دەڵێت "بیرۆکەی دروستکردنی ئەو تەلەفریکەم لە ترسان بۆ هات، چونکە لەساڵانی ڕابردوو هاووڵاتیانی ناوچەکە بەهۆی لافاوەوە تووشی کارەساتی ناخۆش دەبوون یان ئاو دەیبردن یان بۆ چەند ڕۆژێک گیریان دەخوارد و کارەکانیان ڕایی نەدەبوو".

تەلەفریکەکەی مەحموود بە کارەبا و بەبێ کارەباش کار دەکات، ئەگەر خۆی مەجالی هەبێ بۆ خۆی کاری پێدەکات، ئەگەر نا کەسێکی ناوچەکە کار بە تەلەفریکەکە دەکات کە مەحموود مانگانە لە گیرفانی خۆی 200 هەزار دیناری دەداتێ.

مەحموود دەڵێت حکومەت لەو پرۆژەیەدا هیچ هاوکاری نەکردووە، چەند جارێک سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بنگردی کردووە، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە، بۆیە بڕیاری داوە لەسەر ئەرکی خۆی تەلەفریکەکە دروست بکات. مەحموود لەلای منداڵەکانیشی وەسیەتی کردووە و داوای لێکردوون دوای مردنیشی ئەو پرۆژەیە بەردەوام بێ.

بەڵام محەممەد عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری ناحیەی بنگرد دەڵێت ساڵێکە لەو سنوورە دەستبەکار بووە کەس نەهاتووەتە لای داوای ئەو پرۆژەیەی لێ بکات. گوتیشی "ئەگەر ئەو هاووڵاتییە نووسراوێک پێشکەش بکات بۆ پرۆژەکەی، بەپێی توانامان هاوکاری دەکەین".

سەعدون ئەحمەد کە دانیشتووی قەڵادزێیە و بۆ گەشت هاتبووە ناوچەکە، دەڵێت ئەویش وەکو گەشتیارێک سوودی زۆری لە تەلەفریکەکەی مەحموود بینیوە. سەعدوون ڕووداوێکی ناخۆشی گێڕایەوە و گوتی چەند ساڵێک لەمەوبەر 9 کەسی دانیشتووی گوندی لبانێ لافاوبردنی، تەرمی چواریان ئێستاشی لەگەڵ دابێ نەدۆزرانەوە. گوتیشی "گرنگی پرۆژەکە لەوەدایە کە خێرخوازییە و پارە لە کەس وەرناگرێ، ئەوەی خەڵکی ئێرەش نەبێ دەتوانێ سوودی لێوەربگرێ".

بەکر خدر، ئەنجوومەنی گوندی دۆڵەگۆم زۆر پەسنی مەحموود دەدات و دەڵێت "چەند جارێک داوامان لە حکومەت کرد پردێکی پەڕینەوەمان لەسەر ڕووبار بۆ دروست بکات، بەڵام بە بیانووی قەیرانی دارایی بۆیان نەکردین. ئەوەی حکومەت بۆی نەکردین، مەحموود سیاسی بۆی کردین".

ڕووداو
ژمارە (442) - دووشەممە 2017/1/23

## حیزبی شیوعی پرۆژەی هەیە

**ڕووداو– سلێمانی**

ئەبو کاروان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ قەیرانی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان، حیزبەکان هەوڵیانداوە بەپێی بۆچوونەکانیان پرۆژە پێشکەش بکەن و وا بڕیارە ئەوانیش لەم هەفتەیەدا پرۆژەیەک بۆ ئەو مەبەستە ڕاببگەیەنن و گوتی "دوای کۆتاییهاتنی نیوەڕۆکەکەی، پرۆژەکە دەدەینە ڕاگەیاندنەکان، بۆ ئەو مەبەستە سەردانی حیزبەکانیش دەکەین"، ئەبو کاروان گوتیشی "دۆخە پێویستی بە چارەسەرە و هەست دەکەین مەیلێکیش بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان هەیە بۆیە ئەو پرۆژەیەمان ئامادە کردووە".

### محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان:

# ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی نیوەی کێشەکان چارەسەر دەکات

کاتێک پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان تێکچوو، هەوڵی زۆر دران بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزرێتەوە کە پارتی و گۆڕان و یەکێتی پێی ڕازی بن، ئەوکات و بەردەوام محەممەدی حاجی مەحموود، پێیوابوو کە بەبێ ڕێککەوتنی نوێ لە نێوان پارتی و یەکێتی، دۆخەکە هێور نابێتەوە. سکرتێری حیزبی سۆشیالست دیموکراتی کوردستان، ئێستا پێیوایە "نابێ ڕێککەوتنی ئەمجارەی پارتی و یەکێتی لەسەر بنەمای دابەشکردنی پۆستەکان بێ". هەروەها دەڵێ "پارتی و یەکێتی دەتوانن تێکی بدەن و چاکیشی بکەنەوە".

نەوزاد مەحموود
ڕووداو - سلێمانی



**ڕووداو: ئەو جموجوڵەی ئێستا هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ پەیوەندی خراپی نێوان حیزبەکان باشتر بکات؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** پێویستە یەکێتی و پارتی بگەنە ئەنجامێک ئەگەر بەتەنگ ئەم وڵاتە و ئەو دۆخە و ئەو هەموو کێشەیەوەن کە هەیە، من هێڵی سڕینەوە بەسەر هیچ حیزبێکدا ناهێنم، بەڵام ئەگەر ئەو دوو حیزبە بگەنە ئەنجامێک، بەڕای من 50%ی کێشەکان چارەسەر دەبن.

**ڕووداو: ئەی ئەو 50%ی دیکە کە دەمێنێتەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** ئەو ڕێژەیەی دیکە ئاسان دەبێ، چونکە ئەو دوو حیزبە ڕایان دەبێتە یەک بەرامبەر کێشەکان و ژمارەی ئەندامەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەکی زۆرە و دەتوانن بڕیار بدەن. ئەوکات دەتوانن لەگەڵ حیزبەکانی دیکەش دابنیشن و بگەنە ئەنجامێکی باشیش. بۆیە ئەو جموجوڵانەی ئێستا هەیە، لەوانەیە پێشتر پارتی و یەکێتی گەیشتبنە ئەنجامێک، کۆبوونەوەی دواهەمینیان کە بەئاشکرا کراوە، کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگی ناوە و ڕەنگە زۆر لە مەسەلەکان گەیشتبنە چارەسەر، بەڵام یەکێک لە خاڵە گرنگەکان ئەوەیە یەکێتی لەنێوخۆیاندا یەک ڕایان هەبێ و نەبنە کۆسپ لەبەردەم ڕێککەوتنەکە.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەی کۆبوونەوەی دیکەیان لە پشتی کامێراکان کردبێ؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** من خۆم بۆچوونم وایە پێشتر زەمینە خۆشکراوە و ئاسانکاری کراوە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، دواهەمین کۆبوونەوەش هەموویان گەشبین بوون. پێشموایە کۆمەڵێک هەنگاویان نابێ.

**ڕووداو: پارتی و یەکێتی چ جۆرە ڕێککەوتنێک دەکەن کە جێگەی حیزبەکانی دیکەشی تێدا دەبێتەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** یەکێتی و پارتی لەم وڵاتە هەموو جومگەکانیان بەدەستەوەیە، لەڕووی ئابووری و سیاسی و سەربازی و تەنانەت جەماوەری و پەیوەندییەکان و ژێرخانی سەر زەوی و بن زەوی، تەنانەت کۆڕەک و ئاسایش کە بەئاسمانەوەن، ئەو دوو حیزبە بە گوێرەی مێژوویان و قورسایی خۆیان، هێز و ئاسایش و پۆلیسیان هەیە و دەتوان بڕیار بدەن و دواتر بانگی حیزبەکانی دیکەش بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک، بەڵام نەک بە بیرکردنەوەی 50 بە 50ی جاران، ئەگەر وا بیربکەنەوە زیانی لێدەکەن، دەبێ بە هاوبەشی پرۆژەیەک ئامادە بکەن و دواتر ئەو پرۆژەیە بخەنە بەردەم حیزبەکان، پرۆژەیەک بێ کە لایەنەکانی دیکەش پەسەندی بکەن. کێ پەسەندی دەکات بابفەرموێ و کێش پەسەندی ناکات، بڕیاری خۆی بەدەستی خۆیەتی.

**ڕووداو: بەڵام ڕەنگە ئاواش ئاسان نەبێ، بەپێی ڕێککەوتننامەی گۆڕان و یەکێتی، بەشێک لە یەکێتی دڵخوازی ڕێککەوتنەکە نەبوون، دیسان بەشێک لە یەکێتی وا دەردەکەوێ دڵخوازی نزیکبوونەوەی یەکێتی و پارتی نین، کەواتە ئەو دابەشبوونە جارێکی دیکە نابێتە کێشەی بەردەم ڕێککەوتنی دووەمی پارتی و یەکێتی؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** من پێموایە لەڕووی کاتەوە گۆڕانکاری دروستبووە، شەڕی داعش بەرەو کۆتایی چووە و پرسیاری ئەوە پەیدا بووە کە کێ بەرپرسە لەم وڵاتە؟ چۆن پارتی و یەکێتی لە 50%ی کارە چاکەکانی ئەم وڵاتە بەرپرسن، لە 50%ی کارە خراپەکانیش بەرپرسن، دەبێ خۆیان ئامادە بکەن بۆ قۆناغی نوێ کە لە عێراق و کوردستان دێتە پێشەوە. یەکێتی ناتوانێ بەوشێوەیەی ئێستا بەردەوامی بدات بەو دابەشبوونەی نێوخۆی، چونکە خۆشیان و کوردیش زیانی لێدەکەن.

**ڕووداو: لەو ڕێککەوتننامەیە پارتی و یەکێتی لەسەر شێوازی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغداش ڕێکدەکەون؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** بێگومان یەکێک لە خاڵەکان ئەوەیە، ئایا ئەم نەوتە دەدرێتەوە بە بەغدا یان نا.

**ڕووداو: تۆ لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەردەوام دەتگوت بەبێ ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی دۆخەکە هێور نابێتەوە، پێتوایە ئەمریکییەکان پشتیوانی لە ڕێککەوتنێکی وا بکەن؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** من کە دەڵێم یەکێتی و پارتی دەتوانن چارەسەری بکەن، هەر ئەوانیش دەتوانن تێکی بدەن. سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی گۆڕان لە حکومەت دەرکران، گۆڕان هیچی پێکرا؟ بێگومان نەخێر. بەڵام ئەگەر وەزیرێکی یەکێتی دەربکرایە، ئەوا یەکێتیش پارتی لە سلێمانییەوە دەناردەوە بۆ هەولێر، چونکە وەک پارتی هێز و ئاسایشی هەیە. وەک گوتم دەبێ ئەو دوو حیزبە پرۆژەیەکی هاوبەش ئامادە بکەن و لەگەڵ حیزبەکان گفتوگۆی بکەن، کێ پێی ڕازی نەبوو ئازادە.

**ڕووداو: کەواتە گۆڕانیش دەگەڕێتەوە بۆ هاوکێشەی یەکەم و لەگەڵ حیزبەکانی دیکە، لەوانەش دوو حیزبە ئیسلامییەکە ئۆپۆزسیۆنی هاوبەش دروست دەکەنەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** پێمواننییە ئەوکاتە هەرسێکیان پێکەوە کۆک بن لەسەر ئەوەی ببنە ئۆپۆزیسیۆن.

**ڕووداو: پێش هەڵبژاردنەکان گوتت ترەمپ دەیباتەوە و وا بردییەوە و ئێستا لە کۆشکی سپییە، تۆ ئەوە بەگۆڕانکاریی دەزانی لە سیاسەتی ئەمریکا، بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان و کورد؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** لە کوردستان میدیاکانی ئێمە بەردەوام بانگەشەیان بۆ هیلاری دەکرد، ئینجا شتەکان وا دەرنەچوون، خەڵکی ئەمریکا پیاوێکیان هێنایە سەر حوکم کە پێشتر سیاسەتی نەکردووە. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە ترەمپ کۆمەڵێک وەزیر و جەنەڕاڵ و ڕاوێژکاری هێناوەتە کۆشکی سپی کە زۆربەیان پێشتر لەم ناوچەیە بوون و شارەزای جوگرفیا و سیاسەت و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لەلایەکی دیکە، حیزبەکەی ترەمپ کە کۆمارییەکانە لە 8 ساڵی پێش ئۆباما گۆڕانکاری زۆریان هێنایە ئەم ناوچەیە، بۆیە من چاوەڕێ دەکەم زیاتر لە قۆناغی ئۆباما، سەردەمی ترەمپ زۆرتر بە قازانجی کورد بێ. بەڵێ من پێشتریش گوتم ترەمپ دەچێتە کۆشکی سپی.

> دەبێ پارتی و یەکێتی پێکەوە پرۆژەیەک ئامادە بکەن و بیخەنە بەردەم حیزبەکان

> پارتی و یەکێتی لەسەر پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغداش ڕێکدەکەون

> گۆڕان و دوو لایەنە ئیسلامییەکە وەک سەرەتا ناتوانن پێکەوە ببنەوە بە ئۆپۆزیسیۆن

> ترەمپ گۆڕانکاریی لەم ناوچەیە دروست دەکات

# ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ تاوتوێی پێشنیازەکانی پارتی کۆدەبێتەوە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت "کۆبوونەوە باشەکە"ی نێوان پارتی و یەکێتی لە هەولێر، ئاراستەیەکی لەنێو یەکێتی دروستکردووە کە داوای ڕێککەوتنی "50 بە 50" لەگەڵ پارتی دەکەن، بۆ دوا بڕیاریش چاوەڕێی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەکەن کە وا بڕیارە بەو نزیکانە بکرێ.

ڕۆژی 2017/1/11 لە شاری هەولێر و لە نووسینگەی نێچیرڤان بارزانی، دوو شاندی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە. ئەندامێکی شاندی پارتی دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو هەفتە بەسەر ئەو کۆبوونەوەیەدا بە (ڕووداو)ی گوت "لەو کۆبوونەوەیەدا هەستێکی وا دروست بوو کە پارتی و یەکێتی هیچ کێشەیەکیان نییە".

پارتی لەو کۆبوونەوەیەدا دەستی یەکێتی واڵا کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بە یەکێتی گوت کە پارتی ئامادەیە بێتە پێش. دوای کۆبوونەوەکە قوباد تاڵەبانی کە جێگری سەرۆکی حکومەتە، گوتبووی "کۆبوونەوەیەکی زۆر باشمان کرد".

پارتی لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیازی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی خستبووە بەردەم یەکێتی، یەکێتیش ئەم داوایەی پارتی ڕەتنەکردووتەوە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هەموو ڕێککەوتنێک بەناوی یەکێتی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە لەگەڵ پارتی بە "ناشەرعی" دەزانێ و دەڵێت "ئەگەر بەشێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی قسەیەکیان کردبێ لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی، ئەوە لای یەکێتی یەکلایی نەبووەتەوە". چونکە وەک ئەو گوتی "لە دەرەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی هیچ شتێک بەناوی یەکێتییەوە بڕیاری لەسەر نادرێ".

لای یەکێتی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ. یەکەمجار مەکتەبی سیاسی پێشنیاز دەکات، چونکە خۆی ناتوانێ هیچ بڕیارێکی کۆتایی بەناوی یەکێتییەوە بدات. بڕیاریش دەبێ لەنێو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بە دەنگی زۆرینە بێ، بۆ ئەوەی ببێتە بڕیاری فەرمیی حیزب.

## کۆبوونەوە داخراوەکەی یەکێتی

مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ پارتی، بەشێوەیەکی داخراو کۆبوونەوەیەکیان بۆ تاوتوێکردنی داواکاری و پێشنیارەکانی پارتی کردووە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە ئاگاداری بەشێکی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکێتی پێش بزووتنەوەی گۆڕان، ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی هەبووە و تاوەکو ئێستاش ئەو ڕێککەوتنە کاری پێدەکرێ. یەکێتی مەبەستێتی ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی پێشبخات".

ئەو بەرپرسە باڵایەی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتیشی "لە ئەولەویاتی کاری یەکێتی بۆ 2017 پێشخستنی ڕێککەوتنی ستراتیژییە لەگەڵ پارتی، بەڵام ئەوەی پێویستە ڕوونبکرێتەوە، یەکێتی ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی ناکاتە قوربانیی ڕێککەوتنی لەگەڵ گۆڕان. هەروەها ڕێککەوتنی لەگەڵ گۆڕانیش، ناکاتە قوربانیی ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت "یەکێتی لە یەک کاتدا دەستێکی بە پارتییەوە گرتووە بۆ ئیدارەکردنی حکومەت و دەستێکی دیکەی بە گۆڕانەوە گرتووە بۆ ئیدارەدانی سلێمانی".

ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان کە لە 2016/3/17 لە سلێمانی ئیمزا کرا، وەکو پێویست نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.

بێگەرد تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان کە ئاگاداری بەشێکی سەرەکی بڕیارەکانی حیزبەکەیەتی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پارتی داوایەکی قورسی لە یەکێتی کردووە "بەڵێ کە یەکێتی لەگەڵ پارتی کۆبووەوە، پارتی لەسەر مەسەلەی سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ یەکێتی قسەی کردووە کە ئەو پۆستە وەربگرێ، بەڵام هێشتا یەکێتی بڕیاری نەداوە".

پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و گۆڕان کە لە 2014/4/17 ئیمزا کرا، درایە بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام بەهۆی کەڵەکەبوونی ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و گۆڕان، پەرلەمان لەکار کەوت.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "تاوەکو ئێستا ئەو نیەتەم لەنێو یەکێتیدا نەبینیوە کە بەتەنیا لەگەڵ پارتی ڕێکبکەوێ. بەڵام لەهەمانکاتدا یەکێتی سیاسەت و بڕیاری خۆی هەیە".

## گەڕانەوەی هێرۆ ئیبراهیم

بڕیارە ڕۆژی 24 یان 2017/1/25 هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە بە سەفەرێک لە دەرەوەی کوردستانە، بگەڕێتەوە سلێمانی. هەروەها مەلا بەختیار لە ئەورووپا بگەڕێتەوە و مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆببێتەوە. بێگەرد تاڵەبانی دەڵێت "بڕیارە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیدا بڕیار لەسەر کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بدرێ بۆ ئەوەی تاوتوێی کێشەکان و داواکانی پارتی بکەین".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆچوونەکانی نێو یەکێتی پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزبەکەی ئاشکرا دەکات و دەڵێت "بۆچوونێکی زاڵ لەنێو یەکێتی لەئارادا نییە. بەڵام ئێستا دوو ئاراستە لە نێو یەکێتی هەیە: ئاراستەیەک هەیە داوا دەکات لەگەڵ پارتی هەموو شتێ 50 بە 50 بێ. ئاراستەی دووەم دەڵێن 50 بە 50 کۆتایی هاتووە و بەسەرچووە و هەر هەوڵێک بۆ ئەمە کات بەفیڕۆدانە و زیانی بۆ یەکێتی هەیە".



## ئیسلامییەکان کۆنفرانسێکی هاوبەش دەکەن

ڕووداو– هەولێر

ڕۆژی 2017/1/21 لە مەراسیمی کردنەوەی بارەگای نوێی حیزبەکەی لە قەزای کۆیە، سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئاشکرای کرد، لە چوارچێوەی پرۆژەی هاریکای نێوان ئیسلامییەکان، کۆنفرانسێک دەکەن. عەبدوڵڵا وەرتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەی لووتکەی ڕۆژی 2016/12/31 کە لە نێوان کەسی یەکەمی هەر سێ سەرکردە ئیسلامییەکە لە شاری سلێمانی بەسترا، بڕیار لە سەر بەستنی کۆنفرانسێکی فراوان لە نێوان ئیسلامییەکانی درا، بەڵام تاوەکو ئێستا میکانیزم و چۆنیەتی بەستنی ئەو کۆنفرانسە قسەی لەبارەوە نەکراوە.



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە ( 442 ) - دووشەممە 2017/1/23

لە بەڵگەنامەکانی "دەوڵەتی خەلافەت"ەوە

# داعش پۆلیسی خۆی لەسەر منداڵبازی، خواردنەوەی مەی و هاتوچۆی ماڵی لەشفرۆش سزا داوە

مەلۆ کاکەوەیس
ڕووداو– هەولێر




بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە داعش لە بەری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ لەدوای خۆی بەجێیهێشتوون، چەندین کاربەدەستی داعش لەسەر تاوانی ئابڕووبەری وەکو دەستبردن بۆ منداڵان، چوون بۆ ماڵەکانی لەشفرۆشی سزادراون. هەروەها لەنێو چەکدارانی داعشدا کەسانی مەشروبخۆر هەن و لەسەر خواردنەوەی مەی سزا دراون.

داعش لە حوزەیرانی 2014 شاری مووسڵی کۆنترۆڵ کرد و دەوڵەتی خەلافەتی تێدا ڕاگەیاند و دادگا و دامەزراوەی تایبەت بە خۆی تێدا دانا، بۆ سزادانی ئەوانەی پابەند نابن بە حوکمی ئیسلامییەوە بەپێی تێگەیشتنی داعش، بەڵام بەڵگەنامەکان دەریدەخەن چەکدارانی ئەو گرووپە خۆیان ئەو کارانەیان کردووە کە خەڵکی دیکەیان لەسەری بەتوندی سزا داوە.

بەپێی چەند بەڵگەنامەیەک کە دەست (ڕووداو) کەوتوون، داعش کەمتر لە مانگێک دوای کۆنترۆڵکردنی شارەکە، ژمارەیەک پۆلیسی خۆی لە کار دوورخستووەتەوە و هۆکاری بڕیارەکەش بۆ والی مووسڵ بەرز کراوەتەوە بە واژۆی ئەمیری پۆلیسی دەوڵەتی ئیسلامی.

هۆکارەکانی دوورخستنەوەی ئەو پۆلیسانە بریتی بوونە لە خواردنەوەی مەشرووب، منداڵبازی و هاتوچۆکردنی ماڵی لەشفرۆشان.

بەپێی بەڵگەنامەیەک کە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی بەری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ، لە دوای چەکدارانی داعش بەجێماوە، ڕۆژی 2014/7/24 چەکدارێکی داعش بەناوی جیهاد عەبدولجەبار کە کارمەندی پۆلیسی دەوڵەتی ئیسلامی بووە، لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، ئەوەش بەهۆی خواردنەوەی مەشرووب و هاتوچۆکردنی ماڵی لەشفرۆشان. لە ناوەڕۆکی نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ئەو پۆلیسەی داعش کۆمەڵێک سکاڵای لەسەر هەبووە.

هەروەها بەپێی نووسراوی ژمارە یەک کە لە ڕۆژی 2014/7/26 دەرچووە، داعش پۆلیسێکی خۆی بەناوی "شەوقی سەلاح مستەفا" ناسراو بە ئەبو هاجەر، پۆلیس لە کەرتی پەردەکان، لە کارەکەی دوورخستووەتەوە، دوای ئەوەی دەرکەوتووە گێچەڵی سێکسی بە منداڵان کردووە.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە 29ی ڕەمەزانی 1435 دەرچووە، داعش پۆلیسێکی خۆی بەناوی فوئاد عەبدولهادی حەمید (ئەبو حەنان) لە کارەکەی دوورخستووەتەوە، ئەویش لەبەر سێ هۆکار: "گومانی لێدەکرێ "ڕافزی" واتە شیعە بێ/ بینراوە کە پەیوەندی لەگەڵ کچان هەیە/ هەڵسوکەوتی خراپە".

### بیانییەکان لە داعش یاخی دەبن

لەگەڵ ڕاگەیاندنی "دەوڵەتی خەلافەت" لەلایەن داعشەوە، ژمارەیەکی زۆر چەکداری بیانی لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکاوە بە مەبەستی پاڵپشتیکردن لە داعش ڕوویان لە عێراق و سووریا کرد، بەڵگەنامەکانی داعش دەریدەخەن کە بەشێک لەو چەکدارە بیانیانە پەشیمانن و ئامادەنین شەڕ بۆ داعش بکەن.

لە ناوەڕاستی ئایاری 2014 بەغدادی فەرمانی دروستکردنی کەتیبەی (تارق کوڕی زیاد)ی بۆ چەکدارە بیانییەکان دەرکرد، ئامانج لێی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە بوو کە دەکەوتنە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ڕێکخراوەکە، پتر لە 90%ی ئەندامانی کەتیبەکەش بیانی بوون. چەکدارە بیانییەکان گەورەترین ڕۆڵیان هەبووە لە کۆنترۆڵکردنی چەند ناوچەیەکی گرنگ و بوونە هۆی فراوانبوونی سنوورەکانی داعش لە عێراق و سووریا.

بەغدادی ئەو کەتیبەیەی بۆ شەڕی دەرەوەی ڕەققە دروستکرد، پاشان ڕەوانەی مووسڵی کردن و ئەو کەتیبەیە خاوەنی کەسانی شارەزان لە بواری ئەلیکترۆنی و سەربازی، بەشێکی زۆری خۆکوژەکانی داعش لەخۆدەگرێت.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی کەتیبەی تارق کوڕی زیاد، ژمارەیەک لە چەکدارانی کەتیبەکە گوێڕایەڵ نین و پێچەوانەی بڕیارەکانی داعش هەڵسوکەوت دەکەن، زۆربەشیان ئامادە نین شەڕ بکەن. لە لیستەکەدا تەمەن و ساڵی لەدایکبوون و ژمارەی ژن و جۆری سەرپێچییەکەیان نووسراوە.

ئەبو فارسی فەرەنسی کە ناوی ڕاستەقینەکەی مەحموود خزر مەحموودە، ناوی لە لیستێکی 15 کەسیدا هاتووە کە کێشەیان هەیە.

ئەبو فارسی فەرەنسی لەدایکبووی 1980/1/1ی جەزائیرە و هەڵگری ڕەگەزنامەی فەرەنسییە، سێ ژنی هەبووە و خاوەنی 13 منداڵە. کێشەی ئەبو فارس ئەوە بووە کە ڕەتیکردووەتەوە شەڕ بۆ دەوڵەتی ئیسلامی بکات، بەڵام زەکاتی داوە و خولی شەرعی بینیوە.

جگە لە ئەبو فارس، ناوی پێنج فەرەنسی دیکەش لە لیستەکەدا هاتووە کە کێشەیان هەیە و ئامادەنین شەڕ بۆ داعش بکەن. یەکێک لەوان ئەبو موهاجیر فەرەنسییە کە دەڵێت شەڕ ناکات و حەز دەکات بگەڕێتەوە فەرەنسا. هەروەها چەکدارێکی دیکە بەناوی عەبدولوەدود فەرەنسی کە ڕەتیکردووەتەوە شەڕ بۆ داعش بکات، بۆیە لە زیندانە و پەیوەندی بە کەتیبەی تارقی کوڕی زیادەوە نەماوە.

ئەو 15 کەسە پێشتر ئامادەیی خۆیان نیشانداوە هەموو کارێک بۆ سەرخستنی داعش بکەن، 7 لەو کەسانەی لە لیستەکەدا ناویان هاتووە ژن و منداڵیان هەیە. جگە لەوەش زۆربەی ئەوانەی ناویان لە لیستەکەدا هاتووە، تەمەنێکی بچووکیان هەیە. بچووکترین چەکدار لەو لیستەدا کەسێکە بەناوی عەبدوڵڵای خوراسانی، لەدایکبووی 1995.

ئەبو موسا کۆسۆڤی، کە ناوی ڕاستەقینەی وێلمەر ئایات عوسمانە و لەدایکبووی 1992/10/6ی کۆسۆڤۆیە، لە خانەی تێبینی نووسراوە کە ڕەتیکردووەتەوە شەڕ بکات و دەیەوێت بچێتە شام. وەک لە وردەکارییەکاندا هاتووە، ئەبو موسا زەکاتی داوە و تەندروستی باشە و خولی سەربازی و شەرعی بینیوە. ساڵی 2015 پەیوەندی بە داعشەوە کردووە و لەسەر دەستی خوباب ئەلجەزراوی (سعودی) بەیعەتی بە ئەبووبەکر بەغدادی داوە و دەتوانێت دۆشکەی 14.5 و چەکی مامناوەندیش بەکاربهێنێ.

یەکێکی دیکە لە تۆمەتبارانی ناو لیستەکە، ئەبو موجاهید فەرەنسی، لەدایکبووی 1986ـە کە دوو ژنی هەیە و بەپێی بەڵگەنامەکە دەستی هەبووە لە دەربازکردنی عەززام فەرەنسی و ژنەکەی لە خاکی دەوڵەتی ئیسلامی.

تارق کوڕی زیاد لە ساڵی 91ی کۆچی لەسەردەمی خەلیفەی ئەمەوی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک، ئەندەلوس (ئیسپانیا و پورتوگال)ی گرت. ناولێنانی کەتیبەی بیانییەکانی نێو داعش بەناوی تارقی کوڕی زیاد ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە داعش بە تەنیا لە سووریا و عێراق نامێنێتەوە و دەیەوێ پەل بهاوێ بەرەو ئەورووپا، بەڵام خەریکە لە عێراق و شامیش وەدەردەنرێت و ڕۆژبەڕۆژیش سنووری جوگرافی خەلافەتەکەی بچووکتر دەبێتەوە.

لۆیک گارنییە، سەرۆکی دەستەی هاوئاهەنگی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری فەرەنسا دەڵێت "نزیکەی 3 هەزار هاووڵاتی ئەورووپی لەنێو داعشدان". کۆمەڵەی سۆفان کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە گرووپە جیهادییەکان و بارەگاکەی لە نیویۆرکە، ژمارەی بیانییەکانی نێو داعشی بەو شێوەیە بڵاوکردووەتەوە: تونس 6500 چەکدار، سعودیە 2500، ڕووسیا 2400 چەکدار، ئوردن 2250 چەکدار، تورکیا 2100 چەکدار، فەرەنسا 1700 چەکدار، مەغریب 1350 چەکدار، لوبنان 900 چەکدار، میسر 800 چەکدار و ئەڵمانیا 760 چەکدار.

# عەبادی و پەرلەمان لەسەر هەمواری یاسای لێبووردن ناکۆکن

پشتیوان جەمال
ڕووداو– سلێمانی

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و لیژنەکانی یاسایی و مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای لێبووردنی گشتی هاوڕا نین، دانیشتنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش ئەو پرسە یەکلایی دەکاتەوە. پەرلەمانتارێکی ئیسلامی دەڵێت ئەگەر هەموارکردنەوەکان بەدڵی عەبادی بن، بۆ داهاتووی عێراق مەترسیدارە.

یاسای لێبووردنی گشتی کە لە 16 ماددە پێکهاتووە، دوای ساڵێک لە گفتوگۆی نێو فراکسیۆنەکان و هۆڵی پەرلەمان، ڕۆژی 2016/8/25 لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند کرا و تائێستاش بە سەدان بەندکراو لێی سوودمەند بوون، بەڵام هەرزوو حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق داوای هەموارکردنەوەی کرد، جاری یەکەم داواکەی ڕەتکرایەوە، بەڵام لە دووەمجاردا پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد و ئەم هەفتەیەش لیژنەی یاسایی گفتوگۆی لەبارەوە دەکەنەوە، ئەگەر گەیشتنە ڕێککەوتن، پرۆژەی هەمواری یاساکە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرز دەکەنەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکەن.

ماددەی یەکەمی یاساکە دەڵێت، ئەو کەسانەی بەپێی یاسای تیرۆر دەستگیرکراون، بەڵام ئەگەر هۆکاری کوژران یان کەمئەندامبوونی کەس نەبوون، ئەوا لێبووردنی گشتی دەیانگرێتەوە، ئەمەش مشتومڕی زۆری دروستکردووە و حەیدەر عەبادی دەڵێت نابێ ئەو کەسانە بەر لێبووردنی گشتی بکەون.

زانا ڕووستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی:

**ئەگەر هەموارەکان بە دڵی عەبادی بن، بۆ داهاتووی عێراق مەترسیدارە**

ئەشواق جاف، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ:

**دژی هەمواری ماددەی ڕفاندنین، چونکە خەڵک هەیە بۆ سوڵح، موڵکی فرۆشتووە**

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەوەکان بە تایبەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و پاشانیش داعش، چەندین کەس بە تۆمەتی تیرۆر خراونەتە زیندانەوە. لە دوای پەلاماری داعش بۆ سەر شاری مووسڵ لە حوزەیرانی 2014، چەندین کەسی توندڕەو لە کاتی شەڕدا دەستگیرکراون، هەروەها لە ناوچە سوننەنشینەکانیش خەڵک بە تۆمەتی هاوکاریی گرووپە توندڕەوەکان دەستگیرکراوە.

زانا ڕووستایی پەرلەمانتاری لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت عەبادی داوای کردووە ئەو کەسانەی لە دوای 2014/6/10ەوە دەستگیرکراون، لێبووردنی گشتی نەیانگرێتەوە. ڕووستایی گوتی "مەبەستی عەبادی بەرتەسککردنەوەی مافی سوودمەندبوونە، هەموارکردنەکەش لەو ڕووەوە ڕەنگە نادادپەروەریی تێدا بێت، چونکە هەندێک کەس ڕەنگە بە تۆمەتی بێ بنەما زیندانی کرابن و دەرفەتی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەیان نەبووە و پێویستە دەرفەتی دیکەی دادگاییکردنیان پێ بدرێت".

ڕووستایی هۆشداری دەدات لە تێپەڕاندنی هەموارکردنی ماددەی یەکەمی یاساکە، وەک ئەوەی عەبادی داوای کردووە "ئەگەر هەموارکردنەکە بە دڵی عەبادی بێت مەترسیدار دەبێت، بەتایبەتی بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکانی ژێر دەستی داعش، چونکە ڕەنگە کەسانێک کە هیچ بەڵگەیەکیشیان لەسەر نەبێ، دەستگیر بکرێن، بۆیە لە ترسان خۆیان دەشارنەوە یان هەڵدێن".

بەڵام عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک کە ئەزموونێکی زۆری لە دەستگیرکردنی ئەندامانی گرووپە توندڕەوەکاندا هەیە، دەڵێت "هەر کەسێک بە بڕیاری دادگا دەستگیر دەکرێت تا 72 کاژێر ڕادەگیرێ. هەندێکیان لەو ماوەیەدا بە کەفالەت ئازاد دەکرێن، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆرتر لە زیندان بمێننەوە، یان لەلایەن دادوەرەوە بە تاوانی تیرۆر سزا بدرێن، بەدڵنیاییەوە بەڵگەیان لەسەرە، خەڵکانێک هەن پێشتر لای ئەمریکییەکان بوون و ئازاد کران، بەڵام دووبارە لە تیرۆرەوە تێوەگلاون".

عەمید سەرحەد دەڵێت ئەوان وەکو پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک، ساڵی ڕابردوو 85 کەسیان بە تۆمەتی تیرۆر لە کەرکووک و دەوروبەری دەستگیر کردووە، بەڵگەشیان لەسەر هەموویان هەیە کە لە تیرۆرەوە تێوەگلاون.

ماددەیەکی دیکەی یاسای لێبووردنی گشتی کە جێی مشتومڕە، تایبەتە بە ڕفاندن و دەڵێت: ئەو کەسانەی دۆسیەی ڕفاندنەکانیان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر سوڵحیان بۆ کرابێت، ئازاد بکرێن، بەڵام لە پرۆژەی هەموارکردنەکە داواکراوە ئەوانەی بەگشتی تۆمەتی ڕفاندنیان لەسەرە، لێبووردن نایانگرێتەوە.

ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دژی هەموارکردنی ماددەی ڕفاندنن بۆ ئەو دۆسیانەی سوڵحیان تێدا کراوە "چونکە هەندێک خێزان خانوو و موڵکیان بۆ سوڵح فرۆشتووە، یان قەرزیان بۆ کردووە، بەڵام ئەگەر ئەو ماددەیە هەموار بکرێت لەو کاتەدا بەندکراوەکە ئازاد ناکرێت و سوڵحەکەشیان هەڵدەوەشێتەوە".

ڕەنگە بۆ هەموارکردنی ئەو ماددەیەی یاساکە سوننە و شیعەکان، تەنانەت شیعەکانیش لەنێو خۆیاندا ناکۆک بن، ڕووستایی دەڵێت "کوتلەی عەبادی دەیانەوێت هەموارکردنەکە وەکو خۆی بڕوات، بەڵام کوتلەی سەدر و حەکیم دەیانەوێت لایەنی مرۆڤایەتی تێدا ڕەچاو بکرێت و لە بەرژەوەندی بەندکراواندا بێت، چونکە شیعەکان زۆر کەسیان بۆ پارە و کێشەی کۆمەڵایەتی ڕفاندووە و سوڵحیان کردووە، دەیانەوێت بەندکراوەکانیان ئازاد بکرێن". گوتیشی "سوونەکانیش دژی هەموارکردنی ئەو ماددەیەن کە پەیوەندی بە تیرۆرەوە هەیە، چونکە خەڵکانێکی زۆریان بەبێ بەڵگە دەستگیرکراون و لەو ڕووەشەوە سکاڵایان زۆر بۆ پەرلەمان بردووە".

سەبارەت بە هەڵوێستی فراکسیۆنە کوردییەکانیش، ڕووستایی گوتی "لە تیرۆردا سوڵح و تەنازول نییە، بەڵام بۆ ڕفاندنەکە وەکو لایەنی مرۆڤایەتی سەیری دەکەین، چونکە هەندێک کوردیش لە گرتووخانەکانی چەمچەماڵ و سوسێ بە تاوانی ڕفاندن دەستگیرکراون و سوڵحیشیان بۆ کراوە و داوای ئازادبوون دەکەن. پێمان باشە ئەگەر سوڵح بکرێت ئازاد بکرێن، چاوەڕێین بزانین ڕای عەبادی یان پەرلەمان سەردەکەوێت".

ئەو پەرلەمانتارە لە دۆسیەی ڕفاندنی کۆمەڵایەتیدا نموونەی سزادانی سێ برای شیعەی بۆ ماوەی 20 ساڵ باسکرد و گوتی لە دۆسیەیەکی کۆمەڵایەتیدا، ژنێک کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە، سێ برای ڕۆیشتوون هێناویانەتەوە، بەڵام مێردەکەی بە تۆمەتی ڕفاندن، سکاڵای لە دژی براکانی ژنەکەی تۆمار کردووە، دوای دەستگیرکردنیان، هەر یەکەیان بە 20 ساڵ بەندکردن سزادراون، ئێستا سوڵحیان کردووە و زاواکەیان لێیان خۆش بووە، بەڵام ئەوان ئازاد نەکراون. ڕووستایی دەڵێت "ئەگەر ئەو ماددەیە هەموار بکرێ، ئەو سێ برایە تاوەکو حوکمەکەیان تەواو نەکەن، ئازاد ناکرێن".

ئایدن مەعروف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی بۆ ڕووداو:

# نزیکترین و بەهێزترین پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانە



نێچیرڤانی بارزانی فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ لێکنزیککردنەوەی بەغدا و ئەنقەرە

تورکیا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر مورتاحە

یەکێتی خۆی بەدوور دەگرێت لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا

ئایدن مەعروف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی و سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو بەرەیە لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، تورکیا لە وجودی پەکەکە لە شنگال بێدەنگ نابێت و پەکەکەش بەبێ کێشە شنگال چۆڵ ناکات. ئایدن مەعروف لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) باسی دۆخی تورکمانەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێ چەندین پۆستیان لێ زەوت کراوە، هەروەها دەڵێت داوایان کردووە ژمارەی کورسییەکانی کۆتا لە 5 کورسییەوە بکرێنە 10 کورسی و لیوایەکیش بۆ تورکمانەکان دروست بکرێ.

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

داوامان کردووە تەلعەفەر بکرێتە پارێزگایەکی سەربەخۆ

پەکەکە لە مووسڵ بۆ بەرژەوەندی هەندێک دەوڵەت دەیەوێ گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیا بکات

بڕوا ناکەم پەکەکە بەبێ کێشە لە شنگال بکشێتەوە

**ڕووداو: ئامانجی کۆبوونەوەی شاندی باڵای تورکمانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەردۆغان و یەڵدرم چی بوو؟**

**ئایدن مەعروف:** سەردانێکی گرنگ بوو، چونکە یەکەمجارە شاندێکی باڵای هەموو لایەنە تورکمانییەکان سەردانی تورکیا بکەن لەگەڵ سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیرانی تورکیا کۆببنەوە. نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکە زیاتر پەیوەست بوو بە پەیوەندیی نێوان تورکیا و عێراق، بەرپرسانی باڵای تورکیا جەختیان لەسەر پشتیوانی و هاوکاریکردنی گەلی تورکمان لە هەموو ڕوویەک کردەوە و گوتیان کە ئامادەن لە دوای شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵ و تەلعەفەر، ناوچە تورکمانییەکان ئاوەدان بکەنەوە.

**ڕووداو: تا چەند سەردانەکەی ئێوە و بەرپرسانی دیکەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندی بەغدا و ئەنقەرەدا هەبوو؟**

**ئایدن مەعروف:** ئەگەر سەیری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تورکیا بکەین، دەبینین نزیکترین و بەهێزترین پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستانە، چ هەرێمی کوردستان چ تورکمانەکان بە تایبەتی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ لێکنزیککردنەوەی بەغدا و ئەنقەرە.

**ڕووداو: بەشێک لە چاودێران پێیانوایە ئاراستەیەک لە بەغدا هەیە نایەوێ تورکیا و عێراق پەیوەندییان ئاسایی بێت، ئێوە ئەم تێڕوانینەتان لە بەرپرسانی تورکیا بینی؟**

**ئایدن مەعروف:** تورکیا جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی عێراق لەلایەن سەرجەم پێکهاتەکان دەکاتەوە، بەلایەوە گرنگە هەموو لایەنەکان لە پرۆسەی سیاسی بەشداربن، هەروەها چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و تەلعەفەر و بوونی پەکەکە لە شنگال، مەخموور و کەرکووک کێشە و گرفتی لەنێوان ئەو دوو وڵاتە دروستکردووە، ئێستا هەردوولا تێگەیشتن و ڕێککەوتنیان بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەیە.

**ڕووداو: پەیوەست بە پەیوەندی تورکمانەکان و هەرێمی کوردستان تورکیا هیچ قسەیەکی تازەی هەبوو؟**

**ئایدن مەعروف:** ئەوان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان زۆر مورتاحن و پشتیوانی لە بەهێزبوونی پەیوەندی گەلی تورکمان و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەروەها داوایان کرد تورکمانەکان لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان و عێراق بەشداربن، ئێمەش پشتیوانیمان بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتری پەیوەندی هەولێر و ئەنقەرە دەربڕی. ئەوەی هەستمان پێکردووە، تورکیا وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئێرە دەکات نەک وەکو حیزب و پارێزگای هەولێر و دهۆک.

**ڕووداو: وجودی تورکیا لە سلێمانی لاوازە، ئێوە هەستتان بەوە نەکرد؟**

**ئایدن مەعروف:** تورکیا بە یەک پاکێج سەیری هەرێمی کوردستان دەکات، بڕوا ناکەم جیاوازی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بکات، پەیوەندییەکانیش زیاتر لەگەڵ هەولێرن بەو پێیەی پایتەختی هەرێمی کوردستانە. من وای دەبینم یەکێتی خۆی بەدوور دەگرێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، ئەنقەرە چۆن بایەخ بە هەولێر دەدات ئەوهاش دەیەوێ گرنگی بە سلێمانی بدات.

**ڕووداو: لە کۆبوونەوەتان لەگەڵ سەرۆککۆماری تورکیا، ڕاوێژکاری میتیش بەشدار بوو، لەبارەی حەشدی شەعبی و کۆنترۆڵکردنەوەی تەلعەفەر چ بڕیارێک درا؟**

**ئایدن مەعروف:** تەلعەفەر ناوەندێکی ستراتیژیی گرنگی گەلی تورکمانە لە عێراق، ئێمە چەندینجار جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە قبوڵ ناکەین هیچ هێزێکی تائیفی و مەزهەبی لە تەلعەفەر نزیک ببێتەوە یان بەشداری شەڕی ئازادکردنی ئەو شارە بکات. ئەو هێزە چەکدارانەی دەیانەوێ بێنە تەلعەفەر مەبەستی سیاسیان هەیە و زەرەر بە هاووڵاتیانی ئەم ناوچەیە دەگات و گۆڕانکاری دیمۆگرافی لەو ناوچانە ڕوودەدەن. بۆیە لە دوایین کۆبوونەوەی سەرۆک هۆزەکانی تەلعەفەر و عەبادیدا، وا ڕێککەوتن کە تەنیا سوپا و پۆلیسی تەلعەفەر بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە بکەن، بەدڵنیاییەوە تورکیاش ڕۆڵی لەوەدا هەبوو حەشدی شەعبی لە تەلعەفەر نزیک نەبێتەوە.

**ڕووداو: داخوازی تورکمانەکان لەسەر ئایندەی مووسڵ چییە؟ ئێوە هیچ پرۆژەیەکتان لەگەڵ هەولێر، بەغدا و ئەنقەرە باس کردووە؟**

**ئایدن مەعروف:** هیچ ڕێککەوتنێکی پێشوەختە لەسەر دیاریکردنی ئایندەی مووسڵ نەکراوە، بەڵام هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و کارگێڕی لە مووسڵ بکرێت ئێمە داوا دەکەین گەلی تورکمان ڕۆڵێکی کارایان تێدا هەبێت، هەروەها تەلعەفەر بکرێتە پارێزگایەکی سەربەخۆ، لەسەر بنەمای نەتەوەیی تورکمان بێت نەک مەزهەب، چونکە هەندێک لایەنی ئیقلیمی هەیە دەیەوێ دابەشکردنی ناوچەکە لەسەر بنەمای تائیفی و مەزهەبی بێت، ئێمەش ئەمە قبوڵ ناکەین.

**ڕووداو: هەر لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا هەستتان بەهیچ نیەتێکی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە شنگال لە دژی پەکەکە کرد؟**

**ئایدن مەعروف:** ئێمە پەکەکە وەکو حیزب قبوڵ ناکەین، پەکەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قبوڵ نەکراوە. پەکەکە لە مووسڵ دەیەوێ بۆ بەرژەوەندی هەندێک دەوڵەت و لایەنی ئیقلیمی بە مەبەستی سیاسی گۆڕانکاری لە دیمۆگرافیای ئەو ناوچانەدا بکات. پەکەکە هۆکارێکە لە تێکچوونی پەیوەندیی نێوان بەغدا و ئەنقەرە، هەروەها بوونەتە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان. ئێمە وای دەبینین مادام پێشمەرگە لە شنگال و ئەو ناوچانە هەیە و سەرجەم پێکهاتەکان دەپارێزێت، هیچ پێویست بە وجودی پەکەکە ناکات، پەکەکە هۆکارێکە بۆ ناسەقامگیریی سیاسی.

**ڕووداو: دوای ڕێککەوتنی تورکیا و عێراق، چارەنووسی پەکەکە لەو ناوچانە چی دەبێت؟**

**ئایدن مەعروف:** کشانەوەی سوپای تورکیا لە خاکی عێراق بەبێ بەرامبەر نییە، بڕواش ناکەم پەکەکە بە ئاسانی و بەبێ کێشە لە شنگال بکشێتەوە، بەڵکو دەیانەوێ گرژی و ئاڵۆزی دروستبکەن، تورکیاش لە بوونی پەکەکە لە شنگال بێدەنگ نابێت، ئەمەش مافێکی سرووشتیی خۆیەتی ئاسایشی خۆی بپارێزێت. بەڕاستی بوونی پەکەکە لە شنگال، مەخموور و کەرکووک هەڕەشە لە پەیوەندیی هەولێر، ئەنقەرە و بەغدا دەکات. وەکو تورکمان نامانەوێ هیچ گرژی و ئاڵۆزییەک لەو ناوچانە دروست ببێت، بەڵکو پێویستە بە ڕێگای سیاسی چارەسەری ئەو پرسە بکرێت.

**ڕووداو: هەست ناکەن بەرەی تورکمانی وجودی پەکەکە لە کەرکووک زیاد لە پێویست گەورە دەکات بۆ تووڕەکردنی تورکیا؟**

**ئایدن مەعروف:** بوونی پەکەکە لە کەرکووک بە پێویست نازانین، پێشمەرگە لە کەرکووک سەرجەم پێکهاتەکان دەپارێزێت.

**ڕووداو: کەواتە بۆچی ئەرشەد ساڵحی سەرۆکی بەرەی تورکمانی داوای هێزی لە عەبادی کردبوو ڕەوانەی کەرکووکی بکات؟**

**ئایدن مەعروف:** بۆ ڕزگارکردنی حەویجە بوو نەک بۆ کەرکووک.

**ڕووداو: چەند جارێک داوای دروستکردنی هێزی تایبەتی تورکمانیتان کردووە، مادام پێشمەرگە لە کەرکووک هەموو پێکهاتەکان دەپارێزێت، هێزی سەربازیتان بۆ چییە؟**

**ئایدن مەعروف:** بۆ تورکمان گرنگە هێزی سەربازیی خۆی هەبێت پارێزگاری لە سەروماڵی تورکمانەکان بکات، لە حوزەیرانی 2014 کاتێک داعش مووسڵ و ناوچە تورکمانییەکانی داگیر کرد، هیچ هێزێک نەبوو بەرگرییان لێبکات.

**ڕووداو: مووسڵ و کەرکووک جیاوازن، لە کەرکووک پێشمەرگە هەیە بۆچی پێویستتان بە هێز هەیە؟**

**ئایدن مەعروف:** تورکمان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ناوچەکەن بۆچی هێزی نەبێت؟ حەشدی شەعبی بە ڕێککەوتن لەگەڵ پێشمەرگە هاتوونەتە کەرکووک، چ کێشەیەک هەیە ئەگەر تورکمانیش هێزی هەبێت؟ ئەگەر سەیری هاتنی شاندی وڵاتانی بیانی و ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕی داعش بکەین، لەبەرئەوەی تورکمان هێزی نییە، دەبینین ئامادەبوونمان نییە، ئەوانەی هێزیان هەیە، بڕیاری سیاسیشیان هەیە، بەڵام ئەو پێکهاتەیەی هێزی نییە پشتگوێ خراوە.

**ڕووداو: بۆچی وەکو عەرەبەکانی ڕەبیعە داوای دامەزراندنی هێزێک لە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە ناکەن؟**

**ئایدن مەعروف:** کردوومانە، پێش دوو ساڵ لە سەردەمی کاک مستەفای سەید قادر داوای دامەزراندنی لیوایەکمان کرد کە هەزار و 500 چەکدار لەخۆ بگرێت، بەڵام بابەتەکە پشتگوێ خرا. داواشمان لە حکومەتی عێراق کرد، ئەوانیش هیچ هەنگاوێکیان نەهاوێشت.

**ڕووداو: هەر لە کەرکووک دەمێنینەوە، بۆچی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا دوودڵن؟**

**ئایدن مەعروف:** حەویجە گەورەترین قەزای کەرکووکە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی داعشدایە، ئێمە پێمانوایە دوای ئازادکردنی حەویجە ئەوکات گرنگە باسی هەڵبژاردن بکرێت، هەتا داعش لە مووسڵ، تەلعەفەر و حەویجە بێ، زەحمەتە هەڵبژاردن بکرێت، چونکە سەقامگیری سیاسی و ئەمنی نابێت و ئەگەری تەزویر زۆرە و نزیکەی ملیۆنێک ئاوارە هاتوونەتە کەرکووک. جگە لەوە، لەم دۆخە زەحمەتە پێکهاتەکان بگەنە ڕێککەوتن.

**ڕووداو: هەر سێ پێکهاتەکەی کەرکووک ڕێککەوتنیان لە نێوانیاندا هەیە، بۆچی دووبارە پرسی ڕێککەوتن لە کەرکووک دەورووژێننەوە؟**

**ئایدن مەعروف:** ڕێککەوتنی پێکهاتەکانی کەرکووک لەگەڵ نەخۆشکەوتنی مام جەلال پەکیکەوت، مام جەلال زۆر لە خەمی کەرکووک و پێکهاتەکانیدا بوو. ئەو پێکەوەژیانەی ئێستای کەرکووک لە سایەی مام جەلالە، بەڵام یەکێتی لە دوای مام جەلالەوە لە ئاستی پێویستدا نەبووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک.

**ڕووداو: پێتانوایە یەکێتی کە باڵادەستە لە کەرکووک، خۆی لە ڕێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەی 32% لە نێوان کورد، تورکمان و عەرەب، دەدزێتەوە؟**

**ئایدن مەعروف:** بەڵێ یەکێتی دەسەڵاتدارە لە کەرکووک و ڕێککەوتنەکە جێبەجێ ناکات. هیوادارین یەکێتی لە کەرکووک سیاسەتی مام جەلال پەیڕەو بکات، بۆ نموونە دوو ساڵە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە مافی تورکمانە و بەرەی تورکمانی کاندیدی پێشکەش کردووە، بەڵام ئەو پۆستە ڕادەستی تورکمان ناکرێت.

**ڕووداو: بەڵام لایەنە کوردستانییەکان تورکمان بە کەمتەرخەم دەزانن و دەڵێن لەسەر یەک کاندید ڕێکناکەون؟**

**ئایدن مەعروف:** نەخێر ئێمە یەک کاندیدمان هەیە ئەویش بەڕێز عەلی مەهدییە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانییە و ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکە، بەڵام لایەنە کوردییەکان ڕێککەوتنەکە جێبەجێ ناکەن.

**ڕووداو: ساڵی ڕابردوو دوای 11 ساڵ سەرۆکی بەرەی تورکمانی و سەرۆکی پارتی کۆبوونەوە، ئێوە کێشەکانتان لەگەڵ پارتی کە پێشتر هەبوون، چارەسەر کرد؟**

**ئایدن مەعروف:** پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی زۆر باشە، ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی پێشتر هەبوو ئێمە بە حاڵەتێکی تایبەتمان داناوە، بەڵام کۆمەڵێک کێشە کە پەیوەندییان بە ماف و ئیمتیازاتی گەلی تورکمان لە هەرێمی کوردستان هەیە، ماون. لە کابینەی هەشتەم بڕیار درا دەستەیەکی تایبەت بە کاروباری تورکمان بە پلەی وەزیر، ڕاوێژکارێک لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاروباری تورکمان و هەروەها بەڕێوەبەری خوێندنی تورکمانی لە وەزارەتی پەروەردە کە 7 ساڵە ئەو پۆستە بەتاڵە، لەگەڵ پۆستی جێگری پارێزگاری هەولێر، دابنرێن. بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو پۆستانە نەدراون بە ئێمە.

**ڕووداو: تا چەند ئەو قسەیە ڕاستە کە وەزیری داد لە کابینەی هەشتەم بەبێ پرس و ڕاوێژی تورکمانەکان دانراوە؟**

**ئایدن مەعروف:** مامۆستا سینان چەلەبی، وەزیری داد بە پرس و ڕاوێژی ئێمە لەو پۆستە دانراوە و ئێمە پشتیوانیی دەکەین، بەڵام وەزارەتەکە بەبێ پرسی ئێمە دیاریکرابوو، گەلی کورد و تورکمان زۆر نزیکن، ئێمە بەشداریی شکڵی قبوڵ ناکەین، ئێمە لە بڕیاری سیاسی، پێشوازی و چوونی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتان بەشدار نین، بۆیە دەبێ گەلی تورکمان وەکو گەلێکی ڕەسەن و دووەم پێکهاتەی هەرێمی کوردستان تەماشا بکرێ.

ڕێککەوتنی پێکهاتەکانی کەرکووک پاش نەخۆشکەوتنی مام جەلال پەکیکەوت

کورد لە کەرکووک ڕێککەوتن جێبەجێ ناکات

لە دیاریکردنی وەزارەتی داد بۆ تورکمان پرسمان پێ نەکراوە

**ڕووداو: خەڵک و لایەنەکان پرسیاریان هەیە کێ نوێنەرایەتی گەلی تورکمان دەکات؟**

**ئایدن مەعروف:** بە زۆری بەرەی تورکمانی نوێنەرایەتی گەلی تورکمان دەکات، ئەو لایەنە نوێنەرایەتی گەلی ئێمە دەکات کە بە ئیرادەی خۆی سیاسەت دەکات و بڕیار دەدات.

**ڕووداو: بەڵام لە هەڵبژاردنەکان ئێوە لە کۆی 5 کورسیی کۆتای تورکمانەکان، یەک کورسیتان هێناوە؟**

**ئایدن مەعروف:** ڕاستە، بەڵام ئێمە نیگەرانین لە دەستکاریکردنی نوێنەرانی تورکمان لە هەڵبژاردنەکان، داوا دەکەین لایەنە سیاسییە کوردییەکان کۆتا لە بەرژەوەندی خۆیان بەکارنەهێنن. جگە لەوە بۆ زیاتر بەشداری گەلی تورکمان لە پرۆسەی سیاسی داوامان کردووە ژمارەی کورسییەکانی کۆتای تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان بکرێتە 10 کورسی. دەبێ دەستێوەردان لە دیاریکردنی پەرلەمانتاری تورکمان نەمێنێ، ئاساییە چەند هەزار دەنگێکی گەلی کورد بۆ تورکمان بێت، بەس ئاسایی نییە لە دهۆک 20 هەزار دەنگ بۆ کاندیدێکی تورکمان بچێت.

**ڕووداو: لە ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، تورکمانەکان و بەتایبەتی بەرەی تورکمانی ڕۆڵی چی دەبێت؟**

**ئایدن مەعروف:** ئێمە پشتیوانی لە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، لە کاتێکی گونجاودا بوو، بەدیلێکی دیکە نییە و پێویستە ڕێککەوتنێکی بەرفراوانتر لە نێوان سەرجەم لایەنەکان واژۆ بکرێت، شتێکی گرنگ هەیە، بەبێ گۆڕان هیچ ڕێککەوتنێک سەرکەوتوو نابێت، هەروەها بەبێ پارتی و یەکێتیش هیچ ڕێککەوتنێک نابێت، چونکە ئەو سێ لایەنە هێزی کاریگەر و سەرەکی هەرێمی کوردستانن.

**ڕووداو: لە ڕۆژنامەیەکی سەر بە بەرەی تورکمانی، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەردانی سەرۆکوەزیرانی تورکیا ناوی هەرێمی کوردستان بە شیمال عێراق هاتبوو، ئەمە هێشتا سیاسەتی ئێوەیە لە ناوبردنی هەرێمی کوردستان؟**

**ئایدن مەعروف:** نەخێر بەدواداچوونمان بۆ ئەو پرسە کرد، دەرکەوت ئەو ڕۆژنامەنووسە لە سەرچاوەیەکی دیکەوە هەواڵەکەی گواستبووەوە، ئەگەرنا ئێمە ناوی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنین و لە پرۆسەی سیاسی و پەرلەمانی کوردستان بەشدارین، دەستەواژەی باکووری عێراق بەکارناهێنین ئەو بابەتەش زیاد لە پێویست بۆ موزایەدە گەورە کرا.

داوامان کردووە ژمارەی کورسیە کۆتاکانی تورکمان بکرێتە 10 کورسی

داوای دامەزراندنی لیوایەکی تورکمانمان لە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە

## بارزانی و شۆڕشی ئەیلول لە بەڵگەنامەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکادا:

# شای ئێران دوای رێککەوتنی جەزایر بۆی دەرکـ

رووداو – هەولێر

رۆژی چوارشەممەی رابردوو ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمریکا ناسراو بە CIA نزیکەی 13 ملیۆن لاپەڕە دۆکیومێنتی ئاژانسەکەی بەشێوەی ئۆنلاین بڵاوکردەوە کە بەشێکیان تایبەتن بە کورد و بە تایبەتی شۆڕشی ئەیلول.

ئەم ئەرشیفەی کە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا بڵاوی کردوونەتەوە، 800 هەزار فایل لەخۆدەگرێت. ئەم فایلانە پێشتر لە ئەرشیفی نیشتمانیی ئەمریکا لە ماریلاند بەردەست بوون، بەڵام ئەوە یەکەمجارە بەشێوەی ئۆنلاین بخرێنە بەردەست.

دۆکیومێنتەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا نامە و نووسراوەکانی هێنری کیسنجەر، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ئیدارەی ریچارد نیکسن و جێراڵد فۆرد (دوو سەرۆکی پێشووی ئەمریکا)، سەدان هەزار لاپەڕە شیکردنەوەی هەواڵگری و توێژینەوەی زانستی لەخۆدەگرن.

گەورەیی قەبارەی و ژمارەی دۆکیۆمێنتەکان وادەکەن نەک هەر گەڕان و دۆزینەوەی زانیاری هەستیار لەسەر پرس و کەسایەتییەکان کارێکی قورس بێت، بەڵکو هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی پۆلێنکردنیان کارێکی ئاسان نەبێت. بۆ ئەم راپۆرتە، کە لەسەر رووداوەکانی پەیوەندیدار بە شۆڕشی کوردی لە پەنجاکان هەتا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو چڕکراوەتەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە چەند پۆلێنێکی جیاواز دەبەسترێت کە لە درێژەی راپۆرتەکەدا دەردەکەوێت: لەوانەش نامەکانی نێوان بارزانی و کیسنجەر، نیگەرانیی بارزانی، نیگەرانیی وڵاتانی ناوچەکە (بە تایبەتیش تورکیا)، هەڵوێستی رووسیا لە کێشەی نێوان کورد و حکومەتی عێراق و هتد.

### بارزانی، کیسنجەر و محەممەد رەزا شا

بەشێکی بەرچاو لە بەڵگەنامەکان پەیوەندییان بە گۆڕانکارییەکانی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە هەیە کە تێیدا شەڕ و پێکدادانی قورس لە نێوان هێزە کوردییەکان و سوپای عێراقدا لەئارادا بوو. ئەم دۆکیۆمێنتانە نامەکانی مەلا مستەفا بارزانی بۆ کیسنجەر، محەممەد رەزا شای پەهلەوی، شای ئێران و نامە و راپۆرتەکانی ئەوکاتی باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران لەخۆدەگرێ.

### رێککەوتنی جەزائیر.. نائومێدکردنی کورد

لە ئاداری 1975 ئێران و عێراق رێککەوتننامەی جەزائیریان واژۆ کرد کە لە روانگەی ئێرانەوە بۆ چارەسەری کێشە سنوورییەکانی رووباری "شەتولعەرەب" یان "ئەروەندروود" بوو، لە روانگەی عێراقیشەوە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و پێکدادانی سوپای عێراق لەگەڵ هێزە کوردییەکان بوو. لە 10ی ئاداری هەمان ساڵ، مەلا مستەفا بارزانی نامەیەک بۆ کیسینجەر دەنێرێت کە تێیدا ئاسەوارەکانی رێککەوتنی جەزائیر لەسەر بزووتنەوەی کوردی بەڕوونی دەردەکەوێت. نامەکە لەلایەن باڵیۆز هێلمز (باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران) بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نێردراوە.

هێڵمز لە پێشەکی نامەکەدا نووسیویەتی "تکایە ئەم نامەیە تێپەڕێنن کە هەر کەمێک پێش ئێستا (ناوی وەرگری نامەکە سڕدراوەتەوە) لە ژەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانییەوە بەدەستی گەیشتووە".

لە نامەکەی بارزانیدا دوو ئاسەواری سەرەکیی رێککەوتننامەی جەزائیر دەردەکەوێت: کە یەکەمیان چڕکردنەوەی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچە کوردییەکان و دووەمیان داخستنی سنوور لەلایەن ئێرانەوە بووە. بۆیەش بارزانی لە نامەکەیدا نووسیویەتی: "بزووتنەوە و گەلی ئێمە وا بەشێوازێکی بێوێنە لەناو دەبردرێت و هەموو لایەنەکانیش بێدەنگن. ئێمە هەست دەکەین ئەمریکا بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و سیاسی بەرامبەر بە گەلی ئێمە هەیە، کە پابەند بوون بە سیاسەتەکانی حکومەتەکەی ئێوە".

لە نامەکەدا بارزانی بۆ دوو مەسەلە داوای هاوکاری لە ئەمریکا کردووە، یەکەمیان: "وەستاندنی هێرشەکانی سوپای عێراق و رێگەخۆشکردن بۆ گفتوگۆی نێوان ئێمە و عێراق، بۆ ئەوەی بە چارەسەرێک بگەین بۆ خەڵکەکەی خۆمان، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت کەرامەتی خۆمان بپارێزین". داوای دووەمی بارزانی ئەوە بووە ئەمریکا کاریگەری و نفوزی خۆی لەسەر ئێرانییەکان بەکاربهێنێت "بۆ ئەوەی لەم ساتەوەختە تراژیدی و ناخۆشەدا یارمەتی خەڵکی ئێمە بدەن". وەک لە نامەکەدا دەردەکەوێ مەبەستی بارزانی لەو داوایە ئەوە بووە ئێران لەسەر سنوورەکانی خۆی رێگە بە هاتوچۆی پێشمەرگە بدەن، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە "بژێوییەک بۆ خۆیان پەیدا بکەن" و لەلایەکی دیکەشەوە بتوانن درێژە بە "چالاکییە پارتیزانییەکانیان" بدەن، ئەمەش "هەتا ئەو کاتەی کێشەی ئێمە لە چوارچێوەی گشتیی رێککەوتنەکەی نێوان ئێران و عێراق چارەسەر دەبێت".

باڵیۆزی ئەمریکا لەسەر نامەکەی بارزانی تێبینییەکی نووسیوە کە تێیدا هاتووە: "مادام پەرێشانی و دڵشکاویی بارزانی هێندەی پەیوەندی بە ئێرانییەکانەوە هەیە، هێندە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، لای خۆمەوە حەز دەکەم پەیامێکی ئارامیبەخش بۆ ئەو (واتە بۆ بارزانی) بنێرن، ئەگینا، یان بەهەر حاڵ، رووبەڕووی کاردانەوەیەکی گشتیی ناخۆش دەبینەوە کە رەنگە بتوانین رێگەی لێ بگرین. پێشنیازیش دەکەم هاریکارییە داراییەکان بەم رێژەیەی ئێستا بۆ کوردەکان بەردەوام بێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەم هاریکارییە زانیاریمان لەسەر رەوشی کورد و عێراق دەستدەکەوێت، داواکارین ئەمە لە چەند رۆژی داهاتوودا بگات".

دوو ساڵ دواتر، لە مانگی شوباتی 1976، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا، رۆژنامەنووسێک پرسیاری لە کیسینجەر کرد "ئایا ئەمریکا خۆی وای لە کوردەکان نەکرد چاوەڕێی هاوکاریی ئەمریکا بکەن، کەچی دواتر ئەمریکا خۆی خیانەتی لێکردن؟". وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە وەڵامی ئەم رۆژنامەنووسەدا گوتی: "ئەمە سەرتاپای هەڵەیە، بەڵام مەحاڵیشە لە حاڵەتێکدا کە ئۆپەراسیۆنی نهێنی هەیە راستییەکان بخەینەڕوو، بێ ئەوەی کێشەی زیاتر دروست بکەین، بەڵام ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵمان زۆر نابەرپرسیارانەن". لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەش کە بەپێی لێکۆڵینەوەکانی کۆمیتەیەک سیاسەتەکانی کیسینجەر بووەتە هۆکاری "کۆمەڵکوژکردنی کورد"، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تەنیا ئەوەندە وەڵامەی داوەتەوە کە کۆمیتەی پایک لەنێو راپۆرتەکەی خۆیاندا "زانیاریی نهێنییان بەکارهێناوە" و زانیارییە نهێنییەکانیش "بە شێواوی" بەکارهێنراون.

وەک لە نامەکەی بارزانیدا دەردەکەوێت، ئەو نامەیەکی دیکەی بە وردەکارییەوە بۆ شای ئێرانیش ناردووە. بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا، شای ئێران لە دۆخێکدا بوو کە هەستی دەکرد حکومەتی عێراق کڵاوی ناوەتە سەری. پێنج رۆژ پاش ئەم نامەیە، واتە لە 15ی ئاداری 1975 دا، دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا لە راپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە "بەڵگەکانمان ئاماژە بەوە دەکەن شای ئێران پێیوابووە بەغدا رازی بووە بارودۆخە سەربازییەکەی نێوخۆی عێراق (واتە هێرش بۆ سەر ناوچە کوردییەکان) بەشێوەیەکی کاتی بوەستێنێ. باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران بڕوای وایە شای ئێران پێشبینی ئەوەی نەکردبوو کە حکومەتی عێراق لە دوای رێککەوتنەکە دەمودەست هێرشە سەربازییەکەی دەست پێبکات.


IRAN-IRAQ: MOVING FORWARD

Both Tehran and Baghdad appear determined to make a serious effort to implement the comprehensive accord that the Shah of Iran and Iraqi strong man Saddam Husayn Tikriti reached earlier this month in Algiers. Iraq's Kurdish rebels, deprived of essential Iranian aid by the accord, are striving to cope with the new realities before the cease-fire arranged last week runs out on April 1.

Barzani

Although occasional clashes between Iraqi and Kurdish forces have occurred since the two sides publicly acknowledged the cease-fire on March 13, Baghdad has halted the massive offensive it had launched right after the Algiers accord was announced. The lull in the fighting paved the way for the foreign ministers of Iran and Iraq to meet in Tehran last weekend, as scheduled, to start implementing the provisions of the accord aimed at settling the border problems that have long disturbed relations between the two countries. On March 17, the ministers signed a protocol setting up joint committees to deal with land borders, river borders, and the infiltration of "saboteurs." The ministers agreed to meet periodically—under Algerian auspices—to review bilateral relations.

The Shah, clearly embarrassed by the Iraqi military offensive against the Kurds, played the key role in arranging the truce. Iraqi government statements said the Shah had requested the cease-fire to give him time to implement the accord and to inform the Kurds they could no longer count on his support. Baghdad has offered a general amnesty to all Kurds who defect from rebel leader Barzani's forces before April 1. The Iranians have agreed to allow additional Kurdish refugees to enter Iran this month, but have indicated they will close the border when the truce expires.

Baghdad, for its part, seemingly intends to mop up the Kurds after April 1, when the grace period expires. The Baath Party newspaper has "categorically and unequivocally" ruled out any negotiations with Barzani; the army is apparently preparing for a new offensive in the hope of ending the Kurdish problem once and for all. When the cease-fire expires, Baghdad probably will again appeal to refugees to return—on the government's terms—and may reaffirm its intention to carry out the program for limited Kurdish autonomy that Barzani rejected at the outset of the fighting a year ago.

25X1

SECRET

Page 20 WEEKLY SUMMARY Mar 21, 75

**21ی ئازاری 1975**
**راپۆرتی (CIA) لەبارەی چۆنێتی جێبەجێکردنی رێککەوتنی جەزائیر لە لایەن ئێران و عێراق.**
**لەم بەڵگەیەدا باس لەوە دەکات کە شا هەستی کردووە سەدام هەڵیخەڵەتاندووە.**

باڵیۆزخانەی ئەمریکا هەروەها بڕوای وایە شای ئێران هەست بە شەرمەزاری دەکات، بەڵام بێدەنگی هەڵبژاردووە، چونکە ئەگەر وانەکات وەکوو دانپێدانانە بەوەی سەدام حوسێن تکریتی فێڵی لێکردووە".

لە راپۆرتەکەدا هەروەها هاتووە "بەغداش روونکردنەوەی داوە کە رێککەوتنی ئەوان لەسەر ئاگربەست هەنگاوی یەکەم نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ بارزانی لەسەر چارەسەری سیاسیی دانوستاندن بکەن و دواجاریش خۆی لە ئۆتۆنۆمیدا بۆ کورد ببینێتەوە... ئاگربەستەکە تەنیا بۆ ئەوە رێکخراوە کە دەرفەتی خۆبەدەستەوەدان بە چەکدارەکان (واتە پێشمەرگە) بدەن".

هەمان خاڵ لە راپۆرتێکی دیکەی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا لە یەکی ئاياری 1975دا باسکراوە. لەو راپۆرتەشدا هاتووە، شای ئێران پێیوابووە سەدام حوسێن بەڵێنی داوە هێرشە سەربازییەکان بۆ سەر کوردستان رابگرێت و "رەنگە دانوستاندن لەگەڵ کوردیش دەستپێبکات". لە راپۆرتێکی هەواڵگریی ئەمریکاشدا ئەوە خراوەتەڕوو کە شا داوای لە حکومەتی عێراق کردووە ئاگربەست لەگەڵ کورد رابگەیەنێت بۆ ئەوەی "کاتی جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی لەبەردەست بێت و بتوانێ بە کوردەکانیش بڵێ چیدی پشت بە هاوکارییەکانی ئەو نەبەستن".

## بارزانی لە ساڵی 1950دا بەنهێنی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە گەڕاوەتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان

## باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران شەڕی سوپای عێراق لەدژی کورد لەساڵی 1974دا بە جینۆساید ناودەبات

### هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤیەت

بەگوێرەی زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا، یەکێتیی سۆڤیەت بە هیچ شێوەیەک لە لێکنزیکبوونەوەی ئێران و عێراقدا دەستی نەبووە "هەر بۆیە مۆسکۆ هەستێکی نادیاری بەرامبەر بە ئاکامی رێککەوتنی جەزائیر هەبووە". سۆڤیەت بەردەوام پاڵپشتی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان تاران و بەغدا و پێدانی ئۆتۆنۆمی (لەسەر مۆدێلی کۆمارەکانی سۆڤیەت) بە کورد دەربڕیبوو، بەڵام رێککەوتنی جەزائیر کۆمەڵێک مەترسیشی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەت و حکومەتی عێراق دروستکردبوو.

بە گوێرەی راپۆرتێکی مانگی نیسانی 1976ی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا "کریملین نیگەرانی دەربڕیوە بەرامبەر دوورکەوتنەی بەغدا لە خولگەی سۆڤیەت". لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە "سۆڤێتیەکان نیگەرانن لەوەی ئاساییبوونەوەی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و تاران و تێکشکانی سەرهەڵدانی کورد لە دوای رێککەوتنەکەی پارساڵی جەزائیر بوونەتە هۆی ئەوەی بەغدا وەک جاران پشت بە پێداویستیی سەربازیی سۆڤیەت نەبەستێ".

### پێش رێککەوتننامەی جەزائیر

بەڵگەنامەکانی چەند ساڵی پێش رێککەوتنی جەزائیر، لەسەر هاوکارییەکانی ئەمریکا و شای ئێران بۆ بزووتنەوەی کورد، هاوکارییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ حکومەتی عێراق، هەڵوەشانەوەی ئاگربەستەکانی نێوان بەغدا و کورد و رەوشی ئاوارەکان و هاوکارییەکانی شا و ئەمریکا بۆ ئەم مەبەستە چڕکراونەتەوە.

لە یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا کە رێکەوتی 20ی ئاداری 1974ی لەسەرە، دەردەکەوێت بارزانی و د. مەحموود عوسمان لە رۆژی 18ی هەمان مانگ لەگەڵ شای ئێراندا دانیشتوون. لە کۆبوونەوەکەشدا "داواکاری هاوکاری ئابووری، دارایی و سەربازیی زۆر زیاتریان خستووەتە بەردەستی شا، هەروەها داواشیان کردووە شا لە نێوان ئەوان و تورکیادا نێوبژیوانی بکات". لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا شاندە کوردییەکە داوایان لە شا کردووە "دان بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردیدا بنێت و ئەگەر بەغدا هێرشی سەربازیی کردنە سەر، شای ئێران دۆسیەکەیان بەرێتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان".

بەگوێرەی نامەکەی هێڵمز کە بۆ کۆشکی سپی نووسیوە، بارزانی و مەحمود عوسمان پرۆپۆزاڵێکی نووسراویشیان رادەستی شای ئێران کردووە کە تێیدا "وردەکاری بودجەی پێشنیازکراو بۆ ئیدارە، بەرگری، پەروەردە و خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتی" خرابووەڕوو. کەمترین بودجەش کە ئەوان پێشبینییان کردبێت "60 ملیۆن دیناری عێراقی (واتە 180 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی)" بووە و زۆرترین بودجەی مەزەندەکراویش "120 ملیۆن دیناری عێراقی (واتە 360 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی)" بووە.

شا لە وەڵامی شاندە کوردییەکەدا رایگەیاندبوو کە پێویستە داواکارییەکەیان "لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت"، هاوکاتیش بەڵێنی پێدابوون "هاریکارییە دارایی و ئابوورییەکان"یان زیاتر دەکەن، بەتایبەتیش لە کاتێکدا "250 هەزار کەس بوون بە پەنابەر و ئەگەری ئەوەش هەیە بەغدا ئابڵوقەی ئابووری بخاتە سەر ناوچەکانی ئەوان (واتە ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش)".

هێڵمز لە نامەکەی خۆیدا ئاماژە بەوەش دەدات کە بارزانی و عوسمان بە کۆبوونەوەیان لەگەڵ شای ئێران دڵخۆش بوون، هاوکات "هەستیان بەوەش کردبوو کە کاتی پێویستیان لەبەر دەست نییە بۆ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی ئەمریکییەکان بکەن".

بەگوێرەی هێڵمز شاندە کوردییەکە دڵنیا نەبووە ئاخۆ ئەمریکییەکان دەتوانن لەگەڵ تورکەکان ناوبژیوانییان بۆ بکەن. شاندە کوردییەکە ئامادەبوون هەموو گەرەنتییەک بدەن بۆ ئەوەی تورکیا دڵنیا بکەنەوە، هاوکات داوایان لە لایەنی ئەمریکیش کردووە کە ئەمریکاش وێڕای ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە دۆسیەی کورد بکات.

باڵیۆزی ئەمریکا لە بەشێک لە تێبینییەکانی خۆی لەسەر داواکارییەکانی بارزانی نووسیویەتی "ئێرانییەکان لە پێگەیەکی باشتردان بۆ ئەوەی لەگەڵ تورکیا ناوبژیوانییان بۆ بکەن، چونکە ئەوان هێزێکی ناوچەیین و خۆیشیان خەڵکی کوردیان هەیە، بەڵام ئەگەر هەردووکمان (واتە ئەمریکا و ئێران) ناوبژیوانییان بکەین، ئەوە گومانی تورکەکان پشتڕاست دەکەینەوە کە ئێمە پێکەوە پشتگیری لە بارزانی دەکەین. هەڵوێستی ئێمەش لە نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەستە بەوەی ئاخۆ حکومەتی عێراق دەست بۆ شەڕێکی کومەڵکوژی لەدژی کورد دەبات یان نا".

لە بەشێکی دیکەی تێبینییەکانی خۆی لەسەر داوای هاریکاری کورد لە شا، باڵیۆزی ئەوکاتی ئەمریکا لە ئێران نووسیویەتی "پێدەچێ شا بۆچوونێکی جیاوازی لەبارەی رەهەندەکانی داواکاریی کورد هەبێت. ئەو بەپێی پێویست هەوڵ دەدات کوردەکان لە هەوڵی خۆیان بەردەوام بن، ئەمە هەروەها بۆ ئەوەشە نەهێڵێت کورد تەسلیمی داواکانی بەغدا ببن، بەڵام وەک دیارە شای ئێران دەیەوێ خۆی لەوە بەدوور بگرێت کە پابەندی پێدانی ساڵانە 180 بۆ 360 ملیۆن دۆلار بە کورد بێت".

کێشەی ئاوارەکان یەکێک لە کێشە گەورەکانی شۆڕش بووە. لە نامەیەکی دیکەدا کە رێکەوتی مانگی تەمووزی 1974ی لەسەرە، باڵیۆزی ئەوکاتی ئەمریکا لە ئێران ئاماژە بە نیگەرانییەکانی شا دەکات. بەگوێرەی نامەکە شای ئێران بە هێڵمزی راگەیاندووە کە "42 هەزار پەنابەری کوردی عێراقی لە کەمپەکانی پەنابەران لە ئێرانن و چاوەڕێش دەکرێ ئەم ژمارەیە بەرزتر ببێتەوە، چونکە فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لە بۆردومانی گوندەکانی کوردستان بەردەوامن". لە نامەکەی هێڵمزدا هەڵمەتەکەی حکومەتی عێراق بە "جینۆساید" ناوبراوە.

لەو قۆناغەدا مەلا مستەفا بارزانیش کێشەیەکی دیکەی مرۆیی بەسەرشانەوە بووە، لە کاتێکدا 250 هەزار کورد لە بەغدا


No Objection to Declassification in Part 2010/05/20 : LOC-HAK-173-5-17-6

THE PRESIDENT HAS SEEN...

MEMORANDUM

THE WHITE HOUSE
WASHINGTON

ON-FILE NSC RELEASE INSTRUCTIONS APPLY

INFORMATION

January 26, 1973

SECRET/SENSITIVE

MEMORANDUM FOR: THE PRESIDENT
FROM: HENRY A. KISSINGER HK
SUBJECT: Inaugural Greetings from Mulla Mustafa Barzani

The following message from Mulla Mustafa Barzani, President of the Kurdish Democratic Party of Iraq: 25X1

"We express our profound congratulation to the President on the occasion of his second inauguration and wish him all success in his efforts to serve the United States and establish world peace on a basis of justice and freedom and to help all oppressed people in their just struggle."

No reply on your part is necessary.

SECRET/SENSITIVE

No Objection to Declassification in Part 2010/05/20 : LOC-HAK-173-5-17-6

**26ی کانوونی دووەمی 1973**
**نامەی پیرۆزبایی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ریچارد نیکسن بە بۆنەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا:**
**"بە بۆنەی سەرکەوتنیان بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی پیرۆزباییەکی زۆریان پێشکەش دەکەین، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین لە هەوڵەکانیان بۆ خزمەتکردنی ئەمریکا، هێنانە ئارای ئاشتی جیهانی لەسەر بنەمای دادپەروەری و ئازادی و هەروەها یارمەتیدانی خەباتی هەموو گەلە چەوساوەکان".**


▶ Although he was a member of a Senate subcommittee that was to monitor CIA activities, Democratic Senator Henry Jackson of Washington advised the agency in 1973 on how to handle another Senate subcommittee's probe of CIA ties in Chile with ITT Corp. Jackson retorted that he was asked only for procedural advice.

The committee concluded that the CIA has been operating so secretly as to be beyond the control of Congress and the Executive. Colby held a press conference—the day before the Senate confirmed former G.O.P. National Chairman George Bush as his successor by a 64-to-27 vote. Colby denounced the charge of excessive secrecy as an "outrageous calumny." The report, he said, was "a disservice to our nation, giving a thoroughly wrong impression of American intelligence."

continued

-RDP91-00561R000100090038-1

# ــەوت کە حکومەتی عێراق کڵاوی لەسەر ناوە


THE CIA

Rising Criticism Of the Leaks

Wisconsin Republican Robert Kasten could take no more. Before his colleagues on the House Intelligence Committee last week, he angrily addressed Chairman Otis Pike, a Democrat from New York. "Do something," he demanded, to stanch the leaks that were discrediting the committee with its friends in Congress as well as its foes in the Administration. With an irate glare, Pike shot back: "What do you recommend? Lie detector tests? I do not know where the leaks have come from."

Pike's testy confession of helplessness only served to intensify the growing backlash in Congress against his committee's six-month investigation of the CIA, FBI and other U.S. intelligence agencies. Week after week, confidential information gathered by the committee's investigators had wound up on the front pages of U.S. newspapers. Last week the leaks turned into what outgrily called "the bursting of the dam." The committee's entire final report was given to newsmen. The leaked report contained little that had not been disclosed, and the revelations tended to be relatively minor. Among them:

► In the late 1950s, at the CIA's request, Robert Maheu, a former top aide to Billionaire Howard Hughes, supplied King Hussein of Jordan and other foreign leaders with female companions. Maheu was also the go-between the CIA used to recruit two high-ranking Mafia members in an attempt to assassinate Cuban Dictator Fidel Castro.

COLBY AT PRESS CONFERENCE
The dam burst.

► Despite CIA objections, Graham A. Martin, then U.S. Ambassador to Italy, secretly paid $800,000 in 1972 to Vito Miceli, a right-wing general who headed Italy's military intelligence agency. The money was to demonstrate U.S. support of Italian anti-Communists. According to a story in Turin's La Stampa, the $800,000 for Miceli was small potatoes: the paper claimed that one of its reporters had obtained secret documents from Pike's committee showing that the CIA had given Italian political parties $74 million from 1948 to 1972.

► In a futile effort to keep the U.S. from cutting off secret arms aid, Kurdish General Mustafa Barzani gave three valuable Oriental rugs and a gold and pearl necklace to Secretary of State Henry Kissinger and Wife Nancy when they were married in 1974. Brent Scowcroft, the President's national security adviser, said that actually only one rug and one necklace had been received and both had been promptly turned over to the White House, as required by law.

Declassified in Part - Sanitized Copy Approved for Release 2012/02/24 : CIA

**9ی شوباتی 1976**
**ڕاپۆرتی گۆڤاری تایمی ئەمریکی لەبارەی دیارییەکانی بارزانی بۆ کیسینجەر و هاوژینەکەی**

و ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە ئاوارەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شۆڕش بوون.

لە نامەکەی هێلمزدا دەردەکەوێت ئەمریکا لە ڕێگەی دەزگای هەواڵگریی ئێران (ساواک) ەوە بڕی یەک ملیۆن دۆلار یارمەتیی مرۆیی پێشکەش بە پەنابەرە کوردەکان کردووە. ئەم ژمارەیە لە نامەیەکی کۆشکی سپی بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران پشتڕاست دەکرێتەوە. ئەو نامەیە کە لە ڕێکەوتنی 22ی ئابی 1974 واژۆ کراوە، ئاماژە بەوەش دەکات کە هۆکاریی ئەمریکییەکان بۆ کورد تەنیا بۆ ئەوە نییە کورد گوشارێکی زۆریان لەسەر حکومەتی بەعس (هاوپەیمانی سۆڤیەت) دروست کردووە، بەڵکو بۆ ئەوەشە شا دڵنیا بکەینەوە کە پشتگیرییەکانی ئەمریکا

دەکات "سەرنجی جیهان بۆ لای شەڕی جینۆسایدی ڕژێمی بەغدا لە دژی کورد رابکێشین. ئەمەش دەکرێ لە ڕێگەی میدیا و ڕەنگە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە بکرێت".

لە نامەیەکی پێشتری هێڵمزدا، کە ڕێککەوتی ئاداری 1974ی لەسەرە، باس لەوە دەکرێت کە کەسێک (ناوی لە نامەکەدا ڕەشکراوەتەوە) ڕۆژی 16ی ئادار چاوی بە "ژەنەراڵ بارزانی و دکتۆر مەحمود عوسمان و لایەنی پەیوەندکاری ئەوان لە ساواک" کەوتووە. ڕۆژی دواتریش لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی ساواک کۆبووەتەوە.

لەو نامە شەش لاپەڕەییەدا لەسەر زاری بارزانی هاتووە: "کشانەوەی بەرپرسانی باڵای کورد لە حکومەت عێراق، حکومەتی بەعسی

## بارزانی داوای لە شای ئێران کردبوو لەنێوان ئەوان و تورکیادا نێوبژیوانی بکات

## دیارییەکەی بارزانی بۆ زەماوەندی کیسینجەر دەبێتە بابەتی میدیای ئەمریکی

بۆ داوای ئێران بەردەوام دەبێت. هەروەها هاوکاریی مانگانەی تەندروستی بۆ ئاوارەکان لە 10 هەزار دۆلارەوە بۆ 30 هەزار دۆلار بەرز دەکرێتەوە. هێلمز ئاشکراشی دەکات کە "شا 74 ملیۆن دۆلاری وەک هاوکاری بۆ هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار بە کورد تەرخان کردووە".

باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران هەروەها داوا

تووشی شۆک کردووە، بۆیە حکومەت ناچار بووە یەکە سەربازییەکانی خۆی لە ڕواندز، قەڵادزێ و ڕانیە بکێشێتەوە، ئەمە جگە لەوەی هەموو ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ تورکیا و ئێران هەتا دەگاتە هەڵەبجە لەدەستی هێزە کوردییەکاندان". بارزانی جگە لە چەکی دژەتانک، چەکی دژەفڕۆکە و ڕۆکێت، داوای هاوکاریی مرۆیی بەرفراوانیشی بۆ ئەو 250

هەزار ئاوارەیە کردووە کە لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە ڕوویان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شۆڕش کردبوو.

بەگوێرەی نووسراوەکەی باڵیۆزی ئەمریکا، لە کۆبوونەوەکەدا ئەو کەسە بە بارزانی ڕاگەیاندووە کە "کۆمەڵێک شت هەن ڕێگە نادەن هاوکارییەکانمان لەوەی ئێستا زیاتر بێت". هەروەها "توانای دارایی ڕێکخراوی... (کە ناوەکەی ڕەشکراوەتەوە) بێسنوور نییە، بە هەموو توانای خۆی بۆ پێدانی پارەی نەقد بەشدارە". ئەو بەشدارەی کۆبوونەوەکە ئاماژەی بەوەش داوە کە "ئاسایش و نهێنیبوون بەشێکی سەرەکی ئەو پڕۆژەیەیە (واتە پڕۆژەی هاوکاری ئەمریکییەکان بۆ کورد)، ئەگەر بەهۆی هەوڵی زیادکردنی هاوکارییەکانەوە بەشێک لە زانیارییەکانی پڕۆژەکە دزە بکاتە دەرەوە، ئەوە کاریگەری کوشندە لەسەر کۆی پڕۆژەی هاوکارییەکان دادەنێت".

بەپێی نامەکەی هێڵمز، لەو کۆبوونەوەیەدا بارزانی ئاماژەی بەوە دابوو کە "ڕەنگە عێراق پلانی بۆردومانکردنی کوردی هەبێت و لەوانەیە تورکیاش هاوکاریی عێراق بکات". بارزانی ئەوەشی خستبووەڕوو کە "تورکیا هێزێکی زۆری لەسەر سنوور جێگیر کردووە". بارزانی تەنانەت پێشنیازی کردبوو لە باکووری عێراق و بە هاوبەشی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عێراقی، حکومەتێکی هاوبەش پێکبهێنن کە ئەڵتەرناتیڤی حکومەتی بەغدا بێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕەزامەندی ئێران پێویستە. بەڵام ئەمریکییەکەی کۆبوونەوەکە (کە ناوی ڕەشکراوەتەوە) پێیوابووە "ئامادەکاریی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی هەنگاوێکی ئاوا کردەیی و جێی متمانە بێت".

لە کۆبوونەوەکەی 17ی ئاداری نێوان باڵیۆز و سەرۆکی ساواکی ئێراندا، بەرپرسە ئێرانییەکە ئەو خاڵانەی پشتڕاست کردووەتەوە کە بارزانی ئاماژەی پێدابوون. ئەویش جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە هێزەکانی تورکیا سنووری باکووریان لە هێزەکانی بارزانی گرتبوو، حکومەتی عێراقیش ئابڵوقەی ئابووریی لەسەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی شۆڕش دانابوو. بە گوێرەی نامەکە ژەنەڕاڵ نەسیری، سەرۆکی ساواک لە کۆبوونەوەکەدا جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە کورد پێویستی بە چوار شتە: مووشەکی زەمینی، چەکی دژە فڕۆکە، چەکی دژە تانک و ژمارەیەکی زیاتری تفەنگ.

لە نامەکەی باڵیۆزی ئەمریکادا لەسەر زاری ئەو کەسە ئاماژە بەوەش کراوە کە "ژەنەراڵ بارزانی هەڕەشەی ئەوەشی کردووە ئەگەر هاوکاری و پاڵپشتیی پێویستی بەدەست نەگات، واز دەهێنێت و پەناهەندەی ئێران دەبێت، پێشنیازیش بۆ خەڵکی خۆی دەکات باشترین ڕێککەوتنی مومکین لەگەڵ بەعسدا بکەن". بە گوێرەی نامەکەی هێڵمز، ژەنەراڵ نەسیری زۆر بە دووری زانیوە بارزانی شتێکی ئاوها بکات و کەسە بەشداربووەکەی کۆبوونەوەکەش لەگەڵ ناسریدا هاوڕا بووە. کەسە بەشداربووەکە ئەمەی بە تەکتیکی بارزانی زانیوە بۆ ئەوەی "گوشار لەسەر ئێرانییەکان و ئەمریکا دروستبکات تاوەکو هاوکارییەکانیان بۆ کورد زیاتر بکەن".

### نیگەرانیی تورکیا

وەک لە بەڵگەنامەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، تورکیا هاوشانی حکومەتی عێراقی هەنگاوی دژی شۆڕشی کورد لەو سەردەمەدا هەڵناوە، بەڵام وەک لە بەڵگەنامەیەکی 25ی حوزەیرانی 1963 ی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکادا دەردەکەوێت، نیگەرانییەکانی ئەنقەرە زۆر پێش حەفتاکان بووە. لەو بەڵگەنامە 11 لاپەڕەییەدا هاتووە "تورکەکان نیگەرانن لەوەی سەرکردەی هۆزە کوردەکانی تورکیا بچنە پاڵ هێزەکانی بارزانی لە عێراق، هەروەها نیگەرانی ئەوەشن بزووتنەوەیەکی ژێرزەمینی بە هاوکاری دارایی دەرەکی بێتە ئاراوە کە هەوڵ بۆ سەربەخۆیی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بدەن. تورکیا بە داخستنی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق بۆ یەکەمجار لە چەند ساڵی ڕابردوودا دانی بەوەدا ناوە کە کێشەیەکی هەیە بە ناوی کێشەی کورد".

### بارزانی و دیارییەک بۆ کیسینجەر:

ساڵی 1976 لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی واشنتن پۆست و گۆڤاری تایمدا ئاماژە بەوە کراوە کە بارزانی لە ڕۆژی زەماوەندی هێنری کیسینجەر و نانسی هاوسەریدا، سێ فەرشی بچووکی کوردی و ملوانکەیەکی مرواری وەک دیاری پێشکەشی بە کیسینجەر کردووە. لە ڕاپۆرتەکەی تایمدا ئاماژە بەوە کراوە کە مەبەست لە دانی ئەم دیاریانە ئەوە بووە

## شای ئێران هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، بەڵام بێدەنگیی هەڵبژارد بۆئەوەی ئاشکرا نەبێ کە سەدام فێڵی لێکردووە


Approved For Release 2004/01/22 : CIA-RDP82-00457R007900460004-5

INTELLOFAX 25

CLASSIFICATION [redacted]

CENTRAL INTELLIGENCE AGENCY
INFORMATION REPORT

REPORT NO
CD NO. 25X1A

COUNTRY Iran/Soviet Union
SUBJECT Activities of Barzani Tribesmen in the USSR
25X1A
PLACE ACQUIRED
25X1 DATE OF INFO.

DATE DISTR. 8 June 1951
NO. OF PAGES 1
NO. OF ENCLS. (LISTED BELOW)
SUPPLEMENT TO REPORT NO. 25X1X

THIS IS UNEVALUATED INFORMATION

SOURCE
25X1

25X1 1. [redacted] there is no evidence available to the Kurds residing in the northwestern frontier area of Iran of any concentration of Kurdish forces on the Soviet side of the border. Furthermore, approximately two months ago a Barzani tribesman from the USSR while visiting the Jalalis stated that Mulla Mustafa Barzani had travelled to Moscow.

2. Various Soviet Barzani tribesmen who, in behalf of the Soviets, periodically visit the Jalali tribes in Iran stated approximately two months ago that Barzani refugee groups had been settled in villages near Baku and not near the Iran/USSR frontier.

REFERENCE COPY
DO NOT CIRCULATE

This document is hereby regraded to CONFIDENTIAL in accordance with the letter of 16 October 1978 from the Director of Central Intelligence to the Archivist of the United States.
Next Review Date: 2008

25X1

BY CABLE

Date: 17 JUL 1978

CLASSIFICATION [redacted]

| STATE | x | NAVY | x | NSRB | DISTRIBUTION |
|---|---|---|---|---|---|
| ARMY | x | AIR | x | FBI | |

Approved For Release 2004/01/22 : CIA-RDP82-00457R007900460004-5

**8ی حوزەیرانی 1951**
**ڕاپۆرتی (CIA) کە باس لە شوێنی بارزانییەکان لە سۆڤیەت و سەردانی بارزانییەکان بۆ لای هۆزی جەلالی لە کوردستانی ئێران دەکات.**

ئەمریکا هاوکارییەکانی بۆ شۆڕشی کورد نەوەستێنێ، بەڵام برینت سکۆرفت، ڕاوێژکاری ئەمنیی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا، بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندبوو کە یەک قاڵیچە و یەک ملوانکەیان وەرگرتووە، بەڵام یەکسەر

ڕادەستی کۆشکی سپی کرابوو. بەپێی یاسای ئەمریکا هیچ بەرپرسێکی ئەمریکی مافی ئەوەی نەبووە دیاری لە وڵات یان لایەنێکی سیاسی و دیپلۆماسی وەربگرێت، ئەگەریش بەدەستیان گەیشتبا دەبووایە یەکسەر


No Objection to Declassification in Part 2013/03/19 : LOC-HAK-173-5-15-8

MEMORANDUM

THE WHITE HOUSE
WASHINGTON

INFORMATION
January 15, 1973

SECRET/SENSITIVE

MEMORANDUM FOR: THE PRESIDENT
FROM: HENRY A. KISSINGER
SUBJECT: Birthday Greetings from Mulla Mustafa Barzani

25X1

President Barzani of the Kurdish Democratic Party of Iraq has sent you 25X1

"Our deep congratulations to the President on the occasion of his sixtieth birthday. We wish him good health and all success."

No reply on your part is required.

NSS review completed.

SECRET/SENSITIVE

**15ی کانوونی دووەمی 1973**
**نامەی پیرۆزبایی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ڕیچارد نیکسن بە بۆنەی شەستەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی.**

ڕادەستی کۆشکی سپی بکەن. بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەش کە بۆ واشتن پۆست دوابوو، ڕەتیکردبووەوە هاوژینی کیسینجەر ملوانکەی وەک دیاری وەرگرتبێ.

کێشەکە هەر لێرەدا تەواو نەبوو، بەڵکو لە یەکێک لە پرێس کۆنفرانسەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا وەک پرسیار ئاراستەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەکرێت. کیسینجەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ڕایگەیاند "ژەنەراڵ بارزانی دیارییەکی بۆ کۆشکی سپی ناردبوو، کە هیچ کات موڵکی من نەبووە و هیچکاتیش بەدەستی من نەگەیشتووە و من هیچ پەیوەندییەکم نییە پێوەی. من هیچکات هیچ دیارییەکم نە لە ژەنەراڵ بارزانی بەدەست گەیشتووە و نە لە هیچ سەرکردەیەکی دیکەوە. وابزانم ئەمە سووکایەتییە ئەگەر پێمانوابێت ئەمریکا لەسەر بنەمای دیاریی بەرپرسانی وڵاتان سیاسەتی دەرەوەی خۆی ڕێکدەخات".

### بارزانی و ئیسرائیل

لە نامەیەکدا کە هێنری کیسینجەر ڕۆژی 16ی تشرینی یەکەمی 1973 بۆ باڵیۆزی ئەمریکا لە تارانی ناردووە، باس لە هێرشێک دەکرێت کە گوایە ئیسرائیل پێشنیازی کردووە لەلایەن کوردەوە بکرێت. لە نامەکەدا هاتووە "سوپاس بۆ وەڵامەکەتان کە هەم لە کاتی خۆیدا و هەمیش یارمەتیدەر بوو. ئێمەش لەگەڵ بۆچوونی تۆ و شا هاوڕاین و ئەم وەڵامە بۆ بارزانی دەنێرین: ئێمە دووبارەی ناکەینەوە و پێشمان باش نییە ئەو هێرشە سەربازییە بکەن کە ئیسرائیلییەکان پێشنیازیان کردووە". لە نامەکەدا دیاری نەکراوە باسی کام هێرش دەکرێت.

### گەڕانەوەی بارزانی بۆ ئێران

لە بەڵگەنامەیەکدا ئاماژە بە گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستانی ئێران و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک هۆزە کوردەکانی مەرگەوەڕ دەکرێت، لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە "خەڵکی خۆمان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕۆژانی 5 بۆ 6ی ئەیلولی 1950 مەلا مستەفا بارزانی و پێنج کەسی چەکدار لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە هاتوونەتە زینێ لە نزیک مەرگەوەڕ لە ئێران... بەگوێرەی زانیارییەکان بارزانی لەوێ لەگەڵ سەیدخان بەی، تیرەی مەندەن لە هۆزی کوردیی هەرکی کۆبووەتەوە. هەروەها چاوی بە فەتاح ئاغا سەرۆکی تیرەی سەرحەدی هۆزی هەرکی کەوتووە. نازانرێ لە کۆبوونەوەکاندا باسی چی کراوە. کەسانی خاوەن زانیاری پێیان ڕاگەیاندووین مەلا مستەفا و پێنج پاسەوانەکەی دوای کۆبوونەوەکان گەڕاونەتەوە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت".

لە ڕاپۆرتێکی دیکەی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1951دا ئاماژە بەوە دەکرێت کە بارزانییەکان زوو زوو سەردانی هۆزی جەلالی لە باکووری کوردستانی ئێرانیان کردووە. لە هەمان ڕاپۆرتدا ئاماژە بەوە کراوە کە بارزانی "دوو مانگ پێشتر سەردانی مۆسکۆی کردووە".

### ڕوانگەی ئەمریکا بۆ سەرهەڵدانی تاڵەبانی

لە ڕاپۆرتێکی تشرینی دووەمی 1976دا ئاماژە بە شەڕ و پێکدادانی نێوان هێزە کوردییەکان و سوپای عێراق دەکرێت. لە بەشێک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ئەو چەکدارانەی کە ئێستا چالاکی دەکەن، ئەندامی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی سەر بە جەلال تاڵەبانین، کە لە ناوچە سنوورییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا جێگیرن".

وەک لە ڕاپۆرتەکەدا دەردەکەوێت، تێڕوانینی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا وەها بووە کە "حکومەتی سووریا هانی ئەوان (واتە هێزە کوردییەکان) دەدات، ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو بنکە سەربازییانەی کە عێراق لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا لەسەر سنووری سووریا دروستی کردوون".

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە بەهێزبوونی ئەو هێزە کوردیانە پەیوەستە بەوەی ئاخۆ حکومەتی سووریا بڕیار دەدات هاوکارییەکانی خۆی بۆ "ئەو 3500 کوردە زیاد بکات کە لە سووریا جێگیرن"؟

لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوەش دەکرێ کە حکومەتی عێراق پەی بەوە بردووە ڕاگواستنی کورد بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق سیاسەتێکی فاشیلە "بۆیەش لە مانگی تەمووزی ڕابردووەوە فەرمانی ڕاگرتنی ئەم هەڵمەتەی دەرکردووە، بەڵام هەتا سەدام پەی بەمە برد، بەشێکی زۆر لە کوردەکان بوونە نەیاری".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە ( 442 ) - دووشەممە 2017/1/23

## هاوردەی کاڵا بە بڕی 415 ملیار دینار زیادی کردووە

**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی ئاماری یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان ساڵی ڕابردوو بە بەراورد بە ساڵی 2015 هاوردەکردنی کەلوپەل بە بەهای 415 ملیار دینار زیادی کردووە. بەپێی ئاماری ئەو یەکێتییە کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، ساڵی ڕابردوو بایی پێنج ترلیۆن و 151 ملیار دینار کەلوپەل هاوردە کراوە، بەڵام بەپێی ئاماری 2015 کە پێشــتر درابووە (ڕووداو)، بەبەهای چوار ترلیۆن و 736 ملیار کاڵا هاوردە کراوە. بەپێی ئامارەکەی ســاڵی ڕابردوو زۆرترین کاڵا لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل هاوردە کراوە بە بەهای سێ ترلیۆن دینار لێهاتووە. فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیش بە بەهای 530 ملیار دینار و فرۆکەخانەی هەولێریش بە بەهای 400 ملیار دینار کاڵای پێدا هاوردەکراوە.

### پێشتر دەمبەر و زرێپۆشیان دروستکردووە

# ئامێرە دەستکردەکانی سێ براکەی هەولێر کێبڕکێی ئامێری چینی دەکات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ســێ برا لە هەولێر دوو ئامێری خزمەتگوزاری دروســت دەکــەن، چاوەڕێــن دوای نمایشــکردنی ئامێــرەکان، هاوکاریی حکومەت و کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی کارگەیەکی گەورە بەدەست بهێنن و پەرە بە کارەکەیان بدەن.

ئەزمــوون و بیرۆکــەی دروســتکردنی ئۆتۆمبێــل و ئامێــرە خزمەتگوزارییەکان لای ئەو ســێ برایە بۆ ســاڵی 2006 دەگەڕێتەوە کاتێــک توانییان بۆ یەکەمجار دوو دەمبەر بە کەلوپەلی خۆماڵی دروســت بکەن و مەکینەی ئۆتۆمبیلی مازدای بخەنەسەر.

بارزان غەریب بڵباس، بەڕێوەبەری پێشەنگا و کارگەی بلباسان، بۆ کڕین و فرۆشتن و دروستکردنی ئۆتۆمبیــل، لەســاڵی 1988 تاوەکو 2003 لەگەڵ ســیروان و شێروانی برای لە ناوچەی پیشەسازیی هەولێر کاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلیان دەکرد و دواتر کارگەیەکیان بۆ دروستکردنی بۆدیی گەلابە و لۆری دامەزراند، لە ساڵی 2006 بەدواوەش بیریان لە دروستکردنی دەمبەر کردەوە.

بــارزان دەڵێــت "توانیمــان دوو دەمبــەر بــە کواڵێتــی زۆر بــەرز دروســت بکەیــن، مەکینــەی مازدامان بۆ دانان کە بێدەنگ بوو، گێڕەکەشمان کردە دەبڵ ئەکسل، بۆیە توانای لە دەمبەری ئاسایی زیاتر بوو".

دوای دروســتکردنی دەمبــەرەکان، پارێزگاری هەولێــر بــۆ هانــدان و سەرخســتنی کارەکەیان ڕێوڕەسمێکیان بۆ سازدەکات و دوو دەمبەرەکەیان لێدەکڕێتەوە و پێشکەشــی شــارەوانیی هەولێری دەکات، دواتر لەســەر داوای پارێزگای دهۆک، دوو دەمبەری دیکە بۆ قەزای ئاکرێ دروست دەکەن.

بــارزان بلبــاس دەڵێــت "بەرپرســانی بەغــدا دەمبەرەکانــی ئێمەیــان بینی، داوایــان لێکردین 500 دانەیــان بە هەمان کواڵیتی لە ماوەی ســێ مانگدا بۆ دروستبکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوکات کارگەکەمــان بچــووک بــوو، توانای داراییشــمان ســنووردار بــوو، نەمانتوانی لــەو ماوەیەی ئەوان دەیانویســت کارەکەیان بۆ بکەین، 500 دەمبەری دوو پستۆنیان لە دەرەوە هاوردە کرد کــە هــەر دەمبەرێکیان 8 ملیــۆن دینار لەوەی ئێمە گرانتر بوو".

دوای دوو ســاڵ، بــارزان و براکانی، بیرۆکەی دروســتکردنی ئۆتۆمبێلێکی جۆری Jeep یان لا گەڵاڵە دەبێت. بارزان دەڵێت "ســەرەتا ویستمان جێبەکە دۆســتی ژینگە بێت و بەکارەبا و پاتری کاربکات، دروستیشمان کرد، بەڵام پاتریی بارگاویی باشمان دەستنەکەوت، بۆیە تەنیا 3 کیلۆمەتر بە پاترییەکان ڕۆیشــت، دواتر بیرۆکەکەمان گۆڕی و مەکینــە و گێڕی ئۆپڵ ئۆمێــگا قەبارە 20مان بۆ دانا، پاشــان بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێــر، تاقیکردنــەوەی دڵنیایی لەســەر کرد و بڕوانامەی دڵنیایی پێداین".

لە ناوەڕاســتی مانگی ئەیلولی 2008 ، بارزان و براکانی بەهاوکاریی پارێزگای هەولێر نمایشێک لەپارکــی منــارە بــۆ ئۆتۆمبیلەکە ســازدەکەن، پارێــزگاری هەولێریــش تابلۆیەکیــان دەداتــێ، ئه نجو و مه نـی وەزیرانیش مۆڵەتی دروستکردنی ئۆتۆمبێلیان دەداتــێ. هەروەهــا بانکــی ناوەندیــی هەرێمــی کوردســتانیش بەڵێنی یەک ملیــۆن دۆلاریان بۆ دروستکردنی کارگە پێدەدات.

بــارزان گوتــی "دوای ئــەوەی لە پێشــەنگای نێودەوڵەتیــی ئۆتۆمبیل لە هەولێر بەشــداریمان کــرد، خواســتێکی زۆر لەســەر ئۆتۆمبیلەکەمان هەبــوو، بــەڵام لەبەر ئــەوەی لەگــەڵ وەزارەتی پێشــمەرگە ڕێککەوتین کە بەهاوبەشی لەگەڵیان کارگەیەکی دروســتکردنی ئۆتۆمبیلی ســەربازی دابمەزرێنین و ئۆتۆمبێلی سەربازییان بۆ دروست بکەین، نەمانتوانی بەردەوام بین لە دروستکردنی ئۆتۆمبێلی زیاتر لە جۆری Jeep ".

بارزان و براکانی لە دروســتکردنی ئۆتۆمبیلی ســەربازیش ســەرکەوتوو بوون و زرێپۆشــێک و دوو جێبی ســەربازی و پاســێک و دەمبەرێکیان دروســتکرد، بــەڵام کارەکەیــان تا ســەر نەبوو.

بارزان گوتی "لە دروستکردنی سەرجەم ئــەم نموونانــەی بۆمــان دیاریکرابــوو ســەرکەوتنمان بەدەســت هێنا، بــەڵام لەبەر ئــەوەی هەماهەنگییەکی باش نەبــوو، وازمان لە هاوبەشییەکە هێنا".

بــارزان و براکانــی دەســتبەرداری بیرۆکــە نوێیەکانیان نەبوون، بۆیە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو بیرۆکەی دروستکردنی دوو ئامێری خزمەتگوزاری و ئۆتۆمبیلێکی بچووکی منداڵانیان لا گەڵاڵە دەبێت.

بــارزان بڵبــاس گوتــی "ســەرەتا بیرۆکــەی دروستکردنی ئامێرێکی خزمەتگوزاریمان بۆ زبڵ و خاشــاک لا گەڵاڵە بوو، ئەویش بەسوود وەرگرتن لــە کەلوپەلی خۆماڵی و مەکینە و گێڕی ماتۆڕی چینــی، توانیمــان لــە ماوەیەکی کەم دروســتی بکەین، دواتر بە سوودوەرگرتن لە هەمان مەکینە و گێڕ ئامێری کێڵگەمان دروســتکرد، دواجاریش ئۆتۆمبیلێکی بچووکی منداڵانمان دروستکرد کە بە بەنزین و کۆنترۆڵ کار دەکات".







ئــەو دوو ئامێــرە خزمەتگوزارییەی بــارزان و براکانــی دروســتیانکردوون، بارهەڵگرەکەیان دەتوانرێت بۆ کاروباری نێو پارکەکان و مۆڵەکانیش ســوودی لێ وەربگیرێ، چونکە قەبارەی بچووکە و توانای هەڵگرتنی 450 کیلۆگــرام کەلوپەلی هەیە، ئەوەی دووەمیشــیان کە دەبــڵ ئەکســلە دەتوانرێت بۆ کاروبــاری ناو بــاخ و کێڵگە پەلەوەرییەکان و زۆر کاری دیکەش بەکاربهێنرێت.

ســاڵانی 2007 تاوەکو 2012 سنوورەکانی هەرێمــی کوردســتان کــراوە بــوون لەبــەردەم هاوردەکردنی جۆرەها ماتۆڕسکیل لە نێوشیاندا جۆرێــک ماتۆرســکیلی ســێ تایــە بەنــاوی (SHINING MOTOR) کــە نرخەکــەی لــە نێــوان 1100 تاوەکــو 1300 دۆلارە و لــە هەرێمی کوردســتان خواستێکی زۆری لەسەرە، کاســبکاران بۆ گواســتنەوەی باری ســووک و فرۆشتنی جۆرەها کاڵا بەکاریدێنن، هاوردەکردنی ئەو جۆرە ماتۆڕە قەدەغە کراوە، بەڵام ئێستا بە قاچاخ دەهێنرێتە کوردستان.

عەبدولقادر ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆمپانیای واتا بــۆ بازرگانی و هاوردەکردنی ماتۆڕسکیل و کەلوپەلەکانــی، دەڵێت "ماتــۆڕی ئەو ئامێرە خزمەتگوزاریانــەی ئەو ســێ برایە دروســتیان کــردووە لەڕووی هێــزەوە هاوشــێوەی ماتۆڕی SHINING MOTOR ی چینییە، بەڵام لەڕووی دیزایــن و شــێوەکەی لــە ماتــۆڕی چینییەکە جوانتــرە، بۆیە دڵنیام ئەگەر نرخەکەی گونجاو بێت خواستی زۆری لەسەر دەبێ".

عەبدولقــادر ئەحمــەد گوتیشــی "حکومەت ئێستا تابلۆ نابەخشێتە ئەو ماتۆڕسکیلانە، بۆیە ئەگەر ئەو کۆمپانیایە بتوانێ بۆ ماتۆڕەکانی تابلۆ وەربگرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە خەڵکێکی زۆر ڕوو لە کڕینی دەکەن".

کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک لە شاری هەولێر بەپێی گرێبەستێک بە شەش کۆمپانیای کەرتی تایبەت ســپێردراوە، لە یەکێک لەبڕگەکانیشــدا ئاماژە بە بەکارهێنانی ئامێری ماتۆڕسکیل کراوە بەتایبەت بۆ ئەو کۆڵان و شەقامانەی تەسکن.

فەرمان خەلیل، بەڕێوەبەی خزمەتگوزاری و ژینگەپارێزی لە ســەرۆکایەتی شــارەوانیی هەولێــر، دەڵێت "ئەم ئامێرە لەڕووی شــێوە و دیزاینەوە زۆر لەو ماتۆڕســکیلانە جوانتر و ڕێکتــرە کە کۆمپانیاکان بۆ کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک لە هەندێ شوێن بەکاریدێنن، بۆیە وەک پاڵپشــتییەک بۆ ئەو کارگە خۆماڵییە، هانــی کۆمپانیاکان دەدەین ئامێرەکانی ئەوان بەکاربهێنن".

کۆمپانیــای بڵباســان بەنیازە ڕێوڕەســمێک بۆ ناســاندنی ئامێــرە نوێیەکانیــان ڕێکبخەن. بــارزان بڵبــاس دەڵێــت "ئامانجــی ئێمــە لەو ڕێوڕەسمە ئەوەیە پاڵپشتی حکومەت و کەرتی تایبەت بەدەســتبهێنین تاوەکو لــەو ڕێگەیەوە کارگەیەکی گەورە بۆ دروســتکردنی ئەو ئامێرە خزمەتگوزاریانە دابمەزرێنین و بە کواڵێتییەکی زۆر بەرز و نرخێکی هەرزان بیخەینە بەردەست، تاوەکــو چیدی پــارەی خەڵکی کوردســتان بۆ کڕینی ماتۆڕی چینی و ئێرانی نەچێتە دەرەوە".

# خەڵک لە کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ڕوودەکەنە وزەی خۆر



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکــی بەرهەمێنانی کارەبــا لــە وزەی خــۆر دەڵێــت کەشــی کوردســتان زۆر گونجاوە بــۆ بەرهەمهێنانی کارەبــا لەڕێــی وزەی خــۆرەوە. ئەگــەر حکومەت پلانی بۆ ســوودوەرگرتن لە وزەی خۆر هەبێت، هەرێمی کوردســتان پێویستی بە مولیدەی ئەهلی نامێنێ و گرفتی کەمیی کارەباش چارەسەر دەبێت.

لە 10 ســاڵی ڕابردوودا شــەش وێستگەی بەرهەمهێنانــی کارەبــا بــە ســووتەمەنی لــە هەرێمی کوردســتان دانــراون، لەگەڵ هەردوو وێســتگەی کارۆئاویی دوکان و دەربەندیخان، تێکــڕای بەرهەمهێنانیــان دەگاتــە نزیکــەی 5500 میــگاوات کارەبــا، ئەم بــڕەش زیاترە لە پێداویســتی هەرێمی کوردستان بە کارەبا، بەڵام بەهۆی گرفتی دابیننەکردنی سووتەمەنی و کەمیی ئاو، ئێســتا تێکــڕای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی ســەرجەم وێســتگەکان بــۆ نزیکەی 2750 میگاوات دابەزیوە.

مەســعود باپیــری، بەڕێوەبــەری گشــتیی کۆمپانیــای پــاوەر میــن، بــۆ بەرهەمهێنانی کارەبــا لــە ڕێگــەی وزەی خــۆر دەڵێــت، کەشــی هەرێمی کوردســتان زۆر گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانــی کارەبا بــە وزەی خۆر، ئەگەر حکومــەت پلانی بۆ ســوودوەرگرتن لە وزەی خۆر هەبێت، هەرێمی کوردستان پێویستی بە مولیدەی ئەهلی نامێنێ.

مەسعود باپیری گوتی "لەڕێی دانانی چەند پەنەڵێــک و ئینڤێنتەرێــک و چەند پاترییەک کــە نرخــی هەموویــان نزیکــەی 2500 دۆلار تێپەڕ ناکات، دەتوانین بڕی 4 بۆ5 ئەمپێر بۆ ماوەی 12 کاژێر (8 کاژێر لە ڕۆژ، 4 کاژێر لە شــەو) کارەبا بۆ هەر ماڵێک وەک جێگرەوەی کارەبای مولیدە ئەهلییەکان دابین بکەین".

بۆ کەمکردنــەوەی گرفتی کەمیی کارەبا و چارەســەری ئەو لۆدە زۆرەی لەسەر کارەبای نیشــتمانی هەیــە، بەڕێوبەرایەتــی گشــتیی کارەبــای ســلێمانی بەنیــازە پێــوەری 20 ئەمپێری بۆ ماڵان دابنێ.

مەســعود باپیــری دەڵێــت کۆمپانیاکەیان لەڕێی ســوودوەرگرتن لە سیستەمی هایبرید کــە تێچووەکــەی نزیکەی 10 هــەزار دۆلارە، دەتوانــێ بڕی 20 ئەمپێر بۆ ماوەی 14 کاژێر (9 کاژێر لە ڕۆژ و 5 کاژێر لە شــەو) بۆ هەر ماڵێک دابین بکات.

مەســعود باپیری گوتی "بۆ جێبەجێکردنی ئــەم بیرۆکەیــە ئێمە لەگــەڵ زۆربــەی بانکە ئەهلییەکانی هەولێر گفتوگۆمان کرد، گوتمان ئێمە هیــچ زیادەیەک ناخەینە ســەر تێچووی بەرهەمەکانمــان، ئێــوە تەنیا پاڵپشــتی ئەو پڕۆژەیە بکەن و تێچووەکەی بۆ خەڵک بکەن بە قیســت، بــەڵام بانکەکان بەهــۆی قەیرانی دارایی ترسی نەگەڕانەوەی پارەکانیان هەبوو، بۆیە پاڵپشتی پڕۆژەکەیان نەکرد".

لە هەرێمی کوردســتان جگە لە وێستگە کارۆئاوییەکان، زیاتر ســوود لە سووتەمەنی وەرگیــراوە بــۆ بەرهەمهێنانــی کارەبــا. کەمتریــن ســوود لە وزەی خــۆر وەرگیراوە کــە لــە جیهانــدا بــە وزەی دواڕۆژ یان وزە نوێبووەکان دەناسرێت.

حەمەئەمیــن هەورامانــی، ڕاوێــژکار لــە وەزارەتــی کارەبا دەڵێت "لــە زۆربەی وڵاتان یاســای تایبــەت بــە وزە نوێبــووەکان هەیە و حکومــەت هانــی وەبەرهێنــەران دەدات وەبەرهێنان لــە وزەی خۆر بکەن و حکومەت پاڵپشت بە یاســاکە لە وەرگرتنی بەشێک لە باج دەیانبوورێت. وزەی بەرهەمهاتووشیان بە نرخــی گرانتر لێ دەکڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی لەم شێوەیە نییــە، بۆیە وەزارەتی کارەبــا نەیتوانیوە ئەم هەنگاوە بنێ".

بــە گوتــەی هەورامانــی کەشــی هەرێمی کوردســتان گونجاوە بــۆ بەرهەمێنانی کارەبا لــە وزەی خۆر، بــەڵام لەبەرئــەوەی تێچووی دامەزراندنــی زۆرە و حکومــەت بــە نرخــی هەرزانتــر کارەبای بۆ خەڵــک دابین کردووە، کەس بەکاری ناهێنێ.

بەپێــی ئاماری وەزارەتــی کارەبا زیاتر لە یەک ملیۆن و 450 هەزار بەشــداربووی کارەبا لە هەرێمی کوردســتان هەن، ســاڵانەش 100 هەزار بەشداربوو زیاد دەکات.

محەممەدئەمیــن هەورامانــی دەڵێــت "بەهــۆی هەرزانیی نرخی کارەبا خەڵک زیاد لــە پێویســت کارەبــا بەکاردێنــێ، تەنانەت بــۆ خۆگەرمکردنــەوە و بۆیلەریش ســوود لــە کارەبــا وەردەگرێ، بۆیــە بەرلەوەی بیر لــە بەرهەمهێنانــی وزەی زیاتــر بکەینەوە، پێویستە پێداچوونەوە بەو زیاد بەکارهێنانەی کارەبا بکەین".

ســەبارەت بەسوودوەرگرتن لە وزەی خۆر، هەورامانــی دەڵێــت "ئەگەر تەنیا پاڵپشــتی پڕۆژەیــەک بکەین بــۆ گۆڕینی وزەی بۆیلەری مــاڵان بۆ وزەی خــۆر، ڕۆژانە 1000 مێگاوات کارەبامان بۆ دەگەڕێتەوە".

ئەگەرچی ســوودوەرگرتن لە وزەی خۆر بۆ بەرهەمهێنانــی کارەبــا لای خەڵکــی هەرێمی کوردســتان تازەیــە، بــەڵام بەهــۆی گرفتــی کەمیی کارەبا خواســت لەســەر بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە وزە زیاد بووە.

ئیبراهیــم باپیــر، بەڕێوەبــەری کۆمپانیای ســپایدەرنێت بۆ بەرهەمهێنانــی وزەی کارەبا لەڕێــی تیشــکی خــۆر بــە (ڕووداو)ی گــوت "بەهۆی گرفتی کەمیی کارەبا خواست لەسەر بەکارهێنانــی وزەی خۆر بۆ کارەبا زیاد بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی خەڵک لەتوانایدا نییــە تــەواوی سیســتەمەکە بکڕێــت، بۆیــە بەشــێک لەخەڵــک تەنیا ئینڤێنتــەر و پاتری دەکڕن و لەکاتی نەبوونی کارەبای نیشتیمانی سوودی لێوەردەگرن".

زۆربــەی وڵاتــان هــەوڵ دەدەن ســوود لە بەکارهێنانــی وزەی خۆر وەربگرن بە تایبەتی بــۆ دابینکردنــی کارەبــا بــۆ فەرمانگــەکان، بەڵام لە کوردســتان جگە لە نەخۆشخانەیەک و دوو قوتابخانــە و دوو بیــری ئیرتــوازی کە ئەوانیــش بەپاڵپشــتیی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوی (IOM) جێبەجێکراون، کارەبای هیچ دەزگایەک نەگۆڕاوە بۆ وزەی خۆر.

### بە کەڵکی کشتوکاڵ نەهات

لە هەرێمی کوردســتان 21 هەزار و 672 بیری ئیرتیوازی مۆڵەتدراو هەن کە 9269 بیریان کشتوکاڵین و سەرجەمیشیان بە کارەبای نیشتیمانی کار دەکەن. مەسعود باپیری، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای پاوەر مین، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی وزەی خۆر دەڵێت پێشــنیازێکیان داوەتە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی جووتیاران ســوود لــە وزەی خۆر وەربگرن بــۆ دابینکردنی کارەبا بۆ بیرەکانیان. بەڵام د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشــتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ســەرچاوەکانی ئاو، گوتی پێشتر وەکو تێست کارەبای ســێ بیری ئیرتیوازییان بۆ وزەی خۆر گۆڕی، بۆ هەر پڕۆژەیەکیش بڕی 16 هەزار دۆلاریان خەرج کرد. بــەڵام پڕۆژەکە زۆر ئابووری نەبوو، چونکە کارەباکە توانای کارپێکردنی ماتۆڕی گەورەی لە قووڵایی زۆر نەبوو.

## وەکو چۆن ئۆتۆمبێل کۆتایی بە تەرسی ئەسپ هێنا

# ئایا وزەی پاک کۆتایی بە نەوت دێنێ؟





ئاوارە بەختیار هەڵشۆیی*

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، یەکێک لە کێشە هەرە گەورە ژینگەییەکان کە بەرەورووی شارە گەورەکانی جیهان ببووەوە، بریتی نەبوو لە ئاوەڕۆ یان خۆڵ و خاشاک، یان پیسیی گەڕەکە هەژارنشینەکان، بەڵکو بریتی بوو لە تەرسی ئەسپ (پاشەڕۆی ئەسپ). ساڵی 1900 لە شارێکی وەکو لەندەن زیاتر لە 300 هەزار ئەسپ هەبوون کە گالیسکە و عارەبانە و مینی پاسەکانیان بەناو گەڕەکانی شاری لەندەندا رادەکێشا، لە پاش خۆشیانەوە بە سەدان تۆن تەرسیان بەجێدەهێشت. دانیشتووانی شاری نیویۆرکیش کە ئەوکات 100 هەزار ئەسپی تێدابوو، دەبوو لە کاتی باراندا بەناو رووبارێک لە تەرسدا تێپەڕن، کاتێکیش کە خۆر دەردەکەوت، تۆز و خوڵی تەرس تێکەڵ بە هەناسەیان دەبوو. یەکەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بۆ پلاندانانی شارە گەورەکان کە لە ساڵی 1898 لە هەمان شار بەسترا، تەرسی ئەسپ تەوەری سەرەکی ئەجێندای کۆنفرانسەکە بوو، لە کۆتاییدا هیچ چارەسەرێک نەدۆزرایەوە، بگرە بەشداربووە نائومێدەکان هەفتەیەک بەر لە تەواوبوونی کۆنفرانسەکە، گەڕانەوە وڵاتەکانیان.

بەڵام ئەمە زۆری نەخایەند. دەیەیەک دواتر کێشەی تەرسی ئەسپ بە دەستە نادیارەکەی بازاڕ شۆرایەوە، کاتێک هێنری فۆرد یەکەم مۆدیلی ئۆتۆمبێلی بەناوی (T Model) خستە بازاڕەوە کە لە یەک کاتدا هەم هەرزانتر و هەمیش خێرا و خاوێنتر بوو. تاوەکو کۆتایی ساڵی 1912، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان زۆر زیاتری لێهات لە ژمارەی ئەسپەکان. لە ساڵی 1917 دوایین ئەسپ کە گالیسکەی رادەکێشا لە مەنهاتن خانەنشین کرا، هەر ئەو ساڵەش بە خاڵی دەستپێکی تەمەنی نەوت دادەنرێ.

ئەو تەمەنە یەکێک بووە لە تەمەنە هەر خێرا و پێشکەوتووەکان. ئەگەر خەڵووز (Coal) هۆکاری دەستپێکردنی شۆڕشی پیشەسازی بووبێت، ئەوا نەوتیش (Oil) بوو بە داینەمۆی دروستبوونی بزوێنەرە پترۆڵییەکان و سەرهەڵدانی سێکتەری فڕۆکەوانی و چەندەها سێکتەری دیکە، بەجۆرێک تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، رەوڕەوەی داهێنانەکانی مرۆڤ لەم بوارەدا بێ کۆتان. سووراوی لێو، تیڤی، سیدی، کاسێت، پلەیەر و جۆرەها جلوبەرگ، بگرە ئاسپرین و چەندین کاڵای دیکە کە ژیانی مرۆڤایەتییان گۆڕی، لە نەوت و پێکهاتەکانی دروستکران. ئەمڕۆ تراکتۆرە بەهێزەکان کە زۆرترین رووبەری زەوییەکان دەکێڵن، پێکهاتە کیمیاییەکان بە خێراترین کات بەرەکەتیان خستووەتە نێو بەرهەمەکان، بە جۆرێک کە هەرزانترین خۆراک بۆ مرۆڤایەتی دابین دەکەن، هەر لەڕێگای نایلۆنی پێچانەوە و سندوقی پلاستیکەوە کە بە بارهەڵگر و فڕۆکەکان دەگوازرێنەوە بۆ ئەوسەری دونیا، ئەمانە هەموو بەرهەمی نەوتن.

بەڵێ نەوت رەوتی ژیان و مێژووی گۆڕی، ئەو سەت ساڵە بە سەت ساڵی نەوت و کێشەکانی وەکو شەڕ لەسەر نەوت، رژان و خەساربوونی نەوت، هەروەها بەرزی و نزمیی لە نرخ و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ناسراوە. لەساڵی 1973 کە بە یەکەم جەنگی کەمکردنەوەی رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت دادەنرێت، کاتێک کە وڵاتانی بەشدار لە (OPEC) بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو وڵاتانەی هاوکاریی ئیسرائیلیان دەکرد لە شەڕی دژ بە سووریا و میسر، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیان زۆر نزم کردەوە، ئەمە بووە هۆکاری بەرزبوونەوەیەکی زۆری نرخی نەوت و لە ($3)ەوە بۆ هەر بەرمیلێک، بووە ($12) بۆ هەر بەرمیلێک، هەر وەکو چۆن لەم وێنەیەی خوارەوەدا دیارە:




کەچی لەم کاتە دژوارەشدا نەوت هەر بریتی بوو لە (46%)ی سەرچاوەی وزەی جیهان، هەرچەندە ئەم رێژەیە ساڵ بۆ ساڵ دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە و لە ساڵی (2015) دابەزیوە بۆ رێژەی (32%) هەروەکو لە وێنەکەی خوارەوە نیشاندراوە:




ئەوەی کە جێی هەڵوێستەیە، ئەوەیە کە سەرچاوەکانی دیکەی وەکو با، تیشکی خۆر و گەرمیی زەوی (Geothermal) کە بە وزە نوێبووەکان (renewables) هەژمار دەکرێن، بە رکابەرێکی سەرسەختی سەرچاوە بەردینییەکان (Fossil Fuels) ناسراون، ساڵ بە ساڵ ئاستی پشتپێبەستنیان وەکو سەرچاوەی وزە بەرزبووەتەوە وا چاوەڕوان دەکرێت تاوەکو ساڵی (2040) رێژەکە بۆ (20%) بەرز ببێتەوە، هەروەکو لە وێنەکەی خوارەوەدا دیارە:




هۆکاری بەرزبوونەوەی خواست لەسەر سەرچاوە نوێبووەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چۆن گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی ئەسپدا کرا و بوو بە هێزی ئەسپ (پێوەری هێزی بزوێنەر) ئەوکات بە فریادڕەسی ژینگە دادەنرا، کەچی دوای سەد ساڵ و ئێستا ئەو فریادڕەسە بە هەمان چاوی تەرسی ئەسپ سەیر دەکرێت، چونکە هەمان و بگرە زۆر زیاتر لە ئەوکات کێشەی ژینگەیی و تەندروستی بۆ مرۆڤ خولقاندووە.

سەرەڕای ئەو هەموو هێزەی کە هەیەتی، نەوتیش بەرەورووی دوژمنەکەی خۆی بووەتەوە، واش چاوەڕوان دەکرێت، هەروەکو چۆن تی مۆدیلەکەی هێنری فۆرد کۆتایی بە ئەسپ هێنا، ئاواش باترییەک کۆتایی بە نەوت بهێنێ. مەترسییە گەورەکە ئەوە نییە کە لەپڕ خواست لەسەر نەوت نەمێنێ، بگرە لە ستراتیژی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی وزەیە لە گەڕان بە دوای سەرچاوەی ئەڵتەرناتیڤ بۆ نەوت.

لە هەمانکاتیشدا کاردانەوەکانی جیهان سەبارەت بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گۆی زەوی، بە تایبەتی لە دوای بەستنی پەیماننامە گرنگەکەی ئەمساڵی پاریس کە تێیدا 114 وڵات واژۆیان کرد بۆ راگرتنی بەرزنەبوونەوەی پلەی گەرمیی زەوی بۆ (دوو پلە) و بگرە کەمتریش کە بە بڕوای زۆر لە چاودێران بە خاڵی دەستپێکی راگەیاندنی شەڕی دژ بە وزەی سەرچاوە بەردینەکان دادەنرێت، کاریگەریی خۆی هەبووە. هەرچەندە لە دوای هەڵبژاردنی (دۆناڵد ترامپ) بە سەرۆکی ئەمریکا ئەم پەیماننامەیە کەوتووەتە ژێر هەڕەشە، چونکە ترامپ کێشەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گۆی زەوی بە شتێکی بێ بنەما و بگرە بە (مایەی پێکەنین) دەزانێت، بەڵام ئەگەر گەورە بەکارهێنەرانی وزەی وەکو ئەوروپا و چین و هیندستان هەر پابەند بن بە رێککەوتننامەکە، ئەوا بەدڵنیاییەوە وزەی سەرچاوە بەردینییەکان، ئەو کاریگەرییەیان هەر لەسەر دەمێنێ.

ئاژانسی جیهانیی وزە (IEA)کە دەزگایەکی پێشبینیکەری بواری وزەی جیهانییە، پێیوایە ئەگەر بمانەوێت بگەینە رێژەی واژۆ لەسەرکراوی پلەی گەرمیی رێککەوتننامەکە، دەبێت ئاستی بەکارهێنانی نەوتی جیهان تا ساڵی (2020) رۆژانە لە (93 ملیۆن) بەرمیل تێپەڕ نەکات، کەچی لە ساڵی (2016)دا ئەو ژمارەیەی تێپەڕاندووە. هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت بەکارهێنانی وزەی بەردین لە گواستنەوەی مرۆڤ و شتومەکەکاندا دابەزین بەخۆیەوە ببینێ و جێگرەوەکانی وەکو وزەی خۆر، وزەی با، وزەی بایو (Bio Fuel) و گازی سروشتی بەرزبوونەوەی بەرچاو بەخۆیانەوە ببینن.

هەرچەندە تا ئێستا هیچیەک لە واژۆکەرانی رێککەوتننامەکە هەنگاوی کردەییان بۆ جێبەجێکردن نەهاوێشتووە، بەڵام دابەزین لە تێچوونی بەرهەمهێنانی باتری و وزەی نوێبووەوە، چانسی بەکارهێنانی ئەو وزانە لە جیاتی نەوت، رۆژ بە رۆژ بەهێزتر دەکات.

(Bernstein) کە کۆمپانیایەکی بەناوبانگی بواری توێژینەوەی وەبەرهێنانە، پێیوایە کێشە ئەوە نییە کە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گۆی زەوی تا چەند راستە، یان سیناریۆیە، یاخود تا چەند بڕواتان پێی هەیە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە پرۆسەیەکی بەردەوامی گۆڕانکاری لە جۆری بەکارهێنانی وزەدا روویداوە، بەجۆرێک کە ئێستا هیچی دیکە وزەی سەرچاوە بەردینەکان تاکە سەرچاوە نین، بگرە لەگەڵ لەدایکبوونی وزە نوێبووەکان، نیشانەکانی کۆتایی تەمەنی نەوت دەرکەوتوون.

هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە، لە وزە بەردینەکان سەرەتا خەڵووز لەنێودەچێت، چونکە زۆرترین رێژەی دوانۆکسیدی کاربۆنی هەیە کە 46%ە و نەوت 34% و گازی سروشتیش 20%ە. بەپێی داتاکانی ساڵی (2014) هەر لەبەر رێژە کەمەکەی پێیانوایە کە گازی سروشتی هەر دەمێنێتەوە، هەر بۆیە بەبڕوای زۆربەی شارەزایان پشتبەستن بە گازی سروشتی و وزەی نوێبووەوە، هەنگاوی باشن بۆ پاراستنی پلەی گەرمیی گۆی زەوی.

فۆکەسی ئەم نووسینەی من زیاتر لەسەر نەوتە، چونکە نەوت بەتەنیا گەورەترین کاڵای بەرهەمهێنانی وزەیە لە جیهاندا و زۆرترین بازرگانیشی پێوە دەکرێت، ساڵانە نزیکەی (1.5 تریلیۆن دۆلار) بەها بازرگانییەکەیەتی، نیوەی 500 کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لە بواری نەوت کار دەکەن و دەکرێت بڵێین کۆمپانیای (Aramco)ی سعودی پێشەنگیانە.

ئێستا نەوت وەکو چەکێکی جیوپۆلۆتیکی بەکاردێت بۆ هاوسەنگکردنی هێزەکان، هەروەها بەرهەمەکانی نەوت هۆکاری گواستنەوەی (93%)ی مرۆڤەکانە، هەر بۆیە گۆڕانکاری لە نرخ و ئاستی بەرهەمهێنانی، کاریگەریی لەسەر هەموو تاکێکی ئەم گۆی زەوییە دەبێت. بە تایبەتی دابەزینی نرخی نەوتی خاو لە ساڵی (2014) کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری هەبووە لەسەر هەموو سێکتەرەکانی بازرگانی لە جیهاندا بەگشتی و بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە سەرچاوەی نەوت تاکە داهاتی دابینکردنی بودجەیانە، هەر بۆیە تووشی چەندین کێشەی سیاسی و ناسەقامگیری ناوخۆیی بوون، وڵاتانی وەکو فەنزوێلا، نایجیریا، هەرێمی کوردستانیش بەهەمانشێوە پشکی خۆیان لەو ناسەقامگیرییە بەرکەوتووە. لە هەمانکاتیشدا لایەنی پۆزەتیڤی ئەم گۆڕانکاریە ئەوە بووە کە هەندێک وڵات بە نموونە سعودیە پلانی ئابوورییەکی بەبێ نەوتیان داڕشتووە، بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی کۆمپانیای (Aramco) دەفرۆشنە کەرتی تایبەت، هەروەها ئیمارات هەناردەی نەوتی بە یەکجاری راگرتووە و پشت بە سێکتەرەکانی دیکە دەبەستێ. ئەوەی کە زۆرترین رێژەی قازانجی پێگەیشتووە وڵاتانی بەکارهێنەری نەوتن، چونکە سوودیان لە کڕینی نەوت بە نرخی نزم وەرگرتووە.

تاوەکو کێشەی گەرمبوونی پلەکانی گۆی زەوی بەربڵاوتر بێت، کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتی رۆژئاوایی زیاتر تووشی کێشە دەبن. لە ئەمریکا لێژنەی پاراستن و ئاڵوگۆڕ (SEC)، هەروەها لە نیویۆرک ئۆفیسی یاسای گشتی (AGO)، ئێستا لێکۆڵینەوە لە گەورە کۆمپانیای جیهانی (ExxonMobil) دەکەن کە ئایا ئەوان تا چەند زانیاریی راستیان داوە سەبارەت بە پەیوەندی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمی و ئاستی دەرهێنانی نەوتی خاو. هەربۆیە ئێستا زۆربەی خاوەن پشکەکانی ئەم جۆرە کۆمپانیایانە بە بەردەوامی پرسیاری ئەوە ئاراستەی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان دەکەن کە ئایا ئەوان پلانیان چییە بۆ قەرەبووکردنەوەی داهاتەکانیان کاتێک کە دەبێت بە یاسا رێژەی بەرهەمهێنان کەم بکەنەوە. سەرۆکی بانکی ناوەندیی بەریتانیا پێیوایە گۆڕانکاری لە جۆری وزەی بەکارهاتوو گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر جێگیریی ئابووری جیهان و دەتوانرێت (80%) یەدەگی نەوتی جیهان پارێزگاری لێبکرێت.

پێدەچێت دروشمی (دەربێنە بەقوربان دەربێنە (Drill baby Drill)ی کۆمپانیاکانی نەوت رووبەڕووی دروشمی (لە خاکدا بیهێڵەوە (Keep it in the ground)ی چالاکڤانان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بووبێتەوە.

## کام کۆتایی؟

هەر لە سەرەتای دەستپێکی سەردەمی نەوتەوە، گەورەترین کێشە بریتی بووە لە ئاسایشی بەدەستهێنانی نەوت و تەواوبوونی. وڵاتە زلهێزەکانی رۆژئاوا تا ئاستی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزمیش چوون بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئاسایشە، لە بەرامبەریشدا وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رێکخراوی (OPEC) یان بۆ پارێزگاری لە نرخ و یەدەگی نەوتەکەیان دامەزراند، بەڵام بەبڕوای (دانیاڵ یرگێن) براوەی خەڵاتی (پۆلیتزار) بۆ بواری مێژووی نەوت، ئێستا جێگرەوەی ئەو پرسیارەی کە پێشان دەکرا و دەیگوت، دەبێ کەی کۆتایی بە یەدەگی نەوت بێت؟ ئەوەیە کە ئێستا دەگوترێ، دەبێ تاکەی ئێمە بەردەوام بین لە بەکارهێنانی نەوت؟ هەر بۆیە ئێستا دەستەواژەی (کۆتایی نەوت) بە (کۆتایی خواست) گۆڕاوە.

پێداویستی مرۆڤایەتی بە نەوت بۆ چەند ساڵی داهاتوو هەر دەمێنێ، سێکتەری گواستنەوە یەکێکە لە هەرە سێکتەرە زیندووەکانی پابەند بەم شلەیە، بەڵام لە ئەمریکاوە بگرە تا چین ستاندادەکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل کە رێژەی کەمی دوانۆکسیدی کاربۆن دەربهاوێت، رۆژ بە رۆژ لە بەرزبوونەوەدایە، کۆمپانیاکانی وەکو (Tesla، Chevrolet، Nissan) پلانی دروستکردنی ئۆتۆمبێلی کارەبایی دوورمەودایان خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێستا لە بازاڕەکانی جیهان بە نزیکەی 30 هەزار دۆلار دەستدەکەون، ئەو نرخەش زۆر زیاتر نییە لە ئۆتۆمبێلێکی ئاسایی. هەر ئەمەش وا دەکات لە سەرتاسەری دونیا هیچی دیکە نەوت وەکو تاکە سەرچاوەی وزە سەیر نەکرێت.

هەر ئەو شارەزایانەی پێیانوایە پەیماننامەی پاریس کاریگەریی خۆی دەبێت، پێشیانوایە رێژەی بەکارهێنانی نەوت لە سەرەتاکانی ساڵی (2020) بەرەو نزمبوونەوە دەچێت، هەر بۆیە وا چاوەڕوان دەکرێت لەبەر بڕی تێچوونەکەی و بەرزیی ئاستی ریسکەکەی، کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت زیاتر پشت بە دەرهێنانی نەوت ببەستن لە ناوچە ئاسانەکانی وەکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێچەوانەی ناوچەی سەختەکانی وەکو جەمسەرەکان و دەرهێنانی نەوت لە قووڵایی دەریاکان.

بەپێچەوانەی ئەم رایەشەوە، هەندێکی دیکە پێیانوایە بیرۆکەی نەمانی خواست لەسەر سووتەمەنی بوونی نییە، چونکە پێیانوایە حکومەتەکانی بەشدار لە پەیماننامەکەی پاریس ئەوەندە خێرا نین لە جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە، جگە لەوەش وڵاتێکی زلهێزی وەکو ئەمریکا کە دانیشتووانەکەی زۆرتر شەیدای ئۆتۆمبێلی بزوێنەر گەورەن، وا بە ئاسانی دەستبەرداری نەوت نابن. لەلایەکی دیکەوە وەزیری وزەی سعودی خالید ئەلفالح پێیوایە جیهان تاوەکو 25 ساڵی دیکەش دەبێ ساڵانە بڕی یەک ترلیۆن دۆلار بۆ نەوت خەرج بکات، هەر بۆیە پێناچێت خواست لەسەر نەوت لە ماوەیەکی زوودا نەمێنێ.

زۆربەی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت ئەوەیان قبووڵ کردووە کە دەبێت لە داهاتوودا زیاتر وەبەرهێنان لە بواری گازی سروشتی و وزە نوێبووەکاندا بکەن و کەمتر لە بواری نەوت.

سەرۆکی بەشی کاڵا لە سندوقی نێودەوڵەتیی دراو (IMF) پێیوایە جیهان چاوەڕێی روودانی گەورەترین کێشەیە لە بازاڕی نەوتدا.

جیهان خەریکە بەرەورووی داهاتوویەک دەبێتەوە کە کۆتایی بە سەردەمی نەوت دێت. هەرچەندە لە رووکەشدا بەردەوامی دیاربێت لە ویستی مرۆڤ بۆ نەوت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا چیرۆکەکان شتێکی دیکەمان پێدەڵێن. بۆیە لە کۆتاییدا سێ پرسیار دەخەمەڕوو:

1- ئایا حکومەتەکان بەرەنگاربوونەوەی پلەکانی گەرمیی گۆی زەوی بە هەند وەردەگرن و بە دوای بەهێزکردنی ئەڵتەرناتیڤی وزەی سەرچاوە بەردینەکاندا دەڕۆن، یان بە چنگ و ددان پارێزگاری لە داهاتووی نەوت دەکەن بۆ دابینکردنی بودجەکانیان؟

2- ئایا کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە زلهێزەکان ئامادەن دەست لە وەبەرهێنانەکانیان لە بواری نەوتدا هەڵبگرن؟

3- ئایا بەکاربەران جا چ دانیشتووی وڵاتە پێشکەوتووەکان یان جیهانی سێیەم بن، ئامادەن نەڕەی بزوێنەرە بەنزینییەکانیان بە ویزە ویزی بزوێنەری کارەبایی بگۆڕنەوە؟

*** مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەدین**

ڕووداو هونەری
ژمارە ( 442 ) - دووشەممە 2017/1/23

## دوژمنی گەل لە سلێمانییە

پشتیوان جەمال / ڕووداو- سلێمانی

کۆڕی شانۆی با، سەرقاڵی پڕۆڤەی نوێترین بەرهەمی شانۆیین کە تێکستەکەی سەدەیەک لەمەوبەر نووسراوە، شانۆگەرییەکەش لە مانگی ئاداری ئەمساڵ نمایش دەکرێ. ڕەنج مستەفا، دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شانۆگەریی (دوژمنی گەل) کە لە نووسینی نووسەری ناوداری نەرویجی هێنریک ئیپسنە، هەشت ئەکتەر تێیدا بەشدار دەبن. شانۆگەریی دوژمنی گەل یەکێکە لە ناودارترین دەقە شانۆییەکانی ئیپسن کە تێیدا ڕەخنەی توند ئاراستەی بیر و نەریتی باوی ئەوکاتی کۆمەڵگەی نەرویجی دەکات.

# کچانی فۆتۆگرافەری ئێزدی میوانی ئیتاڵیان



ڕۆما- ئیتاڵیا

شاندێکی کچانی کوردی ئێزدی لە ئیتاڵیان کە سەرجەمیان فۆتۆگرافەرن، ئەوان دەیانەوێ بە جیهان بڵێن چیدی ڕازی نابن وێنەی ئەوان وەکو قوربانییەک بڵاوبکرێتەوە، بەڵکو دەیانەوێ خۆیان وێنەی ڕووداوەکان بچرکێنن.

ئەو شاندەی کچانی ئێزدی کە سەرجەمیان ئاوارەی کەمپی خانکێن لە دهۆک، ڕۆژی 2016/1/22 گەیشتنە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا. بانگهێشتکردنی ئەو کچانە دوای سەردانی وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا بۆ کەمپی خانکێ دێت کە ڕۆژی 10/5/ 2016 سەردانی ئەو کەمپەی کردبوو.

شاندەکە پێکهاتووە لە پێنج کچی فۆتۆگرافەر بەناوەکانی (زینە سەلیم، سامیە جندۆ، خلوود حەسەن، خەولە شەمۆ و مەنال بەرەکات)، ئەوە جگە لە بەڕێوەبەری پڕۆژە و ستافی ڕێکخراوی ئاردیئۆ. ئەو شاندە جگە لە چالاکییە هونەرییەکانیان سەردانی هەندێک لایەنی پەیوەندیدار دەکەن وەک حکوومەت، پەرلەمان، ئاژانس و میدیا ئیتالییەکان.

ئەو پێنج کچە فۆتۆگرافەرە کامێراکانیان پڕە لە وێنە، بڕیارە ڕۆژی 2017/1/24 پێشەنگایەکی فۆتۆگرافی لە مۆزەخانەی ماکسی بکەنەوە. پێشەنگاکە کە لەلایەن وەزیری بەرگریی ئیتاڵیاوە دەکرێتەوە، ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێ.

شەیدا حیسامی کە سەرپەشتی ئەو شاندەی کچانی کوردی ئێزدی دەکات، لە ئەکاونتی خۆیەوە لە فەیسبووک ڕایگەیاند، جگە لە کردنەوەی پێشەنگاکە، دوو خولی ڕاهێنانی فۆتۆگرافی لەلایەن چەند فۆتۆگرافەرێکی ئیتالی بۆ کچەکان دەکرێتەوە، جگە لەوەش سەردانی هەندێک میدیا و ئاژانسی وەک ڕێپۆبلیکا و ناسا دەکەن بۆ ئەوەی کچەکان لەنزیکەوە ئاشنا ببن بە کاری میدیایی ئەورووپی.

پڕۆژەی کچانی کوردی ئێزدی - فۆتۆژۆرنالیست (تەکنیکی فۆتۆگرافی بۆ بەهێزکردنی کچانی ئێزدی) لەلایەن ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕی ڕاگەیاندن شەیدا حیسامی لە ڕۆژی 2015/2/1 پێشکەشی ڕێکخراوی یونیسێف کراوە و لە ڕۆژی 2015/5/1 گرێبەستی ئەنجامدانی پڕۆژەکە لە نێوان ڕێکخراوی یونیسێف و ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەو گەشەپێدان بە فەندی حکومەتی ئیتاڵیا بۆ ماوەی چوار مانگ ئیمزا کرا.

شەیدا حیسامی دەڵێت "لەچوارچێوەی ئەم پڕۆژەیە لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، لە دوو بەشی جیاوازدا 25 کچی کوردی ئێزدی دەستنیشان کران کە ژمارەیەکیان ڕزگاربووانی دەستی داعش و ئەوانی دیکەش لە ئاوارەکانی شنگالن و سەرجەمیان دانیشتووی کەمپی خانکێن لە دهۆک".

### سەرپەرشتیاری پڕۆژەی کچە فۆتۆگرافەرەکان:
### ئێستا کچانی کوردی ئێزدی، وەک بکەرێکی بەهێز لە فۆرمی ژۆرنالیستی دەردەکەون، نەک قوربانی

حیسامی زیاتر لەبارەی ناوەڕۆکی پڕۆژەکە قسەی کرد و گوتی "لە هەردوو بەشی پڕۆژەکە، چەند فۆتۆگرافەر و ڕۆژنامەوانێک بانگهێشت کراون تاوەکوو خولی فێربوونی کچەکان لە سەرەتاییەوە بۆ پێشکەوتوو لە ئەستۆ بگرن لە بوارەکانی بنەما سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن، تەکنیکە سەرەتایی و پێشکەوتووەکانی فۆتۆگرافی، گێڕانەوەی چیرۆک لە ڕێگای فۆتۆوە، یاساکانی ڕاگەیاندن، تەکنیکی ئەرشیف و سۆشیاڵ میدیا، تەکنیکی خۆناساندن و پێشکەشکردن".

وەک حیسامی ئاماژەی بۆ کردووە، دوای تەواوبوونی دوو خولی تایبەتی فۆتۆژۆرنالیستی، کچەکان پڕۆژەکەیان کردووە بە پراکتیک و بەرهەمەکانیشیان لەچەند میدیایەکی ناوخۆیی و جیهانی، وەک ئەیج، ڕۆیتەرز، یاڵلا عێراق بڵاوکردنەوە. هەروەها چوار پێشانگایان لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک بۆ کراوەتەوە. ئەویش بە هاوکاری ڕێکخراوی یونیسێف، زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، فێستیڤاڵی گەلاوێژ، فێستیڤاڵی فۆتۆگرافی مێترۆگرافی.

بەگوتەی حیسامی، ئەو گرووپە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فۆتۆژۆرنالیستی پێرپینان لە فەرەنسا ناسێندراون و کورتەی پڕۆژەکەیان لە ماڵپەڕی فێستیڤاڵەکە بڵاوکرایەوە. شەیدا حیسامی دەڵێت "بەهۆی ئەو چالاکیانەوە یەکێک لە کچە فۆتۆژۆرنالیستەکان توانی کۆرسی خوێندنی چوار ساڵ لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی نێودەوڵەتی (ئێل سی سی) لە لیتوانیا بەدەست بهێنێ".

سەبارەت بە ئامانجە سەرەکییەکانی پڕۆژەکە، شەیدا حیسامی دەڵێت "ئامانجە سەرەکییەکانی پڕۆژەکە، بەهێزکردنی ئەو کچانەیە بە تەکنیکی ژورنالیستی بۆ گەیاندنی دەنگ و پەیامی کوردە ئێزیدییەکان لە چاو و دەست و قەڵەمی خۆیانەوە بۆ سەرانسەری دنیا. هەروەها دروستکردنی وێنەیەکی پۆزەتیڤی کچانی کوردی ئێزدی بەتایبەت ڕزگاربووانی دەستی داعش وەک بکەر نەک قوربانی، بەدۆکیومێنتکردنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەسەر دەستی ڕۆژنامەوانانی ئێزدی، دۆزینەوەی بەهرەمەندانی کورد لەبواری میدیایی و بەپرۆفێشناڵکردنیان لەڕێی خوێندن و فێربوون و بەدەستهێنانی داهات بۆ سەربەخۆکردنیان".

شەیدا هەروەها دەڵێت "ئەمڕۆ کچانی کوردی ئێزدی، وەک بکەرێکی بەهێز لە فۆرمی ژۆرنالیستی لە سەرانسەری دنیادا دەردەکەون، نەک وەک قوربانی. هەروەها دەبنە ئامرازێکی پرۆفێشناڵی بەهێز بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان و وڵاتیان".

## نیگاری ڕووس لە سلێمانی نمایش دەکرێت



ڕووداو- سلێمانی

وا بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا یەکەمین پێشانگای شێوەکاری ژمارەیەک هونەرمەندی ڕووس لە شاری سلێمانی بکرێتەوە.

پێشانگاکە لەلایەن بەختیار سەعید خاوەنی ناوەندی حەوت ڕەنگە دەکرێتەوە و بە هاوکاریی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیا، سازکراوە. بەختیار گوتی "ئەو پێشانگایە دەبێتە سەرەتایەکی کاری هاوبەشی ناوەندەکەمان و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووسیا و دواتریش کردنەوەی پێشانگای شێوەکاریی هونەرمەندانی کورد لە وڵاتانی دەرەوە".



## خەجێ بەرهەمە تازەکەی کلیپ دەکات



سەرباز سیامەند
ڕووداو- مێرسین

خانمە گۆرانیبێژی کوردی باکووری کوردستان خەجێ هەردەم کە بە شاکیرای کورد ناسراوە، نوێترین بەرهەمی هونەریی خۆی بەناوی چاڤکەن کلیپ دەکات.

خەجێی تەمەن 22 ساڵ خەڵکی شاری مووشی باکووری کوردستانە، بەڵام ئێستا لە مێرسین لەگەڵ دوو خوشک و برایەکی دەژی.

خەجێ کە بە ماوەیەکی کەم ناوبانگی دەرکردووە، خاوەنی هەشت گۆرانییە کە شەشیان بە کوردین و دووانیشیان بە تورکین. هەروەها لە چەند وڵاتێکی ئەورووپا کۆنسێرتی کردووە و لە خۆشەویستیشی بۆ تیپی تۆپی پێی داڵکورد، گۆرانییەکی بە جلی ئەو تیپەوە کلیپ کردووە.

خەجێ باسی نوێترین پڕۆژەی خۆی کرد و گوتی "زنجیرە کۆنسێرتێکم لە شارەکانی باکووری کوردستان و تورکیا و ئەورووپا بەدەستەوەیە ئەگەر دەرفەت هەبێت لە هەولێریش کۆنسێرت دەکەم".

## ملیۆنێر لە باج دەترسێ



پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

دوای 100 ڕۆژ لە نمایشکردن، نمایشی شانۆگەریی (ملیۆنێر) کۆتایی هات، ئەندامێکی تیپەکەش ڕازی نەبوو داهاتەکەیان ئاشکرا بکات.

ڕۆژی 2017/1/20 دوایین ڕۆژی نمایشی شانۆیی ملیۆنێر بوو کە لەلایەن تیپی هونەریی ڕەنگاڵەوە لە شاری سلێمانی پێشکەش کرا. هونەرمەند ماهیر حەسەن کە ئەکتەری سەرەکیی شانۆگەرییەکە بوو، بە (ڕووداو) گوت "پتر لە 35 هەزار کەس شانۆگەرییەکەیان بینیوە. ئەو ژمارەیەش لەم کاتەدا چاوەڕوانکراو نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر ماندووین و خەریکی درامایەکی 30 ئەڵقەیین بۆ مانگی ڕەمەزان، بۆیە کۆتاییمان بەنمایش هێنا". سەبارەت بە داهاتی شانۆگەرییەکەش، ماهیر حەسەن بە پێکەنینەوە گوتی "داهات بۆ حکومەت ئاشکرا ناکەین لەبەرئەوەی داوای باجمان لێدەکەن".

## باران بە دەستی پڕ دەگەڕێتەوە

هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

باران، کچە گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخوازێت لە کوردستان کۆنسێرت بکات، بەڵام دەیەوێت بە دەستی پڕەوە سەردانی کوردستان بکات.

باران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زۆر پێمخۆشە لە کوردستان کۆنسێرت بکەم، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆم نەڕەخساوە و هیوادارم بەزوویی ئەم هەلەم بۆ بڕەخسێت سەردانی کوردستان بکەم". گوتیشی "دەمەوێت کاتێک سەردانی کوردستان دەکەم بەدەستی پڕەوە بچم، واتە کاری نوێم ئامادە بێت".

باران، لەشاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و ئێستا لەکەنەدا دەژی. بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی گۆرانی دەڵێت.

ڕووداو تاراوگە
ژمارە (442) - دووشەممە 2017/1/23



## سوێد ڕێگایەکی نوێ بۆ کۆچبەرانی سووریا دەکاتەوە

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

حکومەتی سوێد ڕێگایەکی تازەی بۆ ئەو سووریانە کردووەتەوە کە دەیانەوێ بە خێزانەکانیان لە سوێد بگەن. ئەویش پێشکەشکردنی داواکارییەکانیانە لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی سوێد لە سوودان. ئیسابێلا لیۆڤینی، وەزیری گەشەپێدانی کاروبارە نێودەوڵەتیەکانی سوێد دەڵێت "بۆمان دەرکەوتووە گەیشتن بە باڵیۆزخانەکانی سوید لە وڵاتانی دراوسێی سووریا، کارێکی قورسە. زۆربەی وڵاتەکان داوایی ڤیزا دەکەن، بەڵام سودان ئەو مەرجەی نییە، هەر بۆیە ئەم ئاسانکارییەمان بۆ ئەو خێزانانە ڕەخساندووە و دەتوانن لەوێ داواکارییەکانیان بکەن" بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندامێکی خێزانەی لە سوید بگاتەوە، پێویستە لە باڵیۆزخانەیەکی سوید چاوپێکەوتن بکات.

# کچە ئاوارەیەکی کورد سەرنجی ئەورووپییەکان ڕادەکێشێ

ڕووداو – ڕۆما، ستۆکهۆڵم

چیرۆکی کچە کوردێکی کۆچبەر سەرنجی سوێدی و ئیتاڵییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، دوای ئەوەی ئەو کچە کوردە بۆی دەردەکەوێ ناتوانێت لە ئەورووپا ببێتە پزیشکێکی سەرکەوتوو، ئیدی ڕوو لە کەرتی گەشتیاری دەکات و دەبێتە بازرگانێکی سەرکەوتووە.

دانیە جەلیل عەفرینی کە خەڵکی شارۆچکەی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانە، هەفتانە سەتان گەشتیار لە ئاسیاوە دەگوازێتەوە بۆ وڵاتانی باشوور و ڕۆژئاوای ئەورووپا. دانیە دەڵێت "ژاپۆنی و چینی و بەشێکی زۆریش لە گەشتیارە عەرەبەکانی کەنداو، تەنیا پشت بە من دەبەستن".

دوای بەهاری عەرەبی و تێکچوونی ڕەوشی سووریا لە ئاداری 2011، ژیانی دانیە و خێزانەکەشی وەکو هەزاران خێزانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان تێکدەچێ و لە ترسی شەڕ ئاوارە دەبن. دانیە لەگەڵ خێزانەکەی دەچنە باشووری کوردستان.

ئەو کاتەی زێدی خۆی جێهێشتووە، دانیە قوتابیی قۆناغی دووەمی کۆلێژی پزیشکی بوو لە دیمەشق، بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی دەچێتە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، بەهۆی خراپیی ڕەوشی ئابووریی خۆی و خێزانەکەی نەیتوانیوە خوێندنەکەی تەواو بکات. جگە لەوەش لە هەولێر پێیانگوتووە دەبێ لە کۆلێژێکی نزمتر لە کۆلێژی پزیشکی بخوێنێ.

گوتەیەکی باو هەیە دەڵێت "پێویستی دایکی داهێنانە"، دانیە دوای ئەوەی بێئومێد دەبێ لە خوێندن و دەبینێ باری دارایی خێزانەکەشی باش نییە، بڕیار دەدات کار بکات.

دانیە دەڵێت "ماوەیەک لە مارکێتێکی گەورە کارم کرد، دواتر ڕووم لە کاری مارکێتینگ کرد. بەڵام هیچیان بەقەد پیشەی دروومان بۆ من خۆش نەبوو، کەچی دواتر بوومە بازرگانی گەشتیاری".



دانیە عەفرینی لەگەڵ گرووپێکی گەشتیاری لە شاری ڕۆمای ئیتاڵیا (فۆتۆ: ڕووداو)

دانیە دوای ئەوەی لە هەرێمی کوردستان تووشی چەند کێشەیەک دەبێت لەگەڵ خاوەنکارەکانی، ڕوو لە کاری دروومان دەکات و لەگەڵ کچە کوردێکی شاری هەولێر پێکەوە لە ناوجەرگەی بازاڕی هەولێر دووکانێک دادەنێن "زۆر سەرکەوتوو بووین و ڕۆژانە دەیان کەسمان بەڕێ دەکرد، چەندین مۆدیلی نوێمان فێری بەرگدرووەکانی ئەوێ کرد".

دانیە زمانی عەرەبی و کوردی و تورکی و ئینگلیزی و کەمێکیش فەرەنسی زانیوە، بۆیە زۆرجار کاری وەرگێڕانیشی کردووە، بە تایبەتی لە نەخۆشخانەکان. دانیە دەڵێت "زۆر لە عەرەبەکانی شارەکانی عێراق کە دەهاتنە هەولێر من کاری وەرگێڕانم بۆ دەکردن، بەتایبەت لە نەخۆشخانە تورکییەکان".

پاشان واز لە پیشەی بەرگدرووی دێنێ و لە کۆمپانیایەکی تورکی تایبەت بە هێنان و بردنی نەخۆش وەکو وەرگێڕ دەستبەکار دەبێ و دواتریش هەر لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە دەچێتە تورکیا.

دانیە وەکو زۆربەی ئاوارەکانی سووریا لە تورکیا، بیرۆکەی چوونە دەرەوە دەکەوێتە سەری، بۆیە تورکیا بەرەو وڵاتانی دیکەی ئەورووپا جێدێڵێ، بەڵام قەت ناخۆشییەکانی ڕێگای کۆچ لەیاد ناکات. دانیە دەڵێت "گوشاری خێزانەکەم و ویستی خۆشم، هانی دام بچمە ئەورووپا، بەڵام ناخۆشییەکانی ڕێگای کۆچ و لەدەستدانی هاوڕێکانم، ژیانێکی ناخۆشتر لە سووریای نیشاندام".

### پۆلیسی دەریایی ئیتاڵیا لە مەرگ ڕزگاریان کردبوو

### ئالان سڤانسۆن: زیرەکی و توانا و پاکیی دانیە، هانیدام بیخوازم

ئەو یەختەی دانیە و دەیان کۆچبەری تری هەڵگرتبوو لە نێوان یۆنان و ئیتاڵیا نغرۆ بووە و چەند هاوڕێیەکی تێیدا خنکاون، بەڵام ئەو و چەند کۆچبەرێکی دیکە لەلایەن پۆلیسی دەریایی ئیتاڵیاوە ڕزگارکراون.

دانیە دوای ڕزگارکردنی لە دەریا، چانسی ئەوەی هەبووە لە یەکێک لە باڵەخانە کۆن و نیمچە ڕووخاوەکانی ڕۆما نیشتەجێ ببێ کە لەلایەن پەکەکەوە بەڕێوە دەبرا. دانیە دەڵێ "هێشتیان لەنێو ئەو باڵەخانە کۆنەدا بخەوم، ئەوەش بۆ ئیتاڵیا شتێکی زۆر زۆرە"، بەڵام دەڵێت دوای ئەوەی قبوڵی نەکردووە کاری سیاسیی بۆ پەکەکە بکات و زانیویشیانە خێزانەکەی لایەنگری پارتێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانن "ئیدی پەکەکە لە باڵەخانەکە دەریانکردم، زیاتر لە مانگێک لەگەڵ برایەکم و خاڵۆزایەکم لەسەر شەقام ماینەوە".

کاتێک دانیە بۆی دەردەکەوێ ئیتاڵیا ژینگەیەکی لەبار نییە بۆ کارکردن و کار لەوێ کەمە، بڕیار دەدات ڕووبکاتە سوێد. ئێستا دانیە لە سوێد مافی مانەوەی کاری لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی گەشتیارییەوە وەرگرتووە. ئێستا گەشتیار لە نێوان وڵاتانی ئەورووپی دەگوازێتەوە.

دانیە دەڵێت "مانگانە نزیکەی 700 گەشتیار ئیدارە دەکەم، مافی کاری گەشتیاریم لە ڕۆما و ڤێنیسیا و ڤیەننا و پاریس و ئەمستردام هەیە و گەشتیار لە سوێدەوە دەگوازمەوە بۆ ئەو شارانە".

دانیە عەفرینی ئێستا 6 کارمەندی هەیە و لە بەرنامەیدایە کارەکەی فراوانتر بکات و گەشتیارەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بگوازێتەوە.

دانیە شووی بە گەنجێکی سوێدی کردووە و پێکەوە کاری گەشتیاری دەکەن. خۆشەویستیی دانیە بۆ پیشەکەی، وای لێکردووە هەرگیز بیر لەوە نەکاتەوە ببێتە پزیشک، یان لە بواری تەندروستی کار بکاتەوە.

ئالان سڤانسۆن کە پێشتر بازرگان بووە و هاوژینی دانیەیە، دەڵێت "دانیە کارەکەی منی فراوان کرد و پاکی و زیرەکیی ئەو لە کارەکەی هانیدام بیخوازم، دڵنیام لە ژیانی خێزانیشمان بەوجۆرە سەرکەوتوو دەبین".

میدیاکانی سوێد و ئیتاڵیا دانیەیان وەک کچە پاڵەوانێکی سەرکەوتووی کۆچبەر ناساندووە. لەوەتای لە ئەورووپایە چەندین هەڤپەیڤینی لەبارەی ئەزموونی کارکردنی لەگەڵ سازکراوە.

# لە ئەورووپا ڕق لە بیانی گەورەتر دەبێت

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

لارس هیلتن، 26 ساڵ، پاسەوانی بەردەم یەکێک لە دیسکۆ گەورەکانی ستۆکهۆڵمە، زۆر بە ورياييەوە ڕێگە بەو کەسانە دەدات کە دەچنە ناو دیسکۆکە، بە تایبەتی بەوانەی کۆچبەرن و لەنێو ئەورووپییەکان بە "سەر ڕەش" ناسراون.

لارس دەڵێ شەوێکیان دوو گەنجی سەر ڕەش ویستوویانە بچنە یانەکە، بەڵام ئەو ڕێگەی نەداوە بچنە ژوورەوە "دڵنیام ڕەنگە بیرکردنەوەیان وەک من بوو بێت، بەڵام چی بکەم، ئەوەندە ترسام نەمتوانی بیانکەمە ژوورەوە و دەرمکردن، ترسام شتێک بکەن لەشێوەی ئەوەی لە ئیستەنبوڵ ڕوویدا".

هیلتن گوتی "هەمیشە ترسم لە ڕووداوی لەو شێوەیە هەیە، بەتایبەت کە کەسێکی بیانیی سەر ڕەش دەبینم وا هەست دەکەم تەقەم لێدەکات".

### پاسەوانە مەدەنییەکان چەکدار دەکرێن

ئەگەرچی پۆلیس و دەزگای نیشتمانیی ئاسایشی سوێد ڕێگەیان بە پاسەوانی هەندێک شوێن و دامەزراوە هەستیارەکان داوە چەک هەڵبگرن، بەڵام هێشتا بۆ پاسەوانی بار و دیسکۆ و هۆڵ و کۆبوونەوەکان ڕانەگەیەندراوە. لارس دەڵێت "ئێمەش پێویستمان بە هەڵگرتنی چەک هەیە، بەڵام کە کار گەیشتە ئەوە، ئیدی من واز لە پیشەکەم دەهێنم".

لەگەڵ هەڵکشانی ڕووداوە تیرۆرستییەکان، ژمارەی ئەو کەسانەش زۆر زیادی کردووە کە دژە بیانین، یان ترسیان لێیان هەیە. لە دوو هەفتەی ڕابردوودا چەندین خۆپیشاندان لە وڵاتانی ئەورووپا دژی کۆچبەران کراون.

تا ئێستاش 14 وڵاتی ئەورووپی یاسای توندیان بۆ تیرۆر دەرکردووە و چەندین

### ڕاپرسییەک: %52ی ئەورووپییەکان دژی کۆچبەرانن

### پاسەوانێکی سوێدی: کە بیانییەک دەبینم، هەست دەکەم تەقەم لێدەکات

پرۆسەی چاودێرییان لەسەر بیانی و تاراوگەنشینان دەستپێکردووە. ڕێکخراوێکی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت "ئەورووپا مافی کەمینە بیانییەکان پێشێل دەکات".

سامۆیل ریگمان، چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەرچی تیرۆر و کاری توندوتیژی بووەتە ڕاستییەک، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی وڵات بکرێتە سەربازگە".

بەڕای ریگمان "ڕێگەدان بە (پاسەوانی مەدەنی) بە هەڵگرتنی چەک و هێنانە سەر شەقامی پۆلیسی سەربازی وەک ئەوەی لە فەرەنسا بووەتە دیاردە، سەرەتایەکی مەترسیدارە بۆ ئەورووپا".

بەڕای ئەم چالاکڤانە، هەموو ئەمانە بەکۆی ڕووداوە خوێناوییەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیاوە نابێت ببێتە پاساوێک بۆ دژایەتی بیانی و تاراوگەنشینان.

### یاساکان دژ بە تاراوگەنشینان

بەپێی ڕاپرسی دامەزراوەی نەهێشتنی بزووتنەوە ڕەگەزپەرستەکانی ئەورووپا (MINEUP) ڕێژەی دژ بە بیانییەکان لە ئەورووپا زۆر زیادی کردووە.

بەپێی ڕاپرسییەک کە 35 هەزار کەس لە وڵاتانی ئەورووپا بەشدارییان تێدا کردووە، %52ی ئەورووپییەکان دژی بیانین و دژی ئەوەن حکومەتەکانیان کۆچبەر وەربگرن.

زۆربەی ئەو خەڵکانەی دژ بە کۆچبەرانن دەکەونە ئیتاڵیا و نەمسا و نەرویج بە پلەی یەکەم، فینلاند و سوێد و ئەڵمانیا و بەریتانیا بە پلەی دووەم.

سینان ئۆغلۆ، 41 ساڵ کە لەو دامەزراوەیە کار دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ کاتێک هێندەی ئێستا دژەبیانی لە ئەورووپا زۆر نەبووە".

ئۆغلۆ کە ڕەچەڵەکی تورکە و لە سوێد لەدایک بووە، پێیوایە زیادبوونی ئەو ڕق و کینەیەی بەرامبەر بیانیانی وڵاتانی ئەورووپی هەیە، پەرچەکردارە بەرامبەر هەڵسوکەوتی تاراوگەنشینان، بەتایبەت تێوەگلانیان لە تیرۆر.

لەماوەی ئەم مانگەدا زیاتر لە چوار خۆپیشاندان دژ بە کۆچبەران لە وڵاتانی ئەورووپا سازکراون و بە ئاشکرا دژ بە کۆچبەران دروشمیان بەرز کردووەتەوە. بە باوەڕی زۆر لە ئەورووپییەکان، ئەوانەی کاری تیرۆر و توندوتیژی دەکەن، تاراوگەنشینانی ئەورووپان.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی "بیانیان گەورەترین قوربانی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرن". لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ئەورووپا ڕوو لە پێشێلکارییە و یاسا تازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر ژیانی بیانیانی خستووەتە ئاستێکی دیکە "یاساکان، بیانییەکان وەک کەمینەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەنە ئامانج".

ئەگەرچی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی ئەمنستی (سوێد)ی لە لیستەکە دەرهێناوە، بەڵام جەختی لەوە کردووەتەوە یاسای تیرۆر لە 14 وڵاتی دیکەی ئەورووپی، بیانییەکانی کردووەتە ئامانج.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ چەند شتێک کردووە بەرامبەر بیانی و تاراوگەنشینان، لە نێویاندا "چاودێری و کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆ و بینینی نامە و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان".




بە باوەڕی زۆر لە ئەورووپییەکان، ئەوانەی کاری تیرۆر و توندوتیژی دەکەن، تاراوگەنشینانی ئەورووپان.

### بیانییەکان سوێدیان کردە 10 ملیۆن

ڕۆژی 20/1/2017 دەزگای ئاماری نیشتمانی سوێد (SCB) ڕایگەیاند، ژمارەی دانیشتووانی سوێد گەیشتووەتە 10 ملیۆن کەس، بەم پێیەش دانیشتووانی سوێد ژمارەی پێوانەیی تێپەڕاند و سوێدییەکان ئاهەنگیان بۆ گێڕا.

چالاکڤانەکەی مافی مرۆڤ جەخت لەوە دەکاتەوە، بەخشینی ڕەگەزنامە بە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرەکان ئەم ڕێژەیەی گەیاندە دە ملیۆن کەس."بەوانەوە ژمارەمان زیاد بوو، بەوپەڕی تواناشیانەوە خزمەت بە وڵات دەکەن".



## ژنەکەی سلێمانی بەهۆش هاتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

رائید هیوا کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ژنەی لەماوەی رابردوودا بەهۆی ئەشکەنجەدانی لەلایەن مێردەکەیەوە بێهۆش ببوو، بەهۆش هاتووەتەوە. رائید هیوا گوتی "ئەو ژنە لە ئیفادەی سەرەتاییدا سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمارکردووە و گوتوویەتی مێردەکەی لە کچێکیانی داوە، ئەویش گوتوویەتی بۆچی لێی دەدەیت، لەسەر ئەوە مێردەکەی ئەشکەنجەی داوە". ناوبراو گوتیشی "بە قسەی ژنەکە، مێردەکەی بە خشت لێی داوە و بە سویچی ئۆتۆمبیلیش بە سەریدا کێشاوە، گوارەکانی لە گوێچکەشی ڕاکێشاوە و گوێچکەی بریندار کردووە".

# دوو هەفتە دوای مارەکردنی، خۆی سووتاند

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو– سۆران**

دەوران، تەنیا دوو هەفتە بوو ئەڵقەی لە پەنجە کردبوو، ئاواتیشی ئەوە بوو ببێتە پارێزەر، بەڵام ئاواتەکەی نەهاتەدی و خۆی سووتاند. پۆلیس دەڵێت خۆسووتاندنی ئەو کچە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و کەسوکاری بە زۆر بەشوویان داوە، بەڵام برایەکی کچەکە ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2017/1/16، دەوران ئەحمەد، تەمەن 19 ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی سۆران، لە گەرماوی ماڵی خۆیاندا خۆی سووتاند و ڕۆژی دواتر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای شاری هەولێر گیانی سپارد. بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، جەستەی دەوران بە ڕێژەی 90% سووتابوو. دەوران خوێندکاری قۆناغی یەکەمی بەشی یاسا بوو لە زانکۆی سۆران.

ملازم شیروان خالید، بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کاژێر 4ی ئێوارە لەلایەن نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران لەو ڕووداوە ئاگادار کراونەتەوە و دوای بەدواداچوون دەرکەوتووە ئەو کچە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە خۆی سووتاندووە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەتەوە، بەڵام لەبەر زۆریی ڕێژەی سووتاوییەکەی، گوتەی وەرنەگیرا.

ملازم شێروان گوتی "ئەفسەری ئێشکگرمان چووەتەوە نەخۆشخانە، کچەکە بێهۆش بووە و نەیتوانیوە گوتەی وەربگرێت، دواتر بەمەبەستی لێکۆڵینەوە چووەتە ماڵی کچەکە و لە خزمە نزیکەکانیان کە ئاگاداری ڕووداوەکە بوون، بیستوویەتی پێشتر ئەو کچە کوڕێکی خۆشویستووە، بەڵام کەسوکارەکەی بەو کوڕەیان نەداوە، دوو هەفتە لەمەوبەر بە زۆر لە کەسێکی دیکەیان مارە کردووە".



دەوران ئەحمەد

## پۆلیس: ئەو کچە بەزۆر بەشوو درابوو

## برای کچەکە: خوشکەکەم شووی بە کەسێک کرد کە خۆشیدەویست

خوێندکارێکی هاوڕێی ئەو کچە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "دەوران لە سەرەتای ئەمساڵدا شووی کرد، بەو بۆنەیەوە شیرینی بۆ هێنابین و بە ڕوخساریدا دڵخۆش دیار بوو، بەڵام نازانین لە دڵیشەوە وا بوو یان نا".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سۆران کە تایبەت دراوەتە (ڕووداو)، ساڵی ڕابردوو 22 ئافرەت سووتاون و 10 ئافرەتیش خۆیان سووتاندووە، 20 لەو ئافرەتانە گیانیان لەدەستداوە.

کوردۆ ئەحمەد ڕەشید، برا گەورەی دەوران لە دووەم ڕۆژی پرسەی خوشکەکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی دەوران تەمەنی تەنیا شەش مانگ بووە کە باوکی مردووە، بۆیە هەموویان وەک دوایین یادگاری باوکیان سەیریان دەکرد "دەوران دوایین یادگاریی باوکمان بوو، بۆیە بە نازەوە گەورەمان کرد و سادەترین و بچووکترین داواکاری هەبووایە بۆمان جێبەجێ دەکرد".

کوردۆ ئێستاش وا دەزانێ خۆسووتاندنی خوشکەکەی خەونە و دەڵێت "دەوران هەمووومانی تووشی شۆک کرد. ئەو ڕۆژە چەرخی لە خوشکەکەی وەرگرتووە و پێیگوتووە دەرسم هەیە و ژوورەوە زۆر ساردە، سۆپا دادەگیرسێنم، دواتر چووەتە گەرماو و لەوێ نەوتی بەخۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە، کاتێک گەیشتمە سەری هەموو جەستەی ئاگر بوو، بە زوویی کوژاندمەوە و بردم بۆ نەخۆشخانەی سۆران، لەوێشەوە بۆ هەولێر، بەداخەوە بەهۆی زۆریی سووتانەکەی تەنیا ڕۆژێک لە نەخۆشخانە مایەوە و گیانی سپارد".

کوردۆ ئەو قسەیەی پۆلیسی ڕەتکردەوە کە دەڵێت بەهۆی ئەوەی بە زۆر بەشوودراوە بۆیە خۆی سووتاندووە. کوردۆ گوتی "ئەو قسانە ڕاست نین، دەوران شووی بە کەسێک کرد کە پێشتر خۆشیدەویست، هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین جارێ شوو بکات، چونکە تازە لە زانکۆ وەرگیرابوو، حەزمان دەکرد خوێندنەکەی تەواو بکات، ئینجا شوو بکات، بەڵام ئەو زۆر پێداگیریی کرد لەسەر ئەوەی شوو بەو کوڕە بکات کە خۆشیدەوێت". گوتیشی "جگە لەو کوڕەی هاتبووە خوازبێنی و شووی پێکرد، کەسی دیکە نەهاتووەتە داوای دەوران".

کوردۆ دەڵێت تەنانەت خوشکەکەشی نەیزانیوە بۆچی خۆی سووتاندووە. کوردۆ گوتی "دەوران لەو قسانەی کە بۆ پۆلیس و دادوەری کرد لە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوا، خۆیشی نەیدەزانی کە بۆچی خۆی سووتاندووە، زۆر پەشیمان بوو هەر دەیگوت چارەم بکەن با نەمرم، من هیچ کێشەیەکەم نەبوو، بۆچی وام لە خۆم کرد".

# کچێک لە تەقتەق بوو بە سووتماک

**عومەرچاوشین**
**ڕووداو – تەقتەق**

پەیمان چەند ساڵێک بوو لە خواردنی گۆشت و بەروبوومی ئاژەڵ و پەلەوەر دوورکەوتبووەوە، چونکە پێیوابوو مرۆڤ بەو کارە ئاژەڵ ئازار دەدات، بەڵام ئەو بە ئازاردانی خۆی، خۆی لە نێوبرد و زامێکی قووڵیشی لە دڵ و دەروونی کەسوکاریدا جێهێشت کە ڕەنگە وا بە زوویی سارێژ نەبێ.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/1/7 کەسوکاری پەیمان تەها سەلیم، بە قیژەی پەیمان خەبەریان بووەوە، کاتێک لە خەو ڕاپەڕین، بینییان ئاگر لە جەستەی پەیمان بەرز دەبێتەوە. پەیمان 100%ی جەستەی سووتا، دوای پێنج کاژێر گیانی دەرچوو.

پەیمانی تەمەن 29 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی سەربەستی بوو لە شارۆچکەی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیە، دەرچووی زانکۆ بوو، شووی نەکردبوو. کەسوکارەکەی دەڵێن چەند ساڵێک بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو.

ڕێباز ڕەزا کە ئامۆزای پەیمانە، دەڵێت باوکی پەیمان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، پەیمان و خوشک و براکانی بەبێ باوک گەورە بوون. هەروەها دەڵێت "پەیمان دەرچووی بەشی جوگرافیا بوو لە زانکۆی کۆیە، تاوەکو زانکۆی تەواو نەکرد، هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام دوای تەواوکردنی خوێندن هەر لەماڵەوە بووە و نەهاتووەتە دەرەوە".

ڕێباز بە سەرسوڕمانەوە باسی خۆسووتاندنی ئامۆزاکەی دەکات و دەڵێت "پەیمان کچێکی زۆر بە بەزەیی بوو، گۆشتی ئاژەڵ و پەلەوەری نەدەخوارد، چونکە پێیوابوو بە سەربڕینی پەلەوەر و ئاژەڵ مرۆڤ تاوانێک دەکات کە ئازاری پەلەوەر و ئاژەڵ دەدات، تەنانەت شیر و ماست و هێلکە و پەنیریشی نەدەخوارد و دەیگوت ئەوانە حەرامن، مرۆڤ دەبێ ڕووەکی بێ و تەنیا سەوزە و میوە بخوات". گوتیشی "کچێکی زۆر دیندار بوو، بەردەوام قورئانی دەخوێند، بۆیە پێمان سەیرە خۆی سووتاند".

ڕێباز باسی ساتی خۆسووتاندنی پەیمان دەکات و دەڵێت "بەیانی زوو لە خەو هەڵساوە، دەرگای ژوورەوەی لەسەر دایکی داخستووە، دایکی لەو کاتەدا خەبەری بووەتەوە دەبینێ دەرگا داخراوە، کاتێک لە پەنجەرە سەیری دەرەوە دەکات دەبینێ پەیمان خۆی داوەتە بەر بەلوعەی تانکیی نەوتی ماڵەوەیان تاوەکو گشت گیانی بە نەوت تەڕ بووە. هەرچەندە دایکی هاواری کردووە کە خۆی نەسووتێنێ، بەڵام پەیمان بە بەرچاوی دایکییەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی پەیمان، ڕێباز دەڵێت "پەیمان دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، بردمان بۆ لای چەندین پزیشک، بەڵام سوودی نەبوو، تەنانەت بردمان بۆ لای چەند شێخ و پیاوچاکێک گوایە ئەو جۆرە نەخۆشانە چاک دەکەنەوە، بەڵام ئەویش سوودی نەبوو".

ڕێباز باسی هەندێک لە هەڵسوکەوتەکانی پەیمان دەکات و دەڵێت "دوژمنی ئەوە بوو پیاوێکی بێگانە بچێتە ماڵیان، دەیگوت نابێت و حەرامە. زۆرجار کەلوپەل و خواردنی ماڵەوەی فڕێدەدایە دەرەوە. کە دەچووە بازاڕ تەشقەڵەی بە دوکاندارەکان دەکرد، ئەگەر عەقڵی نرخی شتێکی نەگرتبایە بەسەر دوکاندارەکەدا هاواری دەکرد. جاری وا هەبوو کە دەچووە بازاڕ بە جارێک 10 ماکسی دەکڕی، کاتێکیش تووڕە دەبوو هەر هەمووی بە مقەست پارچەپارچە دەکردن".

ڕەوشەن عەبدوڵڵا کە دراوسێی ماڵی پەیمانە، قسەکانی ڕێباز پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت ئامۆزاکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە. ڕەوشەن گوتی "بەیانی زوو بوو کە پەیمان خۆی سووتاند، دراوسێکان بە بەتانیی تەڕ کوژاندیانەوە". گوتیشی "ئاگادار بووین کە پەیمان نەخۆش بوو، لە ماڵ نەدەهاتە دەرەوە. لە نەخۆشخانەش بەرلەوەی بمرێ گوتبووی زۆر پەشیمانم کە خۆم سووتاندووە".

کارێز نامیق، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی تەقتەق لەبارەی خۆسووتاندنی پەیمان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کچە بەیانی زوو خۆی سووتاندووە، دوای ئەوەی گەیەنرایە نەخۆشخانەکەمان چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی کە 100% بوو، بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر، لەوێش تەنیا پێنج کاژێر مایەوە و گیانی دەرچوو".

پۆلیس لێکۆڵینەوەی لە ڕووداوی خۆسووتاندنی ئەو کچە کردووە و بۆی دەرکەوتووە کە ئەو کچە نەخۆشیی دەروونی هەبووە بۆیە خۆی سووتاندووە. رائید ئەرسەلان بایز، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی ناحیەی تەقتەق بە (ڕووداو)ی گوت "پۆلیس بۆی دەرکەوتووە ئەو کچە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، لە ماڵەوە لەگەڵ دایکی بووە، دوای ئەوەی دەرگای لەسەر دایکی داخستووە، نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە".



# ژنە ئاوارەیەک خۆی دەسووتێنێ



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

خێزانەکەی سوعاد بە هەڵاتنیان لە سایە و دەسەڵاتی داعش، دەیانویست لە ژیانێکی ئارامدا بژین، بەڵام ترسی داعش وەکو مۆتەکەیەک لێیان جیانەدەبووەوە، سوعاد بەردەوام بیری لەو ڕۆژانە کردووەتەوە کە لەبن دەستی داعش بەسەریان بردبوو، بۆیە مێردەکەی دەڵێت بەو هۆیەوە تووشی نەخۆشیی دەروونیی بووە و خۆی سووتاندووە.

سوعاد محەممەد، تەمەن 39 ساڵ، دایکی سێ منداڵ، کاژێر 1:30 شەوی 2017/1/15 لەنێو کەمپی لەیلانی دوو لە نزیک شاری کەرکووک خۆی سووتاند و دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی کەرکووک، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەیەوە گیانی سپارد.

عەقید عەبدولفەتاح جەلال، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی لەیلان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ژنە 90%ی جەستەی سووتابوو. سەبارەت بەهۆکاری خۆسووتاندنەکەشی هاوژینەکەی بە پۆلیسی گوتووە بەهۆی مانەوەیان لە ژێر دەستی داعش ژنەکەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، بەو هۆیەوە خۆی سووتاندووە.

سوعاد، پێشتر لە شارۆچکەی حەویجەی سەر بە شاری کەرکووک ژیاوە. حەویجە لە هاوینی 2014ەوە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە داگیرکراوە، بەڵام ئەو خێزانە تەنیا مانگێک بوو خۆیان لە چنگی داعش ڕزگار کردبوو. ئەوان لەگەڵ هەزاران خێزانی دیکەی ئاوارە کە زۆربەیان بەمدواییە لە حەویجە هەڵاتوون، لە کەمپی لەیلان نیشتەجێ کراون.

سەباح محەممەد، برای سوعاد بە (ڕووداو)ی گوت، ئەو کاتەی لە حەویجە ژیاون، خوشکەکەی چەندین کردەوەی توندوتیژی داعشی بەچاوی خۆی بینیوە و ئەوەش کاریگەری لەسەر دەروونی جێهێشتووە. سەباح گوتی "ڕۆژێک لە حەویجە منداڵەکەی چووەتە دەرەوە و ویستوویەتی بیهێنێتەوە، بەڵام لە دەرەوە بینیویەتی داعش چۆن خەڵکیان کوشتووە و ئازاریان داون، سوعاد بە بینینی ئەو دیمەنانە شڵەژابوو، زۆرجار لە ناکاو لە خەو ڕادەپەڕی و دەیگوت ئەو دیمەنانەم لەبەر چاو ون نابن".

بە گوتەی سەباح، هەرچەندە خوشکەکەیان باری دەروونی باش نەبووە، بەڵام هیچ کاتێکیش باسی خۆکوشتن و خۆسووتاندنی نەکردووە. سەباح گوتی "ئەو کاتەی خۆی سووتاند، شەو درەنگ بوو هەموومان خەوتبووین، بەهۆی ڕووداوەکەوە خەبەرمان بووەوە".

توێژەرانی دەروونی دەڵێن ڕەفتاری توندوتیژ کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەڵسوکەوت و دەروونی ئەو کەسانە دەبێ کە دیمەنەکە دەبینن، بۆیە دەڵێن زۆربەی ئەو کەسانە پێویستیان بە ڕاهێنانی دەروونی هەیە تاوەکو لەبیری دەکەن، ئەگینا دوور نییە ڕووداوی هاوشێوەی خۆسووتاندنی سوعاد لە نێو ئاوارەکاندا چەندبارە ببێتەوە.

عەقید عەبدولفەتاح جەلال، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی لەیلان هۆشداریدا لە دووبارەبوونەوەی حاڵەتی دیکەی لەو شێوەیە لە کەمپە تازەکە و گوتی "ئەوانەی لەنێو داعش هەڵدێن بەگشتی باری دەروونییان باش نییە، لەبەرئەوە دەبێت لە هەموو ڕووەکانەوە و بەتایبەتیش لایەنی دەروونی هاوکاریی زیاتر بکرێن، ئەگینا حاڵەتی دیکەی خۆکوشتن دووبارە دەبێتەوە".

ئۆفیسی کەرکووکی کۆمەڵەی ئەمەلی عێراقی لە مانگی ئابی ساڵی ڕابردووەوە بەهاوکاری بەریتانییەکان پڕۆژەیەکیان بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ 600 ژنی کەرکووک و ئاوارەکان جێبەجێ کردووە.

سروود ئەحمەد، بەرپرسی ئۆفیسی کەرکووکی کۆمەڵەی ئەمەل بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەو پڕۆژەیە توانیویانە خزمەتێکی باشی ژنانی کەمپەکان بکەن، چونکە دوای هۆشیارکردنەوەی بەشێک لەو ژنانە، ئێستا هەر ئەو ژنانە، ژنانی دیکەی نێو کەمپەکان هۆشیار دەکەنەوە و گوتی "زۆر گرنگە بە حکومەتی عێراق و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پڕۆژەی هەمەجۆر بەتایبەتیش ئەو پڕۆژانەی پەیوەندییان بە هێوکردنەوەی دەروونیی ئاوارەکانەوە هەیە، بکەنەوە، چونکە ئاوارەکان بەهۆی مانەوەیان لە ژێر دەستی داعش باری دەروونییان زۆر خراپە".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (442) - دووشەممە 2017/1/23



## پلانی ڕفاندنی مێردمنداڵێک پووچەڵدەکرێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی کە ڕۆژی 2017/1/22 دەرچووە و وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی پلانی ڕفاندنی مێردمنداڵێکیان پوچەڵکردووەتەوە، لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "پاش وەرگرتنی بڕیاری دادوەر توانرا لەگەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی دوو تۆمەتباری بەڕەگەز کورد کە پلاندارێژەری تاوانەکە بوون دەستگیر بکرێن و بەپێی ماددەی 421 لەیاسای سزادانی عێراقی بەند کراون و مێرمنداڵەکەش لەدەستی ڕفێنەران ڕزگار کراوە". بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، ڕفێنەرەکان ویستوویانە مێردمنداڵەکە بۆ پارە بڕفێنن.



موقەدەمی مافپەروەر

ژیلەمۆ عەبدولقادر

## دڵی بۆ ژنە کۆنەکەی لێدەدات

ئافرەتێک ماوەی چوار مانگ بوو شووی کردبوو، لەو ماوە کورتەدا هەستی کردبوو مێردەکەی پەیوەندی لەگەڵ ژنە تەڵاقدراوەکەی پێشووی ماوە، ئەو دەیویست تێبگات کە هاوژینەکەی مەرامی چییە لە بەردەوامیدان بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ژنە کۆنەکەی، لە کاتێکدا بە ڕەزامەندی خۆی هاتووەتە خوازبێنیی ئەو.

ئەو ئافرەتە باسی چۆنیەتی ناسینی هاوژینەکەی کرد و گوتی کۆنە دراوسێیەکمان سەردانی کردین و باسی کوڕەکەی خۆی کرد کە ژنی هێناوە و تەڵاقی داوە، کاتی خۆی زۆریان لەگەڵ کوڕەکەی گوتووە کە ئەو ژنە بە کەڵکی تۆ نایەت، بەڵام ئەو زۆری خۆشویستووە و سوور بووە لەسەر ئەوەی بیخوازێ، کاتێکیش کچەکەیان گواستووەتەوە، بەردەوام شەڕی پێ فرۆشتوون و داوای لێکردوون ماڵی جیای بۆ دابنێن. بەڵام ئەوان ڕازی نەبوونە کوڕەکەیان ماڵی خۆی دابنێ، هەر بەو هۆیەش ئافرەتەکە داوای تەڵاقی کردووە و جیابووەتەوە.

کۆنە دراوسێیەکەی ماڵی ئەو ئافرەتە هاتووەتە سەر ئەسڵی مەبەستەکەی و پێیگوتوون، هەرچەندە کوڕەکەی حەز ناکات جارێکی دیکە ژن بهێنێتەوە، بەڵام ئەگەر کچەکەی ئێوە ڕازی بێ شوو بە کوڕەکەی بکات، قەناعەت بە کوڕەکەی دێنێ ماڵی بۆ دابنێ.

ئەو ئافرەتە کوڕەکە دەبینێ و قسەی دڵی خۆیان بۆ یەکدی دەکەن، هەردوولا بە یەکدی ڕازی دەبن. ئافرەتەکە دەگوازرێتەوە و ماڵی جیای بۆ دادەنرێ، بەڵام هەر زوو ئافرەتەکە دەکەوێتە گومانکردن لە هاوژینەکەی و دواتر بۆی دەردەکەوێ کە ئەو پیاوە هێشتا پەیوەندیی لەگەڵ هاوژینی پێشوویدا ماوە.

ئافرەتەکە لە بارەی ئەو پەیوەندییە قسە لەگەڵ هاوژینەکەی دەکات، ئەویش نکۆڵی لە پەیوەندییەکەیان ناکات و دەڵێت ڕاستە پەیوەندیمان ماوە، من ئەو ژنەم خۆشدەوێ و ئەگەر تۆ ڕازی بی، ئەو ئامادەیە دووبارە شوو بە من بکاتەوە. ئەویش پێیدەڵێت مادام دڵت بە ژنە کۆنەکەتەوە بوو، بۆچی هاتیتە خوازبێنی من؟

بەڵام هاوژینەکەی پێیگوتووە ئەوان هیچ کێشەیەکیان نەبوو، دایکی کێشەی بۆ دروستکردوون و ناچاری کردووە ژنەکەی تەڵاق بدات.

کاتێک بانگی پیاوەکە کرا و پرسیاری لێکرا بۆچی ژنێک دەخوازیت لە کاتێکدا هێشتا دڵت لەلای ژنە تەڵاقدراوەکەتە؟ پیاوەکە گوتی دایکی بە زۆر ئەو کارەی پێکردووە، ئێستاش نایەوێ دەستبەرداری ژنە تازەکەی ببێ و هەروەها دەیەوێ ژنەکەی پێشووی مارە بکاتەوە. لەوێ ژنەکە سەرپشک کرا کە ئایا ڕازی دەبێ ژنی پێشووی هاوژینەکەی بگەڕێتەوە یان نا، یان داوای جیابوونەوە دەکەی. هەروەها پێیڕاگەیەنرا کە دەتوانێ لە دادگای باری کەسی سکاڵا تۆمار بکات ئەگەر مێردەکەی سوور بوو لەسەر پەیوەندییەکەی، یان بەبێ ڕەزامەندی ئەو هاوژینە کۆنەکەی مارە کردەوە.

لە یاسای باری کەسییدا هاتووە "هەر کەسێک گرێبەستی هاوژینی بۆ زیاتر لە ژنێک بکات، بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی ژنی یەکەم وەربگرێ، ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە ساڵێک زیاتر نەبێ، هەروەها بە بڕی 10 ملیۆن دیناریش غەرامە دەکرێ".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# هاوڕێکەی خۆی لەسەر پارە دەکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی ئەو مامەڵەیەی لە نێوانیاندا هەبوو، ئاسۆ بڕێک پارەی کەوتبووە لای (خ)ی هاوڕێی، بەڵام (خ) لە جیاتی ئەوەی پارەکەی بداتەوە، پلانی کوشتنی ئاسۆ دادەنێت و هاوڕێیەکی خۆیان ڕادەسپێرێ بیکوژێت، هاوڕێکەشی پلانەکە جێبەجێ دەکات. دوای تاوانەکەش سێ کەس بە تۆمەتی کوشتنی ئاسۆ دەستگیر دەکرێن.

شەوی 2017/1/14 تەرمی (ئاسۆ، ئا) تەمەن 40 ساڵ، لەنێو باخەکەی خۆی لە ناوچەی تەگەرانی سەر بە ناحیەی چوارتای شاری سلێمانی بە کوژراوی دۆزرایەوە. ئاسۆ سەڵت بوو، لە پێشانگایەکی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کاری دەکرد.

نەقیب سائیب سەلام، گوتەبێژی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو گەنجە بە گوللە کوژراوە، دوای ڕووداوەکەش هێزەکانی پۆلیس بە هاوکاریی ئاسایش توانییان بکوژانی کە سێ کەس بوون، دەستگیر بکەن. بکوژەکانی بریتی بوون لە (م.ع) 51 ساڵ، بکوژی سەرەکی. (خ.م) 25 ساڵ و (ئا.ب).

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، لە لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە، (خ) هاوڕێی کوژراوەکە بووە و بەهۆی کڕین و فرۆشتنی زەوییەوە بڕێک پارەی ئاسۆ لای (خ) بووە، ڕەنگە داوای پارەکەی لێکردبێتەوە، شەوی ڕووداوەکەش بڕیار بووە ئاسۆ لە باخەکەی خۆی میوانداریی (خ) و (م)ی بکوژ بکات.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئاسۆ لەڕێگەی (خ) ەوە بکوژەکەی ناسیوە، ئەو شەوەش سەرەتا ئاسۆ و (م) لە باخەکە بوون و بڕیار بووە (خ) یش لە سلێمانییەوە بڕوات بۆ لایان، بەڵام پێش گەیشتنی هاوڕێکەی ئاسۆ، (م) بە گوللەیەک ئاسۆی کوشتووە و دواتر بە (خ)ی گوتووە کارەکەی تەواو کردووە".

سەرچاوەکە گوتیشی "ڕووداوەکە بە پلانی (خ) بووە و مەبەستیشی شاردنەوەی ئەو پارەیە بووە کە لەنێوانیاندا بووە، بەڵام نازانرێت بڕی پارەکە چەندە، بۆ کوشتنەکەش بەڵێنی بە (م) دابوو پارە و ئۆتۆمبێلی بداتێ".

بە قسەی سەرچاوەکە، هەر لە شەوی ڕووداوەکەدا کەسوکاری کوژراوەکە گومانیان لە (خ) بووە دەستی لەو کارەدا هەبێت، بۆیە سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر (خ) دەستگیرکراوە، لە ماوەی سێ ڕۆژیشدا بکوژی سەرەکی و کەسێکی دیکەش کە دەمانچەکەی شاردووەتەوە، دەستگیرکراون.

سەرچاوەکە هەروەها گوتی کە "تۆمەتبارەکان دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوە".

هاوڕێیەکی ئاسۆ بە (ڕووداو)ی گوت "ئاسۆ چەند ساڵێک بوو لە پێشانگەکان مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی دەکرد، بەڵام ئەو دوو کەسەی دیکەم نەبینیوە، دوای ڕووداوەکەش گوتیان لەسەر حیساباتی بەینی خۆیان بووە، بەڵام ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین ئاسۆ باری دارایی باش بوو، کەسێکی بێ کێشە بوو".

(ڕووداو) هەوڵیدا ڕای کەسوکاری کوژراوەکە وەربگرێت، بەڵام ئامادە نەبوون قسە بکەن.



# باخەوانی باخچەیەکی ساوایان خۆی دەسووتێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**



باخەوانی باخچەیەکی ساوایان لە شاری کەرکووک لە نێو ماڵەکەی خۆیدا نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا. کەسوکارەکەی دەڵێن نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی سووتاندووە.

عەلی خورشید، 55 ساڵ، دانیشتووی گوندی کۆڵدەرەی سەر بە شارۆچکەی پردێی نزیک شاری کەرکووک و باخەوانی باخچەی ساوان بوو، شەوی 2017/1/16 خۆی سووتاند و مرد.

عەقید محەممەد تەڵعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە شارۆچکەی پردێ بە (ڕووداو)ی گوت، ئەو پیاوە لە ماڵی خۆیدا خۆی سووتاندووە، بە گوتەی خێزانەکەی و خوشکەکەی، چەند ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی کەوتنە خوارەوەی لە تراکتۆر تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە هێشتا بەردەوامە.

والی خورشید، برای عەلی، دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە زانیاری زیاتری بە (ڕووداو) ڕاگەیاند و ڕوونیکردەوە، براکەیان هەر لە منداڵییەوە تووشی نەخۆشیی پەرکەم بووە و بردوویانەتە لای پزیشک، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ حاڵی خراپتر بووە. گوتیشی "هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە ئاگای لە خۆی نەدەما و دەکەوت، بۆ سەلماندنی نەخۆشییەکەشی ڕاپۆرتی پزیشکیمان هەیە".

عەلی لە کۆتایی حەفتاکانەوە ژنی هێناوە، بەڵام منداڵیان نەبووە و نزیکەی شەش ساڵیش بوو باخەوانی باخچەیەکی ساوایان بوو. والی گوتی "بۆ ئەوەی تووشی ڕووداوی نەخوازراو نەبێت بەردەوام ئاگامان لێی بوو، بەڵام ئەو شەوە تەنیا خێزانەکەی لە ماڵەوە بوو کە خۆی سووتاندووە".

هەندرێن عەبدوڵڵا، توێژەری دەروونی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەموو نەخۆشییەکی دەروونی ئەگەر تا ماوەیەکی زۆر درێژە بکێشێ، زۆرجار وا لەو کەسە دەکات بیر لەخۆکوشتن بکاتەوە.

هەندرێن گوتی "پەرکەم، نەخۆشییەکی درێژخایەنە و پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە، لەبەرئەوەی زۆرجار ئەو نەخۆشە بەهۆی پەرکەمەوە دەکەوێت، بەو هۆیەوە تووشی زەبری دەرەکیی دیکە دەبێت و ئەوەش تووشی خەمۆکی و خراپتربوونی حاڵەتی دەروونی دەکات، زۆرجاریش بێزار دەبێت و بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە".

زۆرتر ژنان لەکاتی کێشەدا پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن، بەڵام لەماوەی سێ هەفتەدا لە کوردستان چوار پیاو خۆیان سووتاندووە و هەر چواریشیان مردوون. یەکەمیان کۆتایی مانگی ڕابردوو لە شاری هەولێر، لە سەرەتای ئەم مانگەش پیاوێک لە سلێمانی و بەساڵاچوویەکیش لە ڕانیە خۆیان سووتاند.

### 70 %ی ئەوانەی خۆیان دەکوژن نەخۆشن

هەندرێن عەبدوڵڵا، توێژەری دەروونی دەڵێت 70%ی حاڵەتەکانی خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، پەیوەندی بە باری دەروونییەوە هەیە. سەبارەت بە خۆسووتاندنی پیاوانیش، هەندرێن گوتی "پیاوان زیاتر بەهۆی پەت و گوللەوە خۆیان دەکوژن، بۆیە ئەو کەسانەی نەخۆشیی دەروونییان هەیە، کەسە نزیکەکانیان کە دەزانن بێزارن و ڕەنگە پێشتریش هەوڵی خۆکوشتنیان بەو ئامرازانە دابێت، چەک و ئامرازەکانی خۆخنکاندنیان لێ دووردەخەنەوە، بۆیە لەو حاڵەتانەدا پیاوان پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن".

# دەستەکانی خۆی بەستنەوە و خۆی خنکاند

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو – گەرمیان**

وەکو عادەتی هەمیشەیی، دایکی چەند جارێک بانگی دەکات بۆ ئەوەی بێتە سەر سفرەی خواردن، بەڵام ئەو ئێوارەیە شاخەوان وەڵامی دایکی ناداتەوە، کاتێک دایکی دەچێتە نهۆمی دووەمی خانووەکەیان، دەبینێ شاخەوان دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، ئەویش خێرا دراوسێکانی ئاگادار دەکاتەوە.

(شاخەوان.م)، تەمەن 32 ساڵ و دانیشتووی شارۆچکەی کەلار، شەوی 2017/1/12 لە ژوورەکەی خۆیدا بە پەت خۆی هەڵواسی و خۆی خنکاند.

ڕائید عەلی جەمال قەدووری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو گەنجە خۆی خنکاندووە، لەو هێڵکارییەی بۆ شوێنی ڕووداوەکەش کراوە، دەرکەوتووە لە کاتی خۆخنکاندنیدا دەستەکانی خۆی بەستووەتەوە، ئەوەش دەریدەخات کە بە تەواوی بڕیاری خۆلەناوبردنی داوە". گوتیشی "بە قسەی کەسوکاری، ئەو گەنجە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، ئێمەش چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکین و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

سەرچاوەیەکی نزیک لە خێزانی شاخەوان بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە، کوڕەکەیان لە تەمەنی هەرزەکارییەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە و دواتر بۆیان دەرکەوتووە تووشی شیزۆفرینیا بووە، بەردەوامیش دەرمانی چارەسەری بەکارهێناوە.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "هەندێکجار نەخۆشییەکەی زۆر بە توندی دەگرت، لەو حاڵەتەشدا زۆر تووڕە دەبوو بە تایبەتی لەو ماوەی دواییدا. جگە لەوەش تێکەڵی کەس نەدەبوو مەگەر لەگەڵ خۆماندا جارجار بڕۆیشتایەتە دەرەوە، زۆرجاریش لە ماڵەوە هەر لە ژوورەکەیدا بە تەنیا دادەنیشت. ئەگەر میوانێکشیان بهاتایە تەنیا سڵاوێکی لێدەکرد و دەچووەوە ژوورەکەی خۆی".

بە گوتەی سەرچاوەکە، هەندێجار شاخەوان گوتوویەتی ژیان هیچ نییە "لە ساڵانی ڕابردووشدا چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام نەمردووە".

وەکو ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بۆ کرد، شەوی ڕووداوەکە، دایکی خواردنی داناوە و وەک جارانی دیکە بانگی کردووە بۆ نانخواردن، بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە، پاشان چووە بانگی بکات، بینیویەتی دەرگاکەی داخراوە، دایکی هانای بۆ خەڵکی گەڕەکەکە بردووە و ئەوانیش دەرگایان شکاندووە و بینیویانە شاخەوان خۆی خنکاندووە.

سەرچاوەکە چەند ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە و بۆ بەدواداچوونی دۆسیەکە، سەردانی دەزگا ئەمنییەکانی کردووە و گوتی "هێزە ئەمنییەکان لە ژوورەکەیدا کاغەزێکیان دۆزیوەتەوە کە تێیدا شاخەوان پێش ڕووداوەکە وێنەی چۆنیەتی بەستنەوەی دەستەکانی کێشاوە".



### تووشی هەلوەسەی بیستن دەبن

د.دانیاڵ سەعدی، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند. ساڵانە لەسەر ئاستی جیهان 14%ی ئەوانەی شیزۆفرینیایان هەیە خۆیان دەکوژن. هەندێکیان گۆشەگیر دەبن و هەندێکیشیان تووشی خەمۆکی دەبن. د.دانیاڵ بە پشتبەستن بە توێژینەوە زانستییەکان باسی سیفەتێکی تووشبووانی ئەو نەخۆشییەی کرد و گوتی "هەندێجار دەنگێک کە لە زانستی دەروونزانیدا بە (هەلوەسەی بیستن) ناسراوە، دێتە مێشکیانەوە و داوای ئەنجامدانی کارێکیان لێ دەکات".

## کورد لە بەغدا 35 پۆستی لەدەستداوە

# ئەگەر پارتی پۆستی وەزیری دارایی پڕنەکاتەوە حیزبەکانی دیکە پڕی دەکەنەوە

سیروان عەباس
ڕووداو- هەولێر

نزیکەی پێنج مانگە وەزارەتی دارایی عێراق بێ وەزیرە و کارەکانی وەزارەتەکە لەلایەن بریکارە کوردەکەیەوە ڕایی دەکرێت، پەرلەمانتارێکی یەکێتی دەڵێت ئەگەر پارتی ئەو پۆستە پڕنەکاتەوە، ئەوە ئەوان ناچار دەبن پۆستەکە پڕبکەنەوە. پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێت دوو فراکسیۆن داوایان لێکردووە ئەو پۆستە وەربگرێ، بەڵام ڕەتیکردووەتەوە.

هۆشیار زێباری کە لە دوو کابینەی ڕابردوودا وەزیری دەرەوەی عێراق بوو، لە کابینەی حەیدەر عەبادیدا کرا بە وەزیری دارایی عێراق، بەڵام ڕۆژی 2016/9/21 بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەی لێسەندرایەوە. نزیکەی پێنج مانگە ئەو وەزارەتە بەبێ وەزیرە و کارەکانیشی لەلایەن فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتەکە ڕایی دەکرێن.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی و ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پۆستی وەزارەتی سیادی نابێ بەتاڵ بێ، هەرچەندە لەبەر دۆخی دارایی عێراق ئێستا کاری وەزارەتی دارایی تەنیا دابەشکردنی مووچەیە، بەڵام بەهەر شێوەیەک بێ دەبێ پڕبکرێتەوە".

ئەو پۆستە پشکی پارتییە، پێشتر پارتی چاوەڕێی بڕیاری دادگای فیدراڵی دەکرد لەبارەی دۆسیەی وەزیری دارایی. هۆشیار زێباری کە دوای وەرگرتنەوەی متمانە لێی، لە دادگای فیدراڵی تانەی لە بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق دا، ڕۆژی 2016/12/20 تانەکەی لەلایەن دادگاوە ڕەتکرایەوە، بۆیە هیچ ئومێدیک نەما بۆ گەڕانەوەی، ئێستا فراکسیۆنە کوردییەکان لە بەغدا چاوەڕێن پارتی ئەو پۆستە پڕ بکاتەوە.

ئەحمەد ڕەشید نایشارێتەوە کە لەلایەن دوو فراکسیۆنەوە پێشنیازی بۆ کراوە خۆی کاندید بکات بۆ پۆستی وەزیری دارایی و ئەوانیش پشتگیریی دەکەن، بەڵام بە گوتەی خۆی، ئەو داوایەی ڕەتکردووەتەوە و پێی ڕاگەیاندوون "حەزم لە وەرگرتنی پۆستی وەزیری دارایی نییە و ئەو پۆستەشم بەبێ تەوافوقی کورد قبوڵ نییە".

ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵ هەروەها گوتی "حەیدەر عەبادی پێی خۆشە پۆستی وەزارەتە سیادییەکان بەتاڵ بن، چونکە ڕێگرن لەبەردەم ئەودا بۆ ئەنجامدانی هەندێک کار کە خۆی دەیەوێت بیانکات".

حکومەتی عێراق لەلایەک بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت تووشی قەیرانی دارایی بووە، لەلایەکیش لەگەڵ داعش لە شەڕدایە، بەڵام وەزیرەکانی هەردوو وەزارەتی بەرگری و دارایی بێ وەزیرن و بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێن.

پەرلەمانتارێکی یەکێتی دەڵێت: حەیدەر عەبادی دەستی بە پڕکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکانی حکومەت کردووە، بڕیاریشە لە وەزارەتی داراییەوە دەستپێبکات.

نەوزاد ڕەسوڵ، پەرلەمانتاری یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر سەرکردایەتی سیاسیی کورد پەلە نەکات لە پڕکردنەوەی پۆستەکان و بەتایبەتیش ئەگەر پارتی کەسێک کاندید نەکات بۆ پۆستی وەزیری دارایی، ئەوا حکومەتی عێراق خۆی کەسێک لەو پۆستە دادەنێ".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی هۆشداری دایە پارتی و گوتی "ئەگەر پارتی کەسێک دانەنێت بۆ پۆستی وەزیری دارایی، ئێمە وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا ناچار دەبین بیر لەوە بکەینەوە کەسێک دەستنیشان بکەین بۆ ئەو پۆستە".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی داوا لە پارتی دەکات بە فەرمی کاندیدی خۆی بۆ پۆستی وەزیری دارایی دیاری بکات، چونکە بە قسەی ئەو ئەگەر وەزیری دارایی کوردبێت و بوێر بێت، دەتوانێت ئەو بەرکەوتانەی کورد لە بەغدا هەیەتی، وەریانبگرێ.

هاوکات پەرلەمانتارێکی پارتی گلەیی لە مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەی دەکات و بە "کەمتەرخەم" وەسفی دەکات.

ڕێناس جانۆ، پەرلەمانتاری پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "مەکتەبی سیاسی پارتی کەمتەرخەم بووە لە دیارینەکردنی کەسانی دیکە بۆ ئەو پۆستانەی بە بەتاڵی ماونەتەوە، چەند جارێکیش هەوڵی پڕکردنەوەیمان داوە، بەڵام مەکتەبی سیاسی پێیانگوتووین ڕێگەی ئەوەتان پێنادەین".



### پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ:
### دوو فراکسیۆن داوایان لێکردم خۆم بۆ پۆستی وەزیری دارایی کاندید بکەم، بەڵام ڕەتمکردەوە

### پەرلەمانتارێکی پارتی:
### مەکتەبی سیاسی کەمتەرخەمە لە پڕکردنەوەی پۆستەکان

### کورد لە بەغدا 35 پۆستی لەدەستداوە

ڕێناس جانۆ، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "کورد نزیکەی 35 پۆستی لەدەستداوە لە بەغدا". گرنگترین ئەو پۆستانەی کورد لە دەستی داون، بریتین لە وەزیری دارایی، سوپاسالاری عێراق، جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق (ئەو پۆستە هەڵوەشێنرایەوە). بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، بریکاری وەزارەتی دەرەوە، بەرپرسی هەواڵگری و لەگەڵ چەندین پۆستی دیکەی وەکو بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتەکان، ئەمینداری گشتی پەرلەمان و ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی وەزیران.

# دوای گەڕانەوەی بارزانی وادەی چوونی شاندی کوردی بۆ بەغدا دیاری دەکرێ

نەوزاد مەحموود و بەهمەن حەسەن
ڕووداو- سلێمانی



### پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ: کۆمەڵی ئیسلامی بە تەلەفۆنێک ناچێتە بەغدا

### گوتەبێژی پارتی: باسی پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ بەغدا دەکەین

### پەرلەمانتارێکی شیعە: پێشوازیی لەو شاندە کوردییە دەکەین

دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی دەکرێت و ئەو کۆبوونەوەیەش جگە لە ئامادەکردنی کارنامەیەکی هاوبەش بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان، بڕیار لەسەر کات و پێکهاتەی ئەو شاندە باڵایەش دەدات کە بڕیارە سەردانی بەغدا بکەن. بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێ "ڕوون و ڕاشکاوانە کێشەکان لەگەڵ بەغدا باس دەکرێن".

مەحموود محەممەد، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەو نزیکانە شاندێک سەردانی بەغدا دەکەن". نێوەڕۆکی ئەو وەرەقەیەشی باسکرد کە لەگەڵ خۆیان دەیبەنە بەغدا "باسی پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین لەگەڵ بەغدا".

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێ لە کۆبوونەوەی پێشووی نێوان یەکێتی و پارتی، لەسەر چەند پرسێک گفتوگۆیان کردووە کە یەکێک لەوانە پێکهێنانی شاندێکە بۆ ئەوەی بچێتە بەغدا و دانوستاندن بکەن لەسەر چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و پرسە گرنگەکانی نێوانیان "بەڵام بە گەڕانەوەی کاک مەسعود، جارێکی دیکە ئەو دوو لایەنە کۆدەبنەوە و شاندەکە و کاتی سەردانەکەی یەکلایی دەکەنەوە و لەگەڵ لایەنەکانی دیکە قسە دەکەن".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، زانیاری زۆرتری دا و گوتی "ئەگەر لایەنەکانی دیکەش ئامادە نەبن بچنە نێو شاندەکەوە، ڕەنگە پارتی و یەکێتی بۆ خۆیان سەردانی بەغدا بکەن، بەڵام بێگومان قسە لەگەڵ هەموو لایەنەکان دەکرێ و ئامانجەکەشیان بۆ ڕووندەکرێتەوە".

ڕۆژی 29ی ئەیلولی 2016، پاش ماوەیەکی زۆر لە دابڕانی سیاسی لەگەڵ بەغدا، مەسعود بارزانی، بە سەرۆکایەتی شاندێکی باڵا سەردانی بەغدای کرد و جگە لە نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، لەگەڵ زۆربەی بەرپرسە باڵاکانی عێراق کۆبووەوە.

ئامادەکارییەکان بۆ سەردانی دووەم لە کاتێکدایە کە بارزانی لە داڤۆسەوە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، ئەوان چارەنووسی سیاسی خۆیان لەگەڵ بەغدا بەلایەکدا دەخەن.

پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی لە بەغدا، کات بە گونجاو دەزانێ بۆ ئەوەی سەردانی بەغدا بکرێ، بەڵام ڕەتیکردەوە حیزبەکەی بە چاوبەستراوی و بێئاگایانە سەردانی بەغدا بکات لە چوارچێوەی ئەو شاندەدا.

زانا ڕووستایی، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر لایەنە سیاسییەکان بۆ خۆیان گەیشتبنە ئەو بڕوایەی شاند بنێرن، ئەوە جێگای دەستخۆشییە، بەڵام پێموایە جگە لە پارتی و یەکێتی، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە گفتوگۆ نەکراوە بۆ ئەوەی شاند بچێتە بەغدا. کۆمەڵی ئیسلامی بە چاوبەستراوی و بە تەلەفۆنێک ناچێتە بەغدا، دەبێ کۆبوونەوە بکرێ و ڕوون بکرێتەوە باسی چی دەکرێ".

زانا ڕووستایی هەروەها دەڵێ، کۆمەڵی ئیسلامی هەمیشە گوتوویەتی ئەم بابەتە لەگەڵ بەغدا بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێ و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ شاند بچنە بەغدا "کێشەی ئێمە لە بەغدایە و لە داهاتووشدا بە نیازی ئەوە نین بە دوژمنداری لەگەڵ بەغدا بژین".

ڕووستایی پۆستە بەتاڵەکانی کورد لە بەغدا بە نموونە دێنێتەوە کە زۆربەیان پۆستەکانی پشکی پارتین و دەڵێت "لە بەغدا ئێستا زیاتر لە 30 پۆستی جۆراوجۆر هەیە لە پۆستە گرنگەکان بەتاڵن و دەبوو پڕبکرێنەوە، پێشتر هاوپەیمانی کوردستانی هەبوو، پارتی و یەکێتی هەبوون و پۆستەکانیان پڕ دەکردەوە، ئێستا ئەو پۆستانە بە بەتاڵی ماونەتەوە و وەک دەبینین ئەو فەرامۆشکردنە بۆ پۆستەکانی بەغدا زۆرتر لای پارتی هەیە، پارتی بە گشتی دەستی شل بووە لە بەغدا، بەڵام لایەنەکانی دیکە پێیانوایە تاوەکو دواهەمین ڕۆژ دەبێ گرنگی بە مافە دەستوورییەکانی کورد لە بەغدا بدرێ".

عەرەفات کەرەم، پەرلەمانتاری پارتی لە بەغدا، قسەکانی ڕووستایی پشتڕاست دەکاتەوە لەبارەی دەستشلکردنی پارتی لە بەغدا و فەرامۆشکردنی پۆستە بەتاڵەکان و دەڵێ "ئەو پۆستانە گرنگ نین، ئەسڵی کێشەکە بەلای ئێمەوە هاوبەشیی ڕاستەقینەیە نەک پۆست، ئەگەر ئەوەمان یەکلایی کردەوە ئەوکات باسی پۆستەکان دەکەین".

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارە، ئێستا لە بەغدا مەترسییەکی گەورە هەیە لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەویش مەسەلەی کارکردنە بۆ "زۆرینەی سیاسی" کە هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعە بە نهێنی کاری لەسەر دەکەن و دەوڵەتی یاسا بە ئاشکرا باسی دەکەن "هەڕەشەکانی زۆرینەی سیاسی دەستیپێکردووە و ئەگەر هاوپەیمانی نیشتمانی پێکهاتن لەسەر ئەوەی زۆرینەی سیاسی دروستبکەن، ئەوکات پرۆسەی سیاسی لە عێراق هەڵدەوەشێتەوە".

عەرەفات کەرەم گوتیشی "دەبێ شاندی ئەمجارە شاندێکی سیاسی بێت و گرنگترە پارتی و یەکێتی ئەساسی بن تێیدا و ئەوە ببڕیننەوە کە ئایا هاوبەشی لە عێراق ماوە، یان ئەوەتا کۆتایی بەوە بهێنرێ و ببینە دوو دراوسێ".

بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند کە لە پێکهێنانی شاند بۆ سەردانی بەغدا ئاگادار نەکراونەتەوە، گوتیشی "ئەوە کاری پەرلەمان و دەزگا نیشتمانییەکانە شاند دروستبکەن و بچنە بەغدا نەک حیزبەکان، ئەوە کاری پەرلەمانە شاندێک لە نوێنەرایەتی هەموو لایەنەکان و تەنانەت نەتەوە جیاوازەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دروستبکات و بچن گفتوگۆ بکەن".

ساماڵ عەبدوڵڵا، دەڵێ هەرکات لەبارەی چوونی شاندەوە داوایان لێکرا، جڤاتی نیشتمانی بۆ تاوتوێکردنی کۆدەبێتەوە و بڕیار دەدات کە بەشداریی دەکەن یان نا.

پەرلەمانتارێکی شیعە لە بەغدا دەڵێ پێشوازی لەو شاندەی هەرێمی کوردستان دەکەن "بەڵام بابەتە چارەنووسسازەکان دەگەڕێنینەوە بۆ دەستوور".

حەبیب تورفی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتیمانی، پێش هەر هەنگاوێک لێکتێگەیشتن لە نێوان هەولێر و بەغدا بە گرنگ دەزانێ و دەڵێت "هەم ناکۆکیی نێوان ماڵی کورد و هەم ناکۆکیی نێوان شیعەکان لەبارەی پرسە جیاوازەکانەوە دەبێ بە لێکتێگەیشتنی فراوان چارەسەر بکرێ و دەبێ خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان بدۆزینەوە".

# ئاوارەکان "زامی بەغدا" لە گەرمیان بڵاودەکەنەوە



سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

لەدوای هاتنی ئاوارەکانی باشوور و نێوەڕاستی عێراقەوە، نەخۆشیی لیشمانیای پێست لە گەرمیان رووی لە زیادی کردووە، بەرپرسانی تەندروستی لە گەرمیان دەڵێن لیشمانیا لەنێو دانیشتووانی ناوچەکە تۆمارکراوە، بەڵام بەو راددەیەش نییە کە میدیاکان باسی دەکەن.

لیشمانیا کە بە "برینی بەغدا یان زامی بەغدا"ش ناسراوە، بەهۆی مشەخۆری لیشمانیاوە دەگوازرێتەوە و زیاتر لە ناوچە گەرمەکان بڵاوە. لە دەوروبەری کوردستاندا، لیشمانیا زیاتر لە ناوچە عەرەبییەکانی سووریا و عێراق بڵاوە. ئەوەی لە عێراق و سووریا هەیە زیاتر لیشمانیای پێستە کە بە "برینی بەغدا" ناودەبرێت. ئەو جۆرەیان کە تووشی هەناو دەبێت و مەترسیدارە، زیاتر لە هیندستان بڵاوە کە بە "کەڵە ئازار" ناودەبرێت.

دکتۆر ڕەنجدەر قەرەداغی، پزیشکی پێست لە سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت "هەندێکجار لیشمانیا هیچ نیشانەیەکی نییە هەستی پێبکرێ، هەندێکی دیکەش سەرەتا تەنیا چەند زیپکەیەکی بچووک لەسەر چەند شوێنێکی پێستیان دروست دەبێت. زیپکەکان وردە وردە گەورە دەبن و دەبنە برینێکی ناشیرین و تەنانەت قێزەونیش، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا زۆربەی کات برینەکە بێ ئازارە".

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ نەخۆشییەکە ڕاستەوخۆ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە ناگوازرێتەوە. واتە بەرکەوتنی برینەکە نابێتە هۆی گواستنەوە لە کەسێکی تووشبوو بۆ یەکێکی تەندروست. گواستنەوە تەنیا لە ڕێگای پێوەدانی مێشوولەی مێیینەی ساند فلای دەبێت کە مێشوولەیەکی بێدەنگە و قەبارەکەی لە مێشوولەی ئاسایی زۆر بچووکترە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، پسپۆڕی پزیشکیی کۆمەڵ بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک مێشوولەکە بە کەسێکی تووشبووەوە دەدات، گەرای لیشمانیاکە لە خوێنی ئەو کەسەوە وەردەگرێت. گەراکە تەنیا لەنێو لەشی ئەو مێشوولەیەدا توانای هەیە گەشە بکات و بگۆڕێت بۆ ئەو قۆناغەی توانای تووشکردنی خەڵکی هەبێت. کاتێک مێشوولەکە مشەخۆرێکی تووشکەری هەڵگرتووە و بە کەسێکی تەندروستەوە دەدات، مشەخۆرەکە بۆ نێو جەستەی کەسەکە دەگوازێتەوە. مشەخۆرەکە خۆی لەنێو خڕۆکە سپییەکان دەشارێتەوە و زاوزێ دەکات. خڕۆکە سپییەکە دەتەقێنێت و ژمارەیەکی زۆر مشەخۆر بەنێو خانەکانی پێستدا لە شوێنی پێوەدانی مێشوولەکەوە بڵاو دەبنەوە و خانەکانی پێست تێکدەشکێنن و برینێکی ناشیرین لەسەر پێستەکە دروست دەکەن".

بە گوتەی عەبدولفەتاح، باشترین ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکە گرتنەبەری ڕێگاکانی خۆپارێزییە. "هیچ پێکوتەیەکمان نییە بۆ ڕێگری لەم نەخۆشییە، بۆیە خۆپاراستن لە ڕێگەی قەڵاچۆکردنی مێشوولە تووشکەرەکە دەبێت، هەروەها داپۆشینی زۆرترین ڕووبەری لەش بە جلوبەرگ، ئەو ڕووکارانەی جەستەش کە جل دایاننناپۆشێ، باشترە بە ماددەی تایبەتی دژە مێشوولە ڕووپۆش بکرێن".

## چارەسەرێکی گران

د. ڕەنجدەر قەرەداغی دەڵێ چارەسەر دەبێت لە قۆناغەکانی سەرەتادا بکرێت، ئەویش بە لێدانی دەرزیی دژی مشەخۆرەکە لەشوێنی برینەکە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی پێستەوە "بەداخەوە کە برینەکە گەورەبوو، ئاسەوارەکەی تا مردن دەمێنێتەوە و لاناچێت".

تێچووی چارەسەری هەر نەخۆشێک بەو دەرزییە، سەدان دۆلارە. بەڵام تەندروستی گەرمیان لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە دڵنیایی دەداتە دانیشتووانی ناوچەکە کە دەرمانی پێویستیان لەبەردەستە بۆ چارەسەری تووشبووان.

## 60 حاڵەت لە کەلار

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی گەرمیان نایشارێتەوە کە نەخۆشییەکە لە ڕێگەی ئاوارەکانەوە گەیشتووەتە ناوچەکەیان و دانیشتووانی ناوچەکەی تووشی لیشمانیا کردووە.

د.سیروان محەممەد جەمال، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی گەرمیان، بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو لە سنووری قەزای کەلار 60 کەس تووشی ئەو نەخۆشییە بوون، ڕەنگە سەرچاوەکەشی ئەو ئاوارە بن کە بەهۆی شەڕی داعشەوە هاتوونە ناوچەکەمان".

پێشتر ئاماژە بە تۆمارکردنی سەدان حاڵەتی نوێ کرابوو لە ناوچەکانی کەلار و کفری لە ساڵی ڕابردوودا، بەڵام دکتۆر سیروان ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت"بەشێک لە میدیاکان لە زاری کەسانی نەشارەزاوە زانیاری و داتا بڵاودەکەنەوە و ناگەڕێنەوە بۆ لایەنە کارگێڕی و زانستییە فەرمییەکان".

گوتیشی "بەشێک لە میدیاکان گوتەی کارمەندە تەندروستییەکان دەگوازنەوە کە لە بنکە تەندروستییەکان کاردەکەن، بەڵام ئێمە لەڕێگەی پزیشکانی پسپۆڕەوە بەدواداچوونمان بۆ ئەو حاڵەتانە کردووە کە کارمەندە تەندروستییەکان بە لیشمانیا ناویان بردوون و بۆمان دەرکەوتووە زۆربەیان هەستەوەری یان نەخۆشیی دیکەیان هەبووە".

## ساڵی پار 60 دانیشتووی قەزای کەلار تووشی لیشمانیای پێست بوون

## کوردستان زۆنی مەترسیداری لیشمانیا نییە

باشووری کوردستان ناوچەیەکی سرووشتیی نییە بۆ مشەخۆری تووشکەری لیشمانیا و مێشوولە گوازەرەوەکەی، چونکە ئەوانە زۆرتر لە ناوچە گەرمەکان دەژین. لەبارەی ئەوەی ئایا هەرێمی کوردستان هەڕەشەی لیشمانیای لەسەرە؟ د.عەبدولفەتاح گوتی "کوردستان تەنیا بە ڕێژەیەکی کەم مەترسی لەسەرە".

## نەخۆشییەکی پشتگوێخراو

لەبەرئەوەی لیشمانیا زیاتر لە ناوچە هەژار و دواکەوتووەکانی جیهاندا هەیە (ئەفغانستان، بەنگلادیش، هیندستان، بەرازیل، میسر، عێراق و سووریا) سەرنجێکی زۆری نێوەندە زانستییەکان ناخرێتە سەر ئەم نەخۆشییە، بەڵام لە ساڵی 2003 کاتێک چەند سەربازێکی ئەمریکی تووشی لیشمانیای پێست بوون، بووە بابەتێکی گەرمی میدیا جیهانییەکان.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئەم نەخۆشییەی وەک یەکێک لە نەخۆشییە فەرامۆشکراوەکان ناساندووە و داوا دەکات سەرنجی زیاتر بخرێتە سەر ڕێگری لەم نەخۆشییە و چارەسەری تووشبووانی.

### زامی بەغدا.. گرفتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی

مێشوولەی ساند فلای زیاتر بەو شوێنانەی جەستەوە دەدات کە دیارن، وەک ڕوخسار و دەست و پێیەکان، بۆیە برینەکەش لەو شوێنانە دروست دەبێت و دوای چاکبوونەوەشی شوێنەواری هەمیشەیی بەجێدەهێڵێ، بۆیە کاریگەریی دەروونی لەسەر کەسەکە دروست دەکات و لەوانەیە هەستی متمانە بەخۆیوونی کەم بکاتەوە. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە هەندێکجار خەڵکی بە هەڵە واتێدەگەن کە نەخۆشییەکە ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە، بۆیە لە تووشبووەکە دووردەکەونەوە، ئەوەش گرفتی کۆمەڵایەتی بۆ دروست دەکات.

# ئەگەر جنۆکە دەبینی، سەردانی پزیشکی چاو بکە



ڕووداو- دەیلی مەیڵ

هەندێکجار بینینی جەستە و تەنی نامۆ، وا لە خەڵکی دەکات سەردانی کەسانێک بکەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە جنۆکە لە جەستە دەردەکەن، بەڵام زانستی پزیشکی هۆکاری دیکە دەبینێتەوە لەپشت ئەو حاڵەتەوە.

بینینی جەستە و تەنی نامۆ کە لە ڕاستیدا لەو کات و شوێنەدا نین کەسەکە بینیونی، ڕەنگە بەهۆی گرفت و نەخۆشیی دەروونی بێت، بەڵام هەندێکجار حاڵەتەکە نیشانەی گرفتێکە لە چاودا و پێویست دەکات سەردانی پزیشکی پسپۆڕی چاو بکەین بۆ دیاریکردنی هۆکار و چارەسەری حاڵەتەکە.

نەخۆشییەک هەیە بەنێوی (Charles Bonnet syndrome) ، ئەوانەی تووشی دەبن، بەهۆی گرفتێک لە چاویاندا، هەندێ تەن دەبینن کە کەسانی دیکە نایانبینن.

د.دەیڤد ئالامبی، پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەریی چاو دەڵێ، بینینی ئەو دیمەنە خەیاڵیانە زۆرتر بەهۆی ئەو نەخۆشییەی چاون "سەیر نییە ئەگەر کەسەکە وا هەست بکات کە حاڵەتێکی سەرووی سرووشتی ئەزموون کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی بینیویانە هیچ نییە جگە لە نیشانەی نەخۆشییەک کە جارێ نازانن هەیانە".

د.ئالامبی دەڵێ "ئەگەر دێو، خێو یان جنۆکە و هەر شتێکی نائاساییت بینی، داوای پشکنینی چاو بکە، نەک بچیتە بەردەم خاچی مەسیح".

نەخۆشییەکانی چاو هەر لە ئاوی سپی، تاوەکو ئاوی ڕەش و داخورانی ماکیولا وا دەکەن لە کەناری مەودای بینینی چاوەوە هیچ زانیارییەکی بینین نەگەنە مێشک.

مێشکیش بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، هەندێکجار وێنەی ئەوتۆ دروست دەکات کە لە ڕاستیدا لەو کات و شوێنەدا نین و کەسەکە وا هەست دەکات دەیانبینێ، بەپێی ئەو وێنەیەی مێشک لەخۆڕا دروستی دەکات، کەسەکە وا هەست دەکات دێو، خێو و جنۆکە یان مرۆڤی بینیوە. هەر ئەو حاڵەتەشە کە بە نەخۆشیی Charles Bonnet syndrome ناسراوە.

هەندێکجار کەسانی بەتەمەن کە تێبینی حاڵەتەکە دەکەن، باسی ناکەن لە ترسی ئەوەی نەبادا بڕوایان پێنەکەن، یان وا بزانن تووشی خەڵەفان و نەخۆشیی دەروونی هاتوونە.

هەندێکجار بینینی ئەو کەس و تەنە نامۆیانە نەخۆشیی شەقیقەیە، یان لێکەوتەی جەڵتەی مێشک و کاردانەوەی نەخوازراوی خواردنی هەندێک دەرمان و خواردنەوەی کحولییە.

یەکێک لە تووشبووەکان کەسێکی کەنەدایییە بەنێوی جاک هەنتەر، بەهۆی تووشبوونی بە ئاوی سپی و ڕەشی چاو، کەسێکی بینیوە کە لە ڕاستیدا لەو شوێنەدا نەبووە "خانمێکم دەبینی کە خەریکی سڕینی زەویی ماڵەکە بوو. لەگەڵ جووڵاندنی سەرم بەشێکی کەمتری جەستەیم دەبینی، لەکاتی سەرنجدانی قووڵیش خانمەکە دیار نەدەما".

# 10 ڕێگا بۆ پێشگرتن لە بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن

ڕووداو- دەیلی میرەر

بەرزیی گوشاری خوێن یەکێکە لە "بکوژە بێدەنگەکان"، بە مانای ئەوەی هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆی نییە و هەمانکات مەترسیدار و کوشندەیە، ئەگەر چارەسەر نەکرێ. بۆیە دابەزاندنی گوشاری خوێن هەنگاوێکی پێویستە بۆ تەمەنێکی درێژ و تەندروستانە. بە گرتنەبەری ئەم پێنگاڤانە دەکرێ گوشاری خوێنت دابەزێنی:

1. **وەرزش:** جەستەی هەموو کەسێکی ئاسایی ڕۆژانە پێویستی بە لانیکەم نیو کاژێر وەرزشە لەشێوەی پیادەڕەوی، ڕاکردن، مەلەکردن، پاسکیلسواری یان سەما. وەرزشی بە بەرنامە دەتوانێ گوشاری خوێنت تێکڕا بە بڕی 9 ملم. جیوە دابەزێنێ.



2. **خەم مەخۆ:** ئەوانەی دەکەونە ژێر باری گوشاری درێژخایەنی دەروونی، لە کەسانی دیکە زۆرتر دەخۆن و دەخۆنەوە و جگەرەش زۆرتر دەکێشن. هەمیشە ئەو شتانە وەک خۆیان قەبووڵ بکە کە ناتوانی بیانگۆڕی، ئەوانەش کە دەتوانیت بیانگۆڕی بە ئارامییەوە هەوڵی چارەکردنیان بدە. نەوەک لە هەردوو بارەکەدا هەر خەریکی بیرلێکردنەوەی بێ کردەوە بیت لێیان. ڕۆژانە بیکە بە نەریت 15 خولەک تەرخان بکە بۆ دانیشتن بە ئارامی و هەناسەدانی قووڵ و لەسەرخۆ.





3. **مەگنیسیۆم لەبیرمەکە:** توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو کەسانەی زۆرترین بڕی مەگنیسیۆم لە خۆراکیاندا هەیە، ئەگەری تووشبوونیان بە جەڵتەی دڵ و مێشک بە ڕاددەی 33% کەمترە. سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی مەگنیسیۆم بریتین لە: گوێز و هاوپۆلەکانی، گوڵەبەڕۆژە و هاوپۆلەکانی، سەوزە گەڵاپانەکان و چوکلێتی ڕەش.



4. **کێشت دابەزێنە:** تاوەکو کێشت زۆرتر بێ، گوشاری خوێنت ڕوو لە زۆربوون دەبێ. دابەزاندنی تەنیا 5 کیلۆگرام لە کێش، ڕۆڵی دەبێ لە دابەزاندنی گوشاری خوێن. بیرتان نەچێ هەر پیاوێک کەمەری لە 100 سانتیمەتر و هەر خانمێک کەمەری لە 88 سانتیمەتر زیاتربێ، لە مەترسیی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێندان.



5. **خوێ کەم بکەوە:** کەسێکی پێگەیشتوو نابێ زۆرتر لە 6 گرام خوێ بخوات لە شەو و ڕۆژێکدا کە دەکاتە نزیکەی کەوچکەچایەک. کەسانی سەروو تەمەنی 50 ساڵی، ئەوانەی شەکرە یان نەخۆشیی گورچیلەیان هەیە، زۆرتر هەستیارن بە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی خوێ.



6. **دۆستی هەتاو بە:** بەرکەوتنی تیشکی هەتاو دەبێتە هۆی دەردانی ماددەی ئۆکسیدی نیتریک کە بۆڕییەکانی خوێن فراوان دەکات و گوشاری خوێن دێنێتە خوارەوە. هەروەها دەبێتە هۆی دروستبوونی ڤیتامین دی کە ئەویش دژی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێنە.



7. **ئاگات لە کافایین بێ:** کافایین بۆ ماوەیەکی کورت گوشاری خوێن زۆر بەرز دەکاتەوە. هەندێک کەس هەن لە کەسانی دیکە زۆرتر هەستیارن بە کاریگەرییەکانی کافایین، ئەمانە دەبێ کەمتر لە خەڵکانی دیکە قاوە، چا و خواردنەوە گازییەکان بخۆنەوە.

8. **لە جگەرە بەدوور بە:** جگەرەکێشان گوشاری خوێن بەرزدەکاتەوە، بۆیە ئەگەر بڕیارتداوە گوشاری خوێنت دابەزێنی و لە جەڵتەی دڵ و مێشک دووربی، هاوڕێیەتی جگەرە مەکە.



9. **ئاگات لە خواردنت بێ:** خواردنت دەبێ دەوڵەمەند بێ بە میوە، سەوزە و دانەوێڵە توێکڵدارەکان و دووربێ لە چەوری و شیرینیی دەستکرد.



10. **کحول زۆر مەخۆرەوە:** زیادەڕەوی لە خواردنەوەی کحول دەبێتە هۆی قەڵەوی و بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن. هەروەها کاریگەریی دەرمانەکانی دابەزێنەری بەرزەپەستانی خوێنیش کەم دەکاتەوە، واتە بە دوو ڕێگا دەبێتە هۆی بەرزیی گوشاری خوێن.



**تێبینی**

ئەوانەی گوشاری خوێنیان بەرزە، نابێ ئەم هەنگاوانە بکەنە جێگرەوەی دەرمانەکانیان، بەڵکو دەبێت وەک یارمەتیدەری ئەو دەرمانانە سوودیان لێوەربگرن بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرزیی گوشاری خوێنیان.

# فاکتەکانی شەڕی تیرۆر لە 2016 و چاوەڕوانییەکانی 2017

سالّی رابردوو دەکرێ بە سالّی "شەڕی دژی تیرۆری نێودەولّەتی" ناوببردرێت کە تێیدا هەنگاوی کاریگەر بۆ لاوازکردنی ئەو گرووپانە و کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەستیان هەڵهێنرا، بەڵام ئەم دەستکەوتانە دەکرێ مەترسییەکی بەردەوامیان لەسەر بێت ئەگەر ئەو گۆڕانە بنەڕەتییە لەبەرچاو نەگیرێت کە لە سروشت و ماهیەتی گرووپە جیهادییەکاندا روویداوە. بە تایبەتی ئەو لامەرکەزییەتەی ئێستا گرووپەکان پەیڕەوی دەکەن.

ڕووداو- هەولێر



## فاکتەکانی شەڕی دژی تیرۆر

## حەشارگە و ژمارەی هێرشەکان

**فاکتی یەکەم:** کاتێک سەیری نەخشەی هێرشی گرووپە سەلەفییە جیهادییەکان دەکەین، دەبینین دوو ناوچەی ئەفغانستان ـ پاکستان و سووریا ـ عێراق ناوەندی سەرەکی هێرش و چالاکییەکانی ئەو گرووپانە بووە. خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو ناوچەیەدا بوونی "حەشارگە" یان "ناوچەی ژێر کۆنترۆڵە" کە ئەم گرووپانە دەتوانن وەکوو شوێنی دارشتنی پلانی هێرشەکانیان کاری تێدا بکەن. زۆرترین ژمارەی هێرشەکان و قوربانیانی هێرشەکان لە عێراق بووە.

بەگوێرەی راپۆرتە بەراییەکان لەبارەی هێرشە تیرۆریستییەکانی 2016 ، زیاتر لە نیوەی هەموو ئەو هێرشانە لە عێراق کراون. چڕیی دانیشتووان لە ناوچە شارییەکانی عێراق هۆکار بووە بۆئەوەی ژمارەی قوربانیانی هێرشەکانیش بەرز بێتەوە. نموونەی زەقی ئەمەش هێرشەکەی مانگی تەمووزی کەڕادە بوو لە بەغدا کە تێیدا 341 کەس کوژران و 246 کەسیش بریندار بوون.

ئەگەرچی هێشتا ئامارێکی وردی ژمارەی هێرشە تیرۆریستییەکانی ساڵی رابردوو لەبەردەست نییە، بەڵام بە مەزەندە لە نێوان 9 بۆ 12 هەزار هێرشن. بە گوێرەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە ساڵی 2015دا ئەم ژمارەیە 12 هەزار هێرش بووە کە بەهۆیانەوە 30 هەزار کەس کوژراون. لە ساڵی 2014شدا هێرشە تیرۆریستییەکان ژمارەیەکی پێوانەییان تۆمار کرد و دوو هێندەی ژمارەی هێرشەکانی 2012 بوون و گەیشتنە 14 هەزار هێرش کە بەهۆیانەوە 35 هەزار کەس کوژران.

ئەگەرچی لەڕووی ژمارەی هێرشە تیرۆریستییەکانەوە دابەزینێکی بەرچاو لە 2016دا بەدی ناکرێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، ساڵی 2016 ساڵی شکست بووە بۆ گرووپە توندڕەوەکان، کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش چوار گورزی گەورەی لەم گرووپە داوە:

**یەکەم:** سنووری ئەو ناوچانە بچووک بووەتەوە کە پێشتر وەکوو حەشارگەیەک بۆ دانان و رێکخستنی پلانی هێرش، مەشقی چەکدار و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژی لە نێو خەڵکی ناوچەکە بەکاردەهێنران، ئەزموونی یەک دەیە و نیوی رابردوو نیشانی داوە هەر کاتێک گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان ناوچەی جوگرافییان لەژێر دەست بووبێت، ژمارەی هێرشەکانیان لە دەرەوە بەرز بووەتەوە.

**دووەم:** پەیوەندیی نێوان خەڵکی ناوچەکان و ئەم گرووپە پچڕاوە، بەمەش خەونی فراوانکردنەوەی بنکەی جەماوەرییان شکستی هێناوە.

**سێیەم:** رزگارکردنی ئەم ناوچانە بەو مانایەیە داعش ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی دارایيشی لەدەستداوە، لەوانەش بیر و کێڵگە نەوتییەکان.

**چوارەم:** لەدەستدانی ناوچە بە مانای فەشەلی بیرۆکەی "دەوڵەتی ئیسلامی" یان خەلافەتی ئیسلامیشە. هەر لە سەرەتاوە، سەرکردە و رابەرە ئایدیۆلۆژییەکانی داعش جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە بۆ ئەوەی "دەسەڵاتی شەرع" لەسەر زەوی جێگیر ببێت، پێویستە ناوچەیەک لەژێر کۆنترۆڵیان بێت، ئەم خەونە هۆکاری سەرەکیی راکێشانی هەزاران چەکداری بیانی بۆ نێو ریزەکانی داعش بووە، بەڵام بە بچووکبوونەوە و دواجار نەمانی ئەم ناوچەیە بیرۆکەی "دەوڵەتی ئیسلامی و خەلافەت" شکست دەهێنێ. تاوەکو کۆتایی 2016 داعش نزیکەی 40%ی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەدەست داوە. گیۆرگی ئاستاریان، شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێشبینی دەکات ژمارەی هێرشەکانی ئەم گرووپە لە ساڵی 2017دا بە شێوەیەکی زۆر لەچاو ساڵی 2015 و 2016 کەمتر ببێتەوە".

## قاعیدە و داعش سەری مارەکەن

**فاکتی دووەم:** رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (لەگەڵ ویلایەتەکانی) و قاعیدە (لەگەڵ هاوپەیمانەکانی) گەورەترین رۆڵیان لە هێرشە تیرۆریستییەکانی ساڵی رابردوودا هەبووە.

## ئەمساڵ هێرشی تیرۆریستی لەچاو دوو ساڵی رابردوو زۆر کەمتر دەبنەوە

چاوەڕێ دەکرێ لە ساڵی 2017 و تەنانەت لە درێژخایەنیشدا ئەمە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە. ئەمەش بەو مانایەیە لە هەموو هەوڵێکی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا دەبێت فۆکەسی تایبەت لەسەر چالاکی و ئامانجەکانی ئەم دوو گرووپە و ناکۆکییەکانیان بێت.

لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی رابردوودا، درندەیی داعش و هێرشەکانی، هاوکات شەڕی سووریا و مانەوەی ئەسەد وایان کرد بەشی هەرە زۆری تەرکیزی هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بخرێتە سەر ئەو گرووپە. ئەمە مەودایەکی بۆ قاعیدە رەخساند بۆ ئەوەی لە رێگەی هاوپەیمانەکانییەوە ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

نموونەی هەرە زەقی ئەمە لە سووریا بەدی دەکرێ کە تێیدا بەرەی نوسرە بە گۆڕینی ناوی خۆی بۆ بەرەی فەتحی شام و دابڕانی رواڵەتی لە قاعیدە، هەوڵی دا خۆی لەوە بەدوور بگرێ کە ئامانجی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بێت، ئەمە جگە لەوەی لەناو ئۆپۆزیسیۆنی سووریاشدا پێگەیەکی باشتری بۆ خۆی دەستەبەر کرد.

## ئاوڕدانەوە لە کێشە سەرەکییەکە

**فاکتی سێیەم:** هەموو هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە چەند ساڵی رابردوودا لەسەر ئامارە و لێکەوتەکان چڕکراونەتەوە نەک لەسەر کێشە ریشەییەکان خۆی. بە مانایەکی دی ئەو راستییە لەبیرکراوە کە تیرۆر ئاکامی کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی نێوخۆیی وڵاتان و ناوچەکەیە بەگشتی و لە خۆیدا هۆکارێکی بنەڕەتی نییە بۆ کێشەکان. ئەمەش دەشێ مەترسیی لەسەر هەموو ئەو دەستکەوتانە دروست بکات کە لە جەنگی دژی گرووپە توندڕەوەکاندا بەدەستهێنراون.

سەرهەڵدانی قاعیدە لە عێراق و دواتر داعش لە سووریا بەرهەمی راستەوخۆی ململانێی سیاسی و نارەزایەتی کۆمەڵایەتی بوون. زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە چەند ساڵی رابردوودا کراون، لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە بەبێ ململانێ و ناکۆکیی توندی نێوان شیعە و سوننەی عێراق، قاعیدە نەیدەتوانی ئەو زەمینە لەبارەی دەستبکەوێت کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا و بەرنامەی سیاسیی خۆی پێویستی بوو. بەبێ جەنگی نێوخۆی سووریا، کە هەڵقوڵاوی نارەزایەتی بەرفراوان بەرامبەر بە ناوەند بوو، داعش نەیدەتوانی ناوچەیەکی بەرفراوان لە سووریا و دواتر عێراق کۆنترۆڵ بکات.

ئەمەش بەو مانایەیە کە تیرۆر و گەشەکردنی رێکخراوە تیرۆریستییەکان بەرهەمی ناکۆکی نێوان مەزهەبەکان و ململانێی توندی کۆمەڵایەتی و ئابوورین، نەک هۆکاریان. گرووپە جیهادییەکان هێندەی بەکارهێنەر و قووڵکەرەوەی ئەو ناکۆکییانەن، هێندە دروستکەری ناکۆکییەکان نین.

بۆیەش جەنگی دژی تیرۆر نابێ لە هەوڵی سەربازی و هەواڵگری بۆ لەناوبردنی ئەو گرووپە جیهادییانە کورت بکرێتەوە، بەڵکو دەبێ رەهەندێکی مەدەنی و سیاسی بە هەڵمەتەکان بدرێت کە تێیدا بیر لە قۆناغی دوای لەناوبردنی گرووپەکە بکرێتەوە، واتە هەمان ئەو رەهەندەی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵدا پشتگوێ خرا. بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ ساڵی 2017 لە لایەکەوە ساڵی گرتنەوەی مووسڵ و لەناوبردنی خەلافەتی داعش لە عێراق بێت و لەلایەکی دیکەشەوە، ساڵی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاسۆیەکی نادیار بێت سەبارەت بە عێراقی دوای داعش.

## هەژموونی کولتووری ئێران دەبێتە قوربانی

# ئێران چاوی لە سەرکردایەتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە



ڕووداو- هەولێر

بۆ یەکەمجار لە دوای کەوتنی قاجارییەکان لە سەرەتای سەدەم بیستەم، ئێران جارێکی دیکە خەریکی فراوانکردنەوەی پانتایی دەسەڵات و کاریگەریی خۆیەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

گۆڤاری فۆرین ئەفەیرز لە وتارێکدا ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکار دەکات کە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی ئێران جارێکی دیکە خەون بە سەرکردایەتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە ببینێت. لەوانە هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق لە 2003 و رووخاندنی دەسەڵاتی بەعس. بەگوێرەی راپۆرتەکە، پاش گۆڕانی شوناسی دەوڵەتی عێراق بۆ دەوڵەتێکی "شیعی"، خەریکە بەتەواوی دەبێتە داردەستی تاران. جیا لەمە لە ماوەی 10 ساڵی رابردوودا حیزبوڵڵای لوبنان بووە بە بەهێزترین و رێکخراوترین دامودەزگای سەربازی و ئیداری لە لوبنان.

لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی سووریا بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆیان پێویستیان بە ئێرانە. دواجاریش لە یەمەن ئێران پشتگیری دارایی و سەربازی پێشکەش بە چەکدارانی شیعە مەزهەبی "حووسی" دەکات و بەرەنگاری هێزەکانی لایەنگری حکومەت دەبێتەوە کە لەلایەن سعودیەوە پشتگیری دەکرێن. هەموو ئەم هۆکارانە لەناو دوو هۆکاری سەرەکیدا کورت دەکرێنەوە کە یەکەمیان هێرشی هاوپەیمانانە بۆ سەر عێراق و دووەمیشیان بەهاری عەرەبییە.

بەپێی وتارەکە کە تارق عوسمان نووسیویەتی، لە هەموو ئەم وڵاتانەدا، ئێران هەوڵ دەدات کۆپییەک لە سیستەمێکی سیاسیی شیعی دامەزرێنێ، بەڵام ئەمە ناوبانگ و پێگەی ئێران وەکوو وڵاتێکی خاوەن پێگەی کولتووری و کۆمەڵایەتی تایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکدەدات.

## ئێرانێکی بێ ڕکابەر

تارق عوسمان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "لەنێو هەموو وڵاتانی عەرەبی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران تەنیا میسری بە هاوشانی خۆی دەزانی، بەڵام میسر ئەوە سێ دەیەیە لە مەیدانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دیار نەماوە"، کێشە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتەش وا دەردەخەن کە بەمزووانە ناتوانێ بگەڕێتەوە ناو مەیدانی سیاسی.

پاشەکشەی میسر وەکوو هێزێکی ناوچەیی بواری بۆ سعودیە کردووەتەوە بۆ ئەوەی رێگە لە فراوانخوازییەکانی تاران بگرێ، چونکە سعودیە "تاکە وڵاتی عەرەبیی ناوچەکەیە ئەم توانایەی هەبێت". بە بۆچوونی لێکۆڵەرە میسرییەکە "ئێرانییەکان هیچکات نەیتوانیوە قەبووڵی بکەن سعودیە لەڕووی پێگەی سیاسی و کولتوورییەوە هاوشانی ئێران بێت"، ئەگەرچی بەهۆی بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت لە چەند دەیەی رابردوودا گۆڕانێکی بەرچاو لە شێوازی ژیانی دانیشتووانی وڵاتانی کەنداودا روویداوە".

رووداوەکانی چوار دەیەی رابردوو پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی فارس و وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەی ئاڵۆزتر کرد. لە دوای شۆڕشی 1979، ئێران هەوڵی بەردەوامی داوە بۆ ئەوەی تموحە مەزهەبی ـ سیاسییەکانی خۆی هەناردەی وڵاتانی عەرەبی بکات، بە بۆچوونی تارق عوسمان "ئێران دەیزانی بیرۆکەی سیستەمە سیاسییە پاشکەوتووەکانی وڵاتانی کەنداو دەکرێ هەڕەشەی سەرهەڵدانی جەماوەری لەسەر بێت" بۆ ئەم مەبەستەش باشترین بیرۆکە تێکەڵکردنی "مەشروعییەتی ئاینی و نوێنەرایەتی جەماوەری بوو" کە کرۆکی شۆڕشە ئیسلامییەکەی خومەینی پێکدەهێنا.

نووسەرە میسرییەکە هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە دوای تەواوبوونی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، نوخبەی سیاسیی ئێران و رای گشتی ئێرانییەکان تێکەڵەیەک بوو لە دوو هەست: لەلایەکەوە هەستیان بە باڵاتربوونی خۆیان لە چاو خەڵکانی وڵاتانی کەنداو دەکرد و لەلایەکی دیکەشەوە هەستیان دەکرد بوون بە قوربانیی "پیلانی ئەمریکا و وڵاتانی دەوڵەمەندی کەنداو". تارق عوسمان پێیوایە ئەم دوو هەستە پاڵنەری سەرەکیی شیعەگەرایی سیاسی بوون لە 12ساڵی رابردوودا".

بەبۆچوونی تارق عوسمان، 20 ساڵ دوای تەواوبوونی جەنگی ئێران- عێراق، تاران هێشتا توانای ئەوەی نەبوو پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەهێز بکات" لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە ئابوورییەکەی لەرزۆک بوو... لەلایەکی دیکەشەوە ململانێی نێوان موحافزکاران و ریفۆرمیستەکان توانای سەرقاڵبوون بە کێشە ناوچەییەکانی ئێرانی کەمکردبووەوە، بەڵام دەیەی رابردوو ئەو ساتەوەختە بوو کە سەرکردەکانی ئێران چاوەڕێیان دەکرد.

## هەلێک بۆ تاران

بەڕای تارق عوسمان "تاران خۆی بە تاکە وڵات دەزانێت کە شایستەی چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێت. لەبەرئەوەی هەم خۆیان بە دەسەڵاتێکی مەشروعی ئایینی دەزانن، هەمیش پێیانوایە لەڕووی سیاسییەوە لە شانشینەکانی دراوسێی خۆیان دیموکراتیکترن". ئێرانییەکان هەروەها بڕوایان وایە ئەوانیش "وەکوو چین، رووسیا و رۆژئاوا خاوەنی روئیایەکی شارستانین کە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لێی بێبەشن".

نووسەرە میسرییەکە پێیوایە دوو هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەرییان لەسەر ئەم تێڕوانینە ناوچەییەی ئێران هەبووە، لەلایەکەوە تەرکیزی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە رووی لە رۆژهەڵاتی ئاسیا کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران دەستی تارانی لە بوژاندنەوەی کەرتی ئابووریی وڵاتەکەی واڵاتر کردووە. بە بۆچوونی عوسمان ئەمریکا لە یەک دەیەی رابردوودا "وازی لە بیرۆکەی بنیاتنانەوەی وڵاتان و پەرەپێدانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هێناوە"، بۆ چارەسەری کێشەکانی دیکەش بە دوای زلهێزی ناوچەییدا دەگەڕێت و ئێران خۆی بە بەربژێری یەکەم دەزانێت بۆ ئەم رۆڵە.

تارق پێیوایە ئەگەرچی لێدوانەکانی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی نوێی ئەمریکا بەرامبەر ئێران زۆر توند بووە، بەڵام چاوەڕێ دەکرێ ئامانجی سەرەکیی ئیدارەی نوێی واشنتن رووبەڕووبوونەوەی گرووپە توندئاژۆ سوننە مەزهەبەکان بێت، ئەمەش دەتوانێت دەرفەتێک بێت بۆ نزیکبوونەوەی تاران و واشنتن.

تارق عوسمان لەسەر بنەمای هەموو ئەم خاڵانەی سەرەوە، پێیوایە ئێران لە چەند ساڵی داهاتووشدا درێژە بە فراوانخوازییەکانی خۆی دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش سێ مەرجی سەرەکی لەبەرچاو دەگرێت:

**یەکەم:** تاران رێگری لە ئیسرائیل دەکات، بۆ ئەوەی گرووپەکانی نزیک لە تاران نەکاتە ئامانج، بۆ ئەم مەبەستەش نابێ رێگە بدەن حیزبوڵڵا هێندە بەهێز ببێت کە ئیسرائیل بە مەترسییەکی گەورەی بزانێت.

**دووەم:** ئێران هەوڵی لاوازکردنی سعودیە دەدات، بە جۆرێک ریاز چیدی نەتوانێ بەربەست بۆ فراوانخوازییەکانی تاران دروست بکات.

**سێیەم:** هەوڵ دەدات ناکۆکییە تایفییەکان لە عێراق، سووریا و لوبنان بەردەوام بن، بۆ ئەوەی لە رێگەی جەنگ و ناکۆکیی قووڵی نێوخۆییەوە رێگە لە بەهێزبوونی لایەنە عەرەبە سێکولارەکان بگرن کە بە درێژایی مێژوو دژی فراوانخوازییەکانی تاران بوون.

تارق عوسمان رای وایە دەستەبەرکردنی مەرجی یەکەم و دووەم ئاسانە، لەبەر ئەوەی ئیسرائیل خۆیشی مەیلی نییە بۆ ئەوەی جەنگێکی دیکە لەدژی حیزبوڵڵا بەرپا بکات، سعودیەش خەریکە هەست بە قورسایی جەنگی بە وەکالەت لە دژی ئێران دەکات. بەڵام مەرجی سێیەم کێشەساز دەبێت، لەبەر ئەوەی لە درێژخایەندا "ئێران وەکوو هێزێکی دژی سوننە، درووز و کەمینە ئاینییەکانی دیکە پێناسە دەکات، هەموو ئەم گرووپانەش لە دیاریکردنی چارەنووس و سیستەمی سیاسی و ئیداریی وڵاتەکانیاندا رۆڵیان هەبووە و دروستبوونی مەترسی لەسەر پێگە و دەسەڵاتیان دەتوانێ ئێران وەکوو هێزێکی داگیرکەری دەرەکی وێنا بکات. جگە لەمەش شوناسی مێژوویی ئێران وەکوو هێزێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی باڵا لە ناوچەکەدا تووشی هەڕەشەی جیدی دەکات کە ماوەی چەندین دەیە یەکێک لە بناغەکانی دەسەڵاتی تاران بووە لە ناوچەکەدا.

## لە سەردەمی ترەمپدا چی ڕوودەدات؟

## پێشبینییەکانی پەیمانگەی شاهانەی بەریتانیا:

# سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جیاواز نابێت لەوەی ئۆباما

ڕووداو - هەولێر

کۆتایی هەفتەی پێشوو دۆناڵد ترەمپ بەشێوەیەکی فەرمی بووە 45ەمین سەرۆکی ئەمریکا، بەمەش گورز و مەیدان دەکەوێتە دەستی سەرۆکی نوێ بۆ ئەوەی دروشمەکانی کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بخاتە واری جێبەجێکردنەوە.

پەیمانگای شاهانەی بەریتانی ناسراو بە Chatham House لە ڕاپۆرتێکدا پێشبینییەکانی خۆی بۆ ڕۆڵی ئیدارەی ترەمپ لە جیهاندا دەخاتەڕوو. ڕاپۆرتەکە کە ژمارەیەک شارەزای ناوەوە و دەرەوەی پەیمانگاکە ئامادەیان کردووە، لەسەر دوو بنەمای بابەت (ئابووری، بەرگری، بازرگانی و وزە هتد) و ناوچە (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوروپا، چین، ڕووسیا و ئەمریکای لاتین) دابەشکراوە. لێرەدا پێشبینییەکانی ئەم ناوەندە بەریتانییە بۆ پرسەکانی ئابووری، بەرگری و وزە و هەروەها ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەوروپا و ڕووسیا دەخەینەڕوو.

### بەرگری

لەم بەشەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە "ئیدارەی ترەمپ لە کاتێکدا دەستبەکار دەبێت، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسەقامگیرە، ڕووسیا هەستاوەتەوە، چین زیاتر لە جاران دەیەوێت خۆی بسەلمێنێ، ئەوروپا بەهۆی گوشاری ناوەکی و دەرەکی درزی تێکەوتووە. هەر بۆیە سەرۆک ترەمپ سەبارەت بە چۆنێتی و کاتی بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتی ئەمریکا کۆمەڵێک بڕیاری قورسی لە پێشە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە ماوەی 16 ساڵی ڕابردوودا دوو ئیدارەی بووش و ئۆباما سێ جۆر کاردانەوە و مامەڵەی جیاوازیان بۆ وەڵامدانەوەی کێشە ئەمنییەکان هەبووە کە هیچکامیان لە چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکانی وڵاتە پەیوەندیدارەکاندا سەرکەوتوو نەبوون:

**یەکەم:** بەشداری سەربازیی بەرفراوان (جەنگی عێراق و ئەفغانستان)

**دووەم:** بەشداری سەربازیی سنووردار لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە (جەنگی لیبیا)

**سێیەم:** خۆدوورگرتن لە تێوەگلان لە کێشە ناوچەییەکان و پشتبەستن بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ کوشتنی سەرکردەکانی گرووپە جیهادییە چەکدارەکان.

ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە "ئەو بڕیارانەی لە دەیەی ڕابردوودا دراون بناغەیان بۆ ئیدارەی ترەمپ داناوە، بەشێکی زۆریش لەو تەحەدیانەی ڕووبەڕووی ئیدارەی ئۆباما بوونەوە دەکرێ بۆ ماوەیەکی نادیار بەردەوام بن"، لەوانەش کێشە و شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەڕەشەکانی ڕووسیا و هەڕەشەی تیرۆر، ئەمە جگە لەو کێشە و داواکارییانەش کە لە نێوخۆی ئەمریکا لەسەر ئاستی بەرگری ڕووبەڕووی ئیدارەی ترەمپ دەبنەوە.

بەپێی گوتاری کەمپینەکانی هەڵبژاردن، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان سیاسەتی بەرگریی ترەمپ و ئۆبامادا هەیە، بەڵام دەبێ چاوەڕێی ڕووداوەکان بین بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ ترەمپ دەتوانێ هەموو ڕوانگەکانی خۆی بۆ سیاسەتی بەرگری جێبەجێ بکات یان نا.

پەیامی سەرەکیی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا "ئەمریکا بەر لە هەموو شتێک" بوو. ئەم پەیامە نیگەرانیی بەرچاوی لە نێو بەشێکی زۆر لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکادا دروستکردووە، چونکە دەشێت پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لاواز ببێت. بەڵام تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ترەمپ لە ماوەی کەمپینەکاندا چەندینجار هەڵوێستی خۆی لەسەر پرسەکان گۆڕیوە، ئەمە جگە لەوەی لە سیاسەتی بەرگریی ترەمپدا کۆمەڵێک توخمی لێکدژی وەک "گۆشەگیری، واقیعگەرایی و بڕوا بە دەستتێوەردانی دەرەکی" بەدی دەکرێ.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندە بەریتانییەکە، ئەگەرچی وادیارە ترەمپ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ئەمنییەکان زیاتر بڕوای بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و چەکی قورس هەبێت، بەڵام هەم بارودۆخی سەر ئەرزی واقیع و هەم بڕوای خۆی بەوەی بەشداریی بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەفیڕۆدانی هێز و کات بووە، ئاماژەن بۆ ئەوەی سیاسەتی ترەمپ لەهەمبەر گرووپە چەکدارەکان و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر لە هی ئۆباما جیاواز نابن. لە ڕاپۆرتەکەدا هەروەها هاتووە: "ڕەنگە ئیدارەی نوێی ئەمریکا بۆ خۆبەدوورگرتن لە بەشداریی سەربازیی بەرفراوان هاوکارییەکانی لەگەڵ ڕووسیا قووڵتر بکاتەوە"، لە هەمانکاتیشدا پشت بە هێرشی ئاسمانی، بڕینی سەرچاوە داراییەکانی گرووپە چەکدارە توندئاژۆکان و مەشقپێکردنی گرووپە لۆکاڵییەکان ببەستێ.

ترەمپ و مایکڵ دلین، ڕاوێژکاری سەرۆک بۆ ئاسایشی نیشتمانی، هیچکات گومانی خۆیان بەرامبەر بە ناتۆ نەشاردووەتەوە. هەردووکیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەرکردایەتی واشنتن لە ناتۆ و ئەو سەرمایە دارایی و مرۆییەی بۆ ئەم هاوپەیمانێتییە تەرخانی کردووە قازانجێکی ئەوتۆی بۆ ئەمریکا نەبووە، بەڵام ناوەندە بەریتانییەکە پێیوایە ئەم هەڵوێستەی ترەمپ دوورە لە ڕاستییەوە، لەبەر ئەوەی "وڵاتانی ئەندام کۆتاییان بە کەمکردنەوەی بودجەی سەربازی هێناوە و لە ساڵی 2015ەوە خەرجییەکانی ئەندامەکان لە بەشی سەربازیی وڵاتەکانیان بە ڕێژەی 8% زیادی کردووە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ترەمپ کۆمەڵێک بەربەستی سەرەکی لەبەردەمە بۆ ئەوەی ئاستی بەشداریی وڵاتەکەی لە ناتۆ دابەزێنێ کە یەکەمیان کۆنگرێسە، دووەمیان فەرماندە پایەبەرزەکانی سوپا و سێیەمیشیان جەیمز مەتیس، وەزیری بەرگریی داهاتووی ئەمریکایە. ئەم سێ هۆکارە دەتوانن بەربەستی گەورە بۆ لێکنزیکبوونەوەی ئەمریکا و ڕووسیاش دروستبکەن کە ترەمپ وەکوو یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی خۆی باسی کردووە.

### سیاسەتی وزە

ئەمریکا بەرهەمهێنەر، بەکارهێنەر و بازرگانێکی زەبەلاحی سەرچاوەکانی وزەیە، هەر بۆیە هەنگاوەکانی لە بواری وزەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕەکانی وزەی جیهان دەبێت. لە هەمانکاتدا ئەمریکا، وەک گەورەترین ئابووریی جیهان، گەورەترین بەرهەمهێنەری گازە قەتیسماوەکانیشە لە جیهاندا، بەمەش زۆرترین کاریگەری لەسەر پیسبوون و گۆڕانی کەشوهەوا هەیە، هەر بۆیە لە هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەویدا پێگە و بەرپرسیارێتییەکی تایبەتی هەیە.

لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا گۆڕانێکی گەورە لە ڕوانگەی ئەمریکییەکان بۆ پیشەسازیی وزە ڕوویداوە، بە جۆرێک لە نێوان ساڵانی 2008 هەتا 2015 بەرهەمهێنانی نێوخۆیی نەوت لە ئەمریکا بەڕێژەی 88% بەرزبووەوە، لە هەمان ماوەدا بەرهەمهێنانی غازی سروشتیش بە ڕێژەی 36% بەرز بووەوە. ئەم هەڵمەتە وایکرد ئەمریکا بۆ یەکەمجار لە ماوەی 40 ساڵی ڕابردوودا قەدەغەی سەر هەناردەکردنی نەوتی خاو لابدات.

لە چاو ساڵی 2005 ئەمریکا ئاستی دەرکردنی گازی دوانۆکسیدی کاربۆنی بە ڕێژەی 12% کەمکردووەتەوە، بڕیاریشە هەتا ساڵی 2015 بەرهەمهێنانی ئەو گازە بە ڕێژەی 14 بۆ 16%ی دیکە کەم بکاتەوە.



## وزە چەکی ترەمپ دەبێ لە دژی چین و ئۆپێک

## دوور نییە ترەمپ هەوڵی گۆڕینی ڕژێمی ئێران بدات

بەشی زۆری ئەمانەش لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی وزە و ژینگەپارێزیی ئیدارەی ئۆبامادا خراونەتەڕوو، بەڵام وەکوو ڕێسایەکی گشتی ئەمریکا، ترەمپ دەتوانێ هەموو فەرمانە کارگێڕییەکانی ئۆباما هەڵوەشێنێتەوە، یان پێیاندا بچێتەوە، لەم حاڵەتەشدا کێشەی گەورە بۆ ڕێککەوتنی پاریس دێتەپێشەوە کە تایبەت بوو بە گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێن بۆ دابەزاندنی گەرمای گۆی زەوی و بەرەنگاربوونەوەی پیسبوونی ژینگە.

وزە یەکێک لەو پرسانە بوو کە لە هەڵبژاردنی 2016ی سەرۆکایەتی ئەمریکادا پرسێکی سەرەکی نەبوو، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش نزمبوونی نرخی سەرچاوەکانی وزە بوو. بەڵام سیاسەتی ترەمپ بۆ وزە خۆی لە سیاسەتی "سەربەخۆیی وزە"دا دەبینێتەوە، هەر لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەشدا داوای پەرەپێدانی سەرچاوە نێوخۆییەکانی وزە دەکات. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (چاتەم هاوس) "لە ڕوانگەی ترەمپەوە وزە ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی ئابووریی ئەمریکا، هەروەها چەکێکیشە بۆ ئەوەی خاڵ لە وڵاتانی وەک چین و ڕێکخراوی وەک ئۆپێک وەربگرێت".

پەیمانگە بەریتانییەکە دەڵێت پلاتفۆرمی ترەمپ بۆ وزە لە هی کۆمارییەکانەوە نزیکە کە جەخت لەسەر "ڕۆڵێکی کەمی حکومەت دەکاتەوە"، هەروەها بڕوایەکی ئەوتۆشی بە گۆڕانی کەشوهەوای گۆی زەوی نییە و دەیەوێ کەرتی وزە بکات بە بوارێک بۆ دروستکردنی هەلی کار بۆ کرێکارە ئەمریکییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دوورنییە پەرە بە پیشەسازیی دەرهێنانی خەڵووز بدات.

### ڕووسیا

بەپێی ئەوەی لە لێدوانەکانی دۆناڵد ترەمپ دەردەکەوێت، سیاسەتەکانی ئیدارەی نوێی واشنتن بەرامبەر ڕووسیا لە هی هەموو سەرۆکەکانی ئەمریکای مۆدێرن جیاواز دەبێت، ئەمەش لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی لە چەند ساڵی ڕابردوودا. بۆیەش سەرەڕای لێدوانەکانی ترەمپ، چاوەڕێ دەکرێ "پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و واشنتن یەکێک لە تەحەددا گەورە و سەختەکانی بەردەم دۆناڵد ترەمپ بێت".

لە ماوەی کەمپینەکاندا هەڵوێستی ترەمپ بەرامبەر بە ڕووسیا نەک هەر پێچەوانەی هەڵوێستەکانی هیلاری کلینتن (بەربژێری دیموکراتەکان) بوو، بەڵکو لە هی لایەنە دژبەرەکانی خۆی لەنێو کۆمارییەکانیش جیاواز بوو، لەبەر ئەوەی ئەوان داوای ڕێوشوێنی توندیان دەکرد و ترەمپ پێیوابوو دەبێت هاوکارییەکی نزیکتر لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیادا هەبێت.

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ڕووسیا جارێکی دیکە بووە بە پرس و کێشەیەکی سەرەکی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. ئەمەش بەتایبەتی لە ساڵی 2014ەوە تۆختر بووەتەوە، کاتێک ڕووسیا هێرشی کردە سەر نیمچە دوورگەی کریمیا. ئەمریکا لە وەڵامی ئەم هەنگاوانەی مۆسکۆدا کۆمەڵێک سزای بەسەر کەسانی نێو حکومەتی ڕووسیا و کەرتە بازرگانییەکانی ئەم وڵاتەدا سەپاند، جگە لەمە ئەمریکا جارێکی دیکە ئامادەیی سەربازیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەهێز کرد، لە کاتێکدا ئەم حزوورە سەربازییەی ئەمریکا لە ماوەی 25 ساڵی ڕابردوودا ڕووی لە کەمی نابوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (چاتەم هاوس)، پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەمریکا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم پێنج پرسە دادەنێ: ئۆکراینا، ئێران، سووریا، چەکی ئەتۆمی و هێرشی سایبیری.

سەبارەت بە ئۆکراینا، دۆناڵد ترەمپ هەڵوێستی تەواو جیاوازی لە کۆمارییەکان و دیموکراتەکان هەبووە. بە بۆچوونی ئەو قەیرانی ئۆکراینا "قەیرانێکی ئەوروپییە" و بەشێوەیەکی بەربڵاوتریش ترەمپ لەگەڵ ئەوەدا نییە ئەمریکا "پۆلیس"ی ئاسایشی هاوپەیمانەکانی بێت. هەر بۆیە چاوەڕێ ناکرێ لەسەردەمی دەسەڵاتی ترەمپدا چەکی قورس ڕەوانەی ئۆکراینا بکرێ.

بەڵام کێشەی ئۆکراینا بەستراوەتەوە بە نیگەرانییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا. بەپێی ڕاپۆرتەکە، ترەمپ ناتوانێ بە ئاسانی هەموو ڕوانگەی خۆی لەبارەی ڕووسیا جێبەجێ بکات، بە تایبەتیش ئەو بەشەی پەیوەندی بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا هەیە، لەبەر ئەوەی "بەشێکی زۆر لە کۆمارییەکانیش دژی ئەو ڕوانگەیەی ترەمپن". دوو کەس لە ئیدارەی ترەمپ پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ بەرپرسانی ڕووسی هەیە، ئەوانیش مایکڵ فلین و ڕێکس تیلەرسنن.

پێدەچێت سەبارەت بە قەیرانی سووریا، دۆناڵد ترەمپ جۆرێک لە تەبایی لە نێوان ئامانجەکانی ئەمریکا و ڕووسیادا ببینێت. ناوەندە بەریتانییەکە پێیوایە هەر هەنگاوێکی ترەمپ بۆ چارەسەری درێژخایەنی قەیرانی سووریا "بە بەشداری مۆسکۆ دەبێت"، لەبەر ئەوەی مۆسکۆ لە 2015ەوە بە کردەوە بەشداری قەیرانەکەیە و ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەوەی ئەسەد بتوانێ بەشێکی بەرچاو لە خاکی سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوە.

### ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ئۆباما هەوڵێکی زۆری دا تەرکیزی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بەرەو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بگوازێتەوە، بەڵام وەک لە دوایین دوو ساڵی دەسەڵاتی ئۆبامادا دەردەکەوێت، ئەم ناوچەیە قورساییەکی زیاتری لە سیاسەتی دەرەوەدا وەرگرتووە. ناوەندە بەریتانییەکە پێشبینی دەکات ئەم ڕەوتە لە چوار ساڵی دەسەڵاتی ترەمپیشدا بەردەوام بێ.

لەم بەشە لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە "هەتا ئێستا دیار نییە سەرۆکی نوێی ئەمریکا بە چ شێوازێک دروشمی (ئەمریکا بەر لە هەموو شتێک) لەگەڵ ستراتیژی ئیدارەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگونجێنێ". ترەمپ لە ماوەی کەمپینەکانی هەڵبژاردندا چەندینجار ڕایگەیاند کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناکەوێتە ناو ئەو خاڵانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە هەیە. هەڵبەت وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، تێگەیشتنی ترەمپ بۆ دەستەواژەی بەرژەوەندی، لە نێو "بەرژەوەندی ئابووری و سیاسیی ڕاستەوخۆدا کورت دەبێتەوە".

بەڵام بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی کابینە و ئیدارەکەی لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ترەمپدا هاوڕا نین. لەوانەش وەزیری بەرگری نوێی ئەمریکا، بەرپرسی ناوەندی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا، مایکڵ فلین و تەنانەت مایک پێنسی جێگری. ئەم بەرپرسانە، بە پێچەوانەی ترەمپ، پێیانوایە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە هەیە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە هەڵوێستێکی دوو لایەنەیان بەرامبەر بە ترەمپ هەیە، لە لایەکەوە پێیانوایە هەڵوێستی سەرۆکی نوێ بەرامبەر بە کۆمەڵگای ئیسلامی و وڵاتانی ناوچەکە و هەروەها ڕوانگەی ترەمپ سەبارەت بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا جێی نیگەرانییە، لە لایەکی دیکەشەوە دڵخۆشن بەوەی ترەمپ هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بە تاران هەیە، بە تایبەتیش ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی لە سەردەمی ئۆباما لە نێوان ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی واژۆ کرابوو.

پێشتر ترەمپ ئاماژەی بەوە داوە کە ئیدارەکەی لەگەڵ "گۆڕینی ڕژێم" لە ڕێگەی دەستتێوەردانی سەربازی نییە، بەڵام ناوەندە بەریتانییەکە بە دووری نازانێت تیمی ترەمپ گۆڕینی ڕژێم و پشتگیری بەرفراوان لە ئۆپۆزیسیۆن لە ئێران بخاتە نێو بەرنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی سێ کەس لە لایەنگرانی سەرسەختی موجاهیدینی خەڵق لە نێو بازنەی کەسانی نزیک لە ترەمپدان: نیوت گینگریچ، جۆن بۆڵتن و ڕودی جولیانی.

### ترەمپ و داعش

لە ماوەی کەمپینەکاندا و دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکان، سەرۆکی نوێی ئەمریکا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە هەوڵە سەربازییەکان بۆ لەناوبردنی داعش چڕتر دەکەنەوە. بەپێی ڕاپۆرتی پەیمانگەی شاهانەی بەریتانیا، چاوەڕێ دەکرێ لە ماوەی دەسەڵاتی ترەمپدا "ژمارەی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا زیاتر بکرێن و ئەو بەربەستە یاسایی و ئیدارییانە لەسەر هێزەکانی ئەمریکا لادەن کە بۆ ئۆپەراسیۆنی تایبەت پێویستن. ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە دوور نییە ترەمپ داوا لە وڵاتانی سوننە مەزهەبی ناوچەکە بکات بۆ ڕزگارکردنی ناوچە سوننەنشینەکانی سووریا و عێراق لە ژێر دەستی داعش و گرووپە جیهادییەکانی دیکە هێز ڕەوانەی عێراق و سووریا بکەن. جیا لەمەش ئەگەری زۆرە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا، بەمەبەستی لەناوبردنی داعش و قاعیدە لە سووریا، هاوکاری حکومەتی ئەسەد بکات.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کەرکووک لەبەردەم مەترسییەکی تازەدا

هەرچەندە ئەو ڕێوشوێنە یاساییەی لە دەستووری عێراقدا بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک دانراوە، بەهۆی بەستنەوەی بەکۆی کێشە هاوشێوەکانی تری عێراقەوە وەک لە مادەی 140دا هاتووە، دڵنیایی ئەوەی نییە کە سەرئەنجام بە قازانجی پرۆژەی کوردی تەواو بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنەکانی تری عێراق هەر لە سەرەتاوە وەک مەترسییەک لەو ڕێکارە دەستوورییەیان ڕوانیوە و بەردەوام کۆسپ و لەمپەریان خستووەتە بەردەم جێبەجێکردنی. بەهۆی ئەوەشەوە کە دەسەڵات لە بەغدا لای ئەوان بووە، تا ئەندازەیەکی زۆر توانیویانە پەکی ڕێکارە یاساییەکان بخەن.

بەپێی ناوەڕۆکی مادەی 140ی دەستووری عێراق، دەبوو بەچەند قۆناغێک بارودۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە بۆ دۆخی پێش سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی، نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکان، گەڕانەوەی دەرکراوانی دامودەزگا و فەرمانگە حکومییەکان، ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری و پێدانەوەی ماڵومولکی زەوتکراوی کورد و تورکمان، پاشان ئەنجامدانی ڕاپرسییەک بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی شارەکە بە مانەوەی لەگەڵ بەغدا یاخود بەستنەوەی بە ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە، هەموو ئەمەش پێویست بوو بەر لە کۆتایی 2007 ئەنجام بدرێ.

ئێستا 10 ساڵ بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕیوە، هێشتا بەشێکی زۆر لە ئاوارە کورد و تورکمانەکان دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ نەڕەخسێنراوە، بەشێکی دەرکراوانی فەرمانگە حکومییەکان نەگەڕێندراونەتەوە سەر کارەکانیان، ئەو زەویوزارە کشتوکاڵیانەی کە بە مەبەستی بەستنەوەی بەرژەوەندیی عەرەب بە کەرکووکەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن درابوونە عەرەبی هاوردە، لەڕووی یاساییەوە نەدراونەتەوە خاوەنەکانیان.

پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانیانەش کە بەو ڕێکارە یاساییانە عەرەبە هاتووەکان بچنەوە زێدی خۆیان، ئێستا دوو بەرابەر عەرەبی تر هێنراونەتە کەرکووک.

ئەوەی پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداریی کەرکووکەوە هەبوو لە بەستنەوەی چەمچەماڵ و خورماتوو، کفری و کەلار، ئەو یەکە ئیداریانەی بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە کەرکووک دابڕێنرابوون و خرابوونە سەر پارێزگاکانی تر، بەپێی مادەی 140 دەبوو ئەوانیش پێش ساڵی 2007 بخرانایەتەوە سەر کەرکووک، وەک خۆیان ماونەتەوە. تەنانەت ناحیەکانی شوان و قەرەنجیر کە لەسەر کەرکووک مابوونەوە، خاپوور کرابوون و کرابوون بە سەربازگە، ئەوانیش بەڕێکاری یاسایی ئاوەدان نەکراونەتەوە.

لەپاڵ ئەو گرفتانەوە، جۆری مامەڵەکردنی بەغدا لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی فەرامۆشکردنی ئیدارەی کەرکووک، لەم 14 ساڵەی ڕابردوودا لەلایەن هەموو کابینەکانی حکومەتەوە وەک ستراتیجێک پەیڕەو کراوە. لە پێدانی دەسەڵات بە پارێزگار و دەزگا ئیدارییەکانی تر، کەرکووکیان خستووەتە دەرەوەی ئەو یاسا و بڕیارانەوە کە بۆ پارێزگاکانی تری عێراق کراون. تەنانەت ئەو دەسەڵاتانەی بە یاسا دراوە بە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، بۆ ئەوەی کەرکووک نەگرێتەوە، بڕگەیەکی یاساییان چەسپاندووە کە ئەو دەسەڵاتانە بۆ ئەو پارێزگایانەیە بەپێی ئەم یاسایە هەڵبژاردنیان تێدا کراوە، لە هەمان یاساشدا بە مادەیەکی تر هەڵبژاردنی کەرکووکیان دواخست، ئامانجەکەش ڕوون بوو، بۆ ئەوە بوو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت. هەر بۆیە لە ساڵی 2005 وە نەیانهێشتووە هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەنجام بدرێت. تا هەڵبژاردنیش نەکرێت ئەو دەسەڵاتانەی دراون بە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، کەرکووک مافی ئەوەی نییە پیادەیان بکات.

هەفتەی ڕابردوو ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری دا لە ئەیلولی ئەمساڵ هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو ڕێکارانەی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پێویستن لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و سێ سەرۆکایەتیەکەوە نەگیراونەتە بەر، ئەمجارەش کەرکووک هەڵبژاردنی تێدا ناکرێت. تەمەنی ئەنجوومەنەکە و کێشەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن دوادەخرێت بۆ هەڵبژاردنی 2021.

لە دۆخێکی وەک ئێستادا کە پارێزگا سوننەنشینەکانی عێراق بەهۆی ڕووداوە ناوخۆییەکانەوە هاوکێشەکانیان گۆڕاوە، پارێزگا شیعەنشینەکان پڕکراون لە ئێرانی، هەق نییە کورد ئەوە لە بەغدا قبووڵ بکات بە پاساوی ئەوەی ژمارەی ئاوارە گەڕاوەکانی کوردی کەرکووک تۆماری لیستی دەنگدەرانی کەرکووکی بە قازانجی کورد گۆڕیوە، بۆیە هەڵبژاردن لە کەرکووک ئەنجام نادرێت، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی 2009 و 2013 ئەو پاساوە ڕەوایەتی پێدراوە، ناکرێت چیتر درێژەی پێ بدرێت.

ئەوەی جێی هەڵوەستە و پرسیارە، هەڵوێستی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە کە هیچ پەرۆشی و بایەخێکیان بۆ هەڵبژاردنی کەرکووک نەماوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەدیدێکی حیزبیانە و لە بەرژەوەندیی حیزبییەوە دەڕواننە ئەم پرسە نەتەوەییە. بێ ئەوەی درک بەو مەترسیانە بکەن. ڕێگە نەدان بە هەڵبژاردن لە کەرکووک، ئامانج و نیەتە شاراوەکانی بەغدایە بۆ هێشتنەوەی کەرکووک بە هەڵواسراوی تا ئەوکاتەی کە بەغدا دەتوانێت بە قازانجی عەرەب کێشەکە یەکلایی بکاتەوە.

ئێستا لەکاتێکدا لەڕووی واقیعیەوە کورد لە سێ ئاستدا دەسەڵاتی بەسەر کەرکووکەوە هەیە، (ئیدارە، ئابووری، ئاسایش). ئیدارەی کەرکووک بەڕێوەدەبات، پێشمەرگە دەیپارێزێت و ئابووریەکەشی کەوتووەتە دەستی کورد، باشترین دەرفەتە لەڕووی یاساییەوە ئەم دەسەڵاتە بچەسپێنرێت کە ئەویش پەیوەندی بە ئەنجوومەنی پارێزگاوە هەیە، بەڵام بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەوە ئەو دەسەڵاتانەی تریش کاتین و لە ئەگەری بەهێزبوونەوەی بەغدا، لە هەر سێ ئاستەکە گرفت بۆ کورد دروست دەکرێت.

بەڵام هێزە کوردییەکان هەست بەو مەترسیە ناکەن، هەرلایەنە و بەرژەوەندیی خۆی لەچیدا دەبینێتەوە ئەوە دەبێتە ئەولەویاتی. ئێستا ئەوانەی دەتوانن ئەم کەیسە بجوڵێنن پارتی و یەکێتی و گۆڕانن، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی ئێستای ئەنجوومەنی کەرکووک کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی 2005ە پارتی زۆرینەی ئەندامەکانی پێکدەهێنێت و دەزانێ لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەبێتە کەمینە، سەرباری ئەوەی کە ئێستا ئەنجوومەنەکە جگە لە دەسەڵاتی دانان و لابردنی پارێزگار هیچ دەسەڵاتێکی نییە، بەڵام پارتی دەربەستی هەڵبژاردن نییە. یەکێتیش هەرچەندە لەکۆی 41 ئەندامی ئەنجوومەن 5 ئەندامی هەیە و کەمینەیە، ئەوەشی لەبەرچاوە لە ئەگەری هەڵبژاردن ڕێژەی لەناو ئەنجوومەن زۆر بەرز دەبێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تارادەیەک دەسەڵاتی ئیداری شارەکەی بەدەستە و دەسەڵاتەکان لای پارێزگارە، خواستی ئەوەی نییە هەڵبژاردن بکرێت. گۆڕانیش بە حوکمی ئەوەی بەشێکن لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەبێ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری هەڵبژاردنی کەرکووک بدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی پێگەیەکی جەماوەری و ئەندامێکیان نییە لە ئەنجومەن، هیچ بایەخێکیان بۆ کەرکووک نییە.

هەرچەندە پارێزگاری کەرکووک وەک کارتی گوشار هەڕەشەی ئەوەی کرد لە ئەگەری ڕێگریکردن لە هەڵبژاردنی کەرکووک ڕێگە بەدانانی سندووقی هەڵبژاردن نادەن بۆ ئەو ئاوارانەی لە کەرکووکن. بەڵام ئەوە کارتێکی لاوازە و لە بنەڕەتدا بەغدا ڕەنگە هەر مەبەستی نەبێت ئەو ئاوارانە بەشداری لە دەنگدان بکەن، چونکە هەموویان عەرەبی سوننەن. دەبێ کورد ڕێگەی تر بگرێتە بەر بۆ ناچارکردنی بەغدا لە هەڵگرتنی ئەو ڕێگرییەی لەسەر کەرکووک دایناوە، ڕەنگە ئاسانترین و کاریگەرترین کارتیش ئەوە بێت ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و لە حاڵەتی ئەوەی شارەکە ئەنجوومەنی نەبێت، بەغدا ناچار دەبێت بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن بدات.



شەفیق قەزاز

# ئەمریکا، داعش و سەروەریی عێراق

لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، دەوڵەتی "شکستخواردوو" بەو مانایە دێت کە وڵاتێک نەتوانێت وەک ئەندامی ئەو کۆمەڵگایە خۆڕاگر و ئەنجامدەری ئەرکی دەوڵەتداری بێت. واتا کاتێک پشێویی ناوخۆ دەبێتە هۆکاری هەڕەشە لە گوزەرانی خەڵک و وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەتی لە ڕووی هەڵهاتنی پەنابەران و ئاڵۆزیی ئەمنی و تەنانەت هەندێک جار هەڵگیرسانی شەڕ، ئەوکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ئەرکی خۆی دەزانێت مامەڵە لەگەڵ باری مەترسیلێکراوی ئەو وڵاتە بکات، ئەگەرچی پرینسیپی مافی سەروەریی دەوڵەت (sovereignty) زۆر جار ئەو ئەرکە زەحمەت دەکات. بەم مانایە، دەوڵەتی شکستخواردوو دیاردەیەکە زیاتر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خەمی هەڵدەگرێت. بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە پێناسەی "شکستخواردوو" دەکرێت پێکهاتەی جۆرێک حوکمڕانیی تریش بگرێتەوە کە لە واقیعدا دەوڵەت نییە (بۆ وێنە هەرێم). بەواتایەکی تر، لەبارکەوتنی حکومەت، دیاردەی گەندەڵی و توندوتیژی، قەیرانی جۆراوجۆر و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هەردوو شێوەی حوکمڕانی بە شکستخواردوو وێنا دەکات. جا کاتێک ئەو ڕژێمانە چاکباوەڕی لەدەست دەدەن و حوکمڕانییان دەکەوێتە ژێر گومانەوە، ئەگەری تەحەدای بزووتنەوەی بەرهەڵستکاران و تیرۆر و یاخیبوونیش دێتە کایەوە.

زۆر لە چاودێران و توێژەران عێراق وەک دەوڵەتێکی شکستخواردوو دەبینن. لەلایەکی ترەوە واقیعی سیستمی فیدراڵیی عێراق، هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لەو وڵاتە سەیر دەکات و لەگەڵ ئەمەشدا ڕوانگەی دەرەکی و ناوخۆی هەرێمیش جۆرێک لە شکست و قەیران بە ئەزموونی هەرێمەوە دەبینن. کەوابوو لەئێستادا و بۆ فریاکەوتنی هەردوو پێکهاتەی حوکمڕانیی عێراق و هەرێم، پەیڕەوکردنی بەرنامە و پرۆسەی فریاکەوتن و چاکسازی پێویستە.

لە وەڵامی ئەوەدا کە کێ دەکرێت بەو ئەرکە فریاکەوتن و چاکسازییە هەڵبستێت، گەلێک لە نووسەران لەگەڵ بۆچوونی ڕۆژنامەنووس پاتریک کۆکبێرن-دان کە دەڵێت: "سیستمی حوکم بەخودی حکومەتێکی تێوەگلاو لە شکستخواردن و گەندەڵی ڕیفۆرم ناکرێت، چونکە بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازیە دەبێت ئەو حکومەتە گورز لە میکانیزمێک بدات کە حوکمڕانیەکەی خۆی پێ ڕاگرتووە". جا لە حاڵەتی نەبوون یان لاوازی و بێکارەیی ئەکتەری ناوخۆدا بۆ هاندان و ئەنجامدانی چاکسازی، ڕوو دەدات کە لایەنێکی دەرەکی، بۆ مەبەستی ئەجێندا و ستراتیژی خۆی، یان هۆکارێکی پەیوەست بە ڕەوشی وڵاتێک کە مەترسی و هەڕەشە بێت بۆ سەقامگیریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بەفریای حاڵەتی لەبارکەوتووی ئەو وڵاتە بکەوێت.

بەحوکمی پێوەندییەک کە بەئازادکردنی عێراق لە 2003 دا دەستی پێکرد و هەتا ڕەوشی ئەمڕۆ کە هاوپەیمانییەکی سەربازیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لە عێراق شەڕی تیرۆر دەکات، ئەمریکا زیاتر لە هەموو هێزێکی دەرەکی تێوەگلاو و لێپرسراوی ڕەوشی ئێستای عێراقە. لە 2003 دا خولیای ئیدارەی بوش لە بوونی چەکی کۆکوژ (WMD) لە عێراق، هاندەری پەلاماردانی ڕژێمی بەعس بوو، ئەمەش بووە فاکتەری بەستنەوەی سیاسەتی ئەمریکا بە بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانیەوە لە عێراق. بەمانایەکی تر، کێشەی عێراق بوو بە بابەتێکی ناوخۆ و دەرەوەی سیاسەتی ئیدارەی ئەو کاتەی ئەمریکا و بەشێک لە ئاسایشی نیشتمانیی ئەو وڵاتە. بۆیە مەزندە دەکرێت ئەمریکا عێراقی لەبارکەوتووی ئەمڕۆ وەک نموونەی سیاسەتێکی شکستخواردووی خۆی سەیر بکات. ئەمڕۆ بەرەنگاربوونەوە و ئەرکی تێکشکاندنی داعش، سەرچاوەی خەم و پەرۆشیی ئەمریکایە بۆ باری ئێستا و داوڕۆژی عێراق. جا هەر لێرەوە دوورخستنەوەی کاریگەریی ئەگەری لێکترازانی عێراق لەسەر بەرژەوەندی و ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، دەشێت هۆکاری تری ئەو تێوەگلان و بەرپرسیارێتییە بن.

لەبەرامبەر ڕەوشی گومانلێکراوی عێراق و پێوەندیی ڕاستەوخۆی ئەمریکادا، جۆرێک تێبینی هەیە کە گوایا حکومەتی ئەمریکا واقیعبینانە مامەڵە لەگەڵ ڕەوشی ئەو وڵاتە ناکات. تەنانەت هەندێک بەرپرسانی ئەمریکی خۆیان ئەوە دەردەکێنن کە بەشێوەیەکی گشتی، ئەمریکا سیاسەت و پلانێکی ڕۆشنی نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتانی شکستخواردوو. ڕەخنەگرانی سیاسەتی ئەمریکی وای بۆ دەچن کە خەمی ئەمریکا زیاتر چارەسەرکردن، یان هیچ نەبێت هەوڵی بایەخ بۆ گێڕانەوەی حوکمڕانیی عێراق بێت وەک لەوەی قەناعەتهێنان بێت بەواقعی حاڵ لە عێراقدا. بەواتایەکی تر، ئەمریکا هێشتا عێراق وەک پێکهاتەیەکی حوکمڕانیی لەدەستنەچوو دادەنێت. جا ئەمە بەحوکمی زەرووڕەتی سیاسەتێکی دوورمەودا بێت، یان نیگەرانی لە کاریگەریی لێکترازانی عێراق لەسەر ستراتیژی ئەمنی و بەرژەوەندی خۆی لەناوچەکەدا، ئەمە باسێکی ترە. وەک هەندێک لێکیدەدەنەوە، سەبارەت بە ڕەوشی عێراق، کێشەی ئەمریکا زیاتر مەترسیە لەوەی کە دەشێت ڕووبدات، واتا داڕمانی زیاتری ڕەوشەکە، وەک لەو حاڵەتەی کە ئێستا لەعێراقدا هەیە.

دەکرێت ئەمریکا هەموو ئەگەرەکانی لەسەر دۆخی عێراق لێکدابێتەوە، بەڵام لە چاوەڕوانیی ڕەوشی دوای داعشدا، ئەمڕۆ ناچارە بیر لە ئیدارەکردنی قۆناغێکی ڕاگوزەر بکاتەوە. بۆیە پێمواپە شیکردنەوە و تێگەیشتنی ئەگەرەکانی دەرهاوێشتەی بیرکردنەوەی ئەمریکا دەبێت جێگەی بایەخ و سەرنجی لایەنانی تری پێوەندیدار بێ بۆ داهاتوو، بەتایبەتی کورد.

دوای سەرکەوتن بەسەر داعش و ئازادکردنی مووسڵ و بەئەنجام هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیی سەربازیی نێودەوڵەتی، بڕیاری جۆرێک مانەوە یاخود دەستبەرداربوونی ئەمریکا لە ڕەوشی ناوخۆی عێراق ئەرکی ئیدارەی نوێی واشنتن دەبێت. شێوەی خودی مانەوە یان کشانەوە، فشاری ناوخۆی ئەمریکا و هەڵوێستی هەندێک لایەنانی عێراق لە ئەمریکا وەک هێزێکی "خۆسەپێن" و تەنانەت لای هەندێک "داگیرکەر"، بێگومان فاکتەرگەلێکن کە دەبێت لە کاتی ئەو بڕیارەدا حسابیان بۆ بکرێت. وەک کاردانەوە لەسەر بارودۆخی ناوخۆی عێراق و هەرێم، دیدێک خۆسەپێنە کە گوایا بەزاندنی داعش و کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، وەک دوو ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ڕاستەوخۆ پێوەندیدار بە ڕەهەندی ئەمنی و ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، فاکتەری بەشێک لە چارەسەری گرفتی حوکمڕانیی ئەو دوو پێکهاتەیەن. واتا نیگەرانیی سیاسەتی ئەمریکی دەشێت بەرادەیەک ئەندێشەی کۆنترۆڵکردنی ئەو قۆناغە ڕاگوزەر و گواستنەوەیە بێت کە تێیدا فشاری کرداری شێوێنەر (وەک دەستێوەردانی دەرەکی، هەڕەشە لە سەقامگیریی ناوچەکە، سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی یاخیبوون یان تیرۆر) چاوەڕوان دەکرێت.

ئاشتبوونەوە و یەکخستنی سیاسیی توخمە ئاینی و ئێتنییەکان بەشێک دەبێت لە ئەرکی قۆناغی گواستنەوە، ئەمەش لەڕێگەی تێکەڵەیەک لە فشاری هێزی سەربازی و چالاککردنی ڕۆڵی حکومەتی ناوەندەوە بۆ گەڕانەوەی ئاستێک لە ئارامی و سەقامگیری بۆ وڵات. هەندێک وا مەزەندە دەکەن کە دەگوترێت ئەمە لە ڕێگەی بەهێزکردن و سەلماندنی زیاتری سیستمی فیدراڵی و دەستوورەوە، کە تا ئێستا کاری جدیی بۆ نەکراوە، بەدەست بێت.

کۆنترۆڵی ناوچەی جیاواز لەلایەن گرووپەکانی بەشداری شەڕی ئێستا و کاتی پاککردنەوەی وڵات لە داعش و ئازادکردنی مووسڵ، لەوانەیە وەک تەحەدای ئەو گرووپانە بێت بۆ سنووردانی دەسەڵاتی ناوەند، بەشێوەیەک کە ڕێگر بێت لە ڕێککەوتنی سیاسی، واتا کۆسپ بێت بۆ ئەو بنەما ستراتیژیەی کە ئەمریکا بیەوێت لە عێراقدا ڕەچاوی بکات.

ئەمریکا و تەنانەت un یش وەک نوێنەری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەمڕۆ ئەولەویاتی کار لە تێکشکاندنی داعشدا دەبینن و لە پێناوی ئەوەدا پاراستنی یەکگرتوویی عێراق و ڕاگرتنی ڕەوشێکی بەکارهاتووی حوکمڕانیەکەی، لە هەموو ئیعتباراتێکی تری عێراقی یان کوردی، لایان لەپێشترە. مەزندەی ئەوەش هەیە کە ئەگەر بەئەنجام پرسی عەرەبی سوننە لە عێراقدا بەرەزامەندیی خۆیان موخاتەبە نەکرێت، لەوانەیە لە بەرگێکی تردا ڕۆڵی شێوێنەر ببینن.

دارەتی داڕووخاوی ئاسایش و سیستمی ئابووری، نیگەرانییەکی تری مامەڵەکردنە لەگەڵ بارودۆخی عێراقی دوای داعش. وەک چاودێرێک دەڵێت "کەس ئامادە نییە وەبەرهێنان لە جێگایەک بکات کە دەشێت لەهەموو ساتێکدا تاڵان و بڕۆی تێدا ڕووبدات".

بەمەزندەی UN، ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ گەورەترین ژمارەی پەنابەری لێ دەکەوێتەوە. ڕاستە لە ڕوانگەی یارمەتیی مرۆییەوە، ئەمە ڕاستەوخۆ وەک ئەرکی دەزگاکانی UN سەیر دەکرێت. بەڵام ئاوارەبوون دیاردەیەکی پڕ کێشەیە و زۆربەی ئەو کێشە و گرفتانە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە پەنابەران ڕوویان تێدەکەن، واتا نێو خاکی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

لەپاڵ هەموو ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیەدا، دەرهاویشتەی دوا هەڵبژاردنی ئەمریکا، ئیدارەیەکی کۆماریی بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ هێناوەتە کایەوە. تا ئەمڕۆ چاودێران و میدیای جیهانی تەنها بەجۆری بیرکردنەوەی ترەمپ وەک سەرۆکی هەڵبژێردراو، واتا دەستبەکار نەبوو، ئاشنان. لەمێژەوە بۆچوونێک هەیە کە گوایە لەڕووی سەنگ و قورسایی و حوکمی بەرپرسیارێتییەوە، پۆستی سەرۆکایەتی کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر ئاراستەی بیرکردنەوەی خاوەنەکەی، وەک لەوەی بەپێچەوانەوە بێت. لێرەدا ئەوەندەی بۆ مەبەستی ئەم باسە بتوانرێت و گونجاو بێت، ئاماژە دەدەین بە هەندێک ڕوخساری بیرکردنەوە و ستراتیژی سەرۆکی نوێی ئەمریکا.

- بەبۆچوونی نووسەرێک، دۆخی دوای ئازادکردنی مووسڵ خاڵی وەرچەرخان دەبێت بەرامبەر هەڵوێستی دژبەیەکی ئەجێندای گرووپە ناوخۆ و ناوچەییەکان کە چالاک و دەستڕۆیشتوون لە دارشتنەوەی ژینگەی جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەوابوو ئەولەویەتی ئیدارەی ترەمپ لەو قۆناغەدا، دەبێت زامنکردنی لێکنەترازانی عێراق بێت وەک دەوڵەت.

- دۆناڵد ترەمپ، سیاسەتی ئۆباما لە عێراق خەتابار دەکات وەک هۆکاری لەدەستدانی دەسکەوتەکان و سەرهەڵدانی داعش، بۆیە دەڵێت "ستراتیژی ئێستامان لە هەوڵی بنیاتنانەوەی نەتەوە و گۆڕینی ڕژێم شکستی هێناوە. ئەگەر من سەرۆک بم کۆتایی بە دروستبوونی نەتەوە ئەهێنم..... بۆچوونی نوێی ئێمە دەبێ ڕێگرتن بێت لە پەرەسەندنی ئیسلامی ڕادیکاڵ.... ئیدارەی من بەپەرۆشەوە عەوداڵی هاوپەیمانێتی سەربازی دەبێت بۆ لەناوبردنی داعش، لە ڕێی هاوکاریی نێودەوڵەتیەوە هەوڵی داڕانی داعش دەدەین لە سەرچاوەی دارایی و پەکخستنیان لە پڕوپاگەندە و کۆکردنەوەی خەڵک لە خۆیان".

- ئەگەر ئیدارەی ترەمپ ستراتیژێکی لەو جۆرە دابڕێژێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە عێراق و ناوچەکەدا بەگشتی، دەشێت خوازیار بێت کە UN بەحوکمی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی ژمارە 1618، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە شەڕی دژ بە تیرۆر، ببێتە بەشێک لەو هاوپەیمانیەی ترەمپ بیری لێ دەکاتەوە.

شەڕی ئەمجارەی دژ بە داعش بەڕادەیەک ئەوەی سەلماند کە دەوڵەتی گەورەی خاوەن بەرژەوەندیی ستراتیژی لە وڵاتێک دەتوانێت لە حاڵەتی شەڕی دژ بە تیرۆردا قوربانی بدات بە هێزی سەربازیی زەمینی ئەو وڵاتە نەک بەهی خۆی. بەمانایەکی تر، لەڕێگەی هاوکاریی ئاسمانی، بەرنامەی ڕاهێنان و پڕچەککردنی هێزی ئەو وڵاتە، هێزی سەربازیی زەمینی خۆی دوورەپەرێز بگرێت.

لێرەدا و بەشێوەیەکی تانە- ئامێز دەکرێت بڵێین کە دەرفەتی شاردراوەی زۆر گرانکەوتوو لە ڕەوشێکی وادا بۆ کورد دەڕەخسێت کە "دەشێت" دەستکەوتی دوارۆژی لێ چاوەڕوان بکرێت.

- سەرۆکی نوێی ئەمریکا خوازیاری جۆرێک نزیکبوونەوە و هاوکارییە لەگەڵ ڕوسیا لەسەر هەندێک بابەت. بەڵام هێشتا بە هێما باس لە لابردنی سزاکان دەکات لەسەر ئەو وڵاتە.

- ترەمپ کەمتەرخەمیی ئیدارەی ئۆباما دەبینێت لە "کۆنترۆڵکردن"ی نەوت لە عێراق. ئەمەش گوایا بەو مانایەی کە نەدەبوو هیچ بەشە نەوتێکی عێرق بکەوتایە دەست داعش تا بۆ کاری تێرۆریستیی خۆی بەکاری بهێنێت!

- ئیدارەی ترەمپ بەنیازە بە "ڕوونی" ئەو ڕێساو ڕێکارانە دەستنیشان بکات کە حوکمی بڕیاردان و بەڕێوەچوون دەدەن سەبارەت بە سیاسەتی پەنابەرێتی.

لەنێو هەموو ئەم ڕووداو و ئەگەری پێشهاتەکاندا لە عێراق، ڕۆڵی سەرۆکوەزیرانی وڵات حەیدەر عەبادی بێگومان ئەرکێکی زەحمەت و گرنگە. دەوترێت لەگەڵ ئەوەدا کە عەبادی ڕۆڵێکی دیاری بینیوە لە بەرەوڕووبوونەوەی کێشەکانی وڵاتەکەی، بەڵام لە ئەنجام ئاسەواری شەڕی دژ بە تیرۆر و بڵاوبوونەوەی هێزی میلیشیای جۆراوجۆر، عەبادی ئەمڕۆ سەرکردەی وڵاتێکە کە زیاتر پێناسەیەکی سەربازیی پێوە دیارە، واتا وڵاتێک کە بە قۆناغێکی یەکجار تەحەداکەردا تێدەپەڕێت. تەنانەت دەوترێت ئەگەر عەبادی بیەوێت ڕەوایی و خۆڕاگریی عێراق وەک دەوڵەت زامن بکات، دەبێت لە ئێستاوە بەرەوڕووی گرفتی میلیشیاکان ببێتەوە و بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە.

سەبارەت بە هەڕەشەی تیرۆر کە وەک بەڵایەکی جیهانی سەیر دەکرێت و بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە بوون و مانەوەی حکومەتێکی بەکارهاتوو لە عێراقدا وەک هاوپەیمان، ئیدارەی نوێی دوناڵد ترەمپ دەبێت پابەندبوونێکی کراوە لە بەردەوامبوونی شەڕی دژ بە تیرۆردا ئاشکرا بکات وەک سیاسەتی وڵاتەکەی. لەمە بەولاوە و لە ئەگەری مانەوەیدا لە عێراق، ئەمریکا دوو بژارەی لەبەردەست دەبێت: یەکەم، زەرووڕەتی بەجێهێنانەوەی عێراق بۆ ئاستێک لە یەکێتی و ئارامی کە بتوانێت پشتیوانی لە ئاشتەوایی نیشتمانی و جۆرێک ڕیفۆرم بکات. خۆ ئەگەر ئەوە بە دەست نەهات، ئەوکات بژارەی دووەم، واتا ئاراستەکردنی دیالۆگی گشتی بەرەو گۆڕانی تر لە عێراق و ناوچەکەدا.

ئاماژەی زۆر و جیاواز هەن بۆ بوونی پلان و پرۆژەی جۆراوجۆر بۆ دەستکاریی سنوورەکان و دروستکردنی دەوڵەتانی نوێ و تەنانەت بچووککردنەوە و نەمانی هەندێکی تر، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام بەلای هەندێک چاودێرانەوە ئەمانە هێچیان بۆ ئەمڕۆ نەخشە ڕێگا و بابەتی پلانی سەلمێنراو نین کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بخرێتە بواری پیادەکردنەوە. بۆیە من لەم باسەدا زیاتر تیشکم خستووەتە سەر ڕەوشی ناوخۆی عێراق و بەڕادەیەک هەوڵی خوێندنەوەی بۆچوون و ستراتیژی ئەو ئەکتەرانەم داوە کە دەشێت ڕاستەوخۆ پێوەندیدار و کارا بن لە ڕەوشی ئێستا و پرۆسەی عێراقی دوای داعش و کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا. بەلای منەوە ئەمە خەمی گەورەی ئێستامانە چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەر و پێوەندیدارە بە هەرێمی کوردستانەوە وەک بەشێک لە عێراق و هەروەها وەک دەسەڵات و حوکمڕانییەک کە کاریگەریی زۆر لە ئەگەرەکانی ئەم باسەی لەسەر دەبێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی و یەکێتی چی لە گۆڕان دەکەن؟

1

ئیتر پێدەچێ ئەوە یەکلایی بووبێتەوە کە پارتی و یەکێتی بەرەو ڕێککەوتنێکی دیکەی ستراتیژی دەڕۆن و زۆربەی شتەکانیشیان بڕاندبێتەوە. ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی دووی هەر دوو حیزب دەمێکە باسی لێوە دەکرێت، تەنانەت پێش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی دەباشان-یش بە چەند هەفتەیەک، چوارچێوەی ڕێککەوتنی نوێی پارتی و یەکێتی کامڵ ببوو، بۆیە ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی سوپرازێکی گەورە بوو بۆ پارتی و پێی هەزم نەکرا.

پەیامەکانی بارزانی لە 16 و 20ی نۆڤەمبەری پارساڵ روویان لە یەکێتی بوو کە دەبێ خۆیان یەکلا بکەنەوە، یان لەگەڵ پارتی بن، یان دژی بن، شتێک نییە لەو بەینەدا. پارتی خۆی لەگەڵ گۆڕاندا بە تەواوەتی یەکلایی کردووەتەوە و، قسەکانی بارزانی لە داڤۆس سەبارەت بە کۆتایی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان، دەلالەتە لەوەی کە پارتی ئیتر دەربەستی پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوان لەسەر بنەمای براوەکانی هەڵبژاردن نییە، بگرە دەیەوێ لەگەڵ یەکێتی، نەک بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، بگرە بۆ دوای ئەویش ڕێککەوتنێکی تۆکمەی حوکمڕانی ئیمزا بکات. ئەو لایەنانەیش کە حەزیان لە بەشداری بێت بەشدارییان پێ بکرێت و، بوونی گۆڕان یان هەر حیزبێکی دیکە لەناو ئەو بازنەی حوکمڕانییەدا، نەکرێتە مەرج.

لەو حاڵەتەدا کە یەکێتی ڕێککەوتنی ستراتیژیی لەگەڵ گۆڕاندا هەیە، چی دەکات؟ لە ئێستاوەڕا بەشێکی یەکێتی و گۆڕان دژی ئەو نزیکبوونەوەیەی پارتی و یەکێتین و ئەو دەنگانەش بەئاشکرا دەبیسترێن، بەڵام پێناچێ ئەوە ڕێگر بێت لەوەی کە پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنێکی دیکە ئیمزا بکەن و، بەیەکەوە سەردانی حیزبەکان بکەن. چونکە یەکێتی لە هەستیاریی دۆخەکە تێگەیشتووە. ڕاستە گۆڕان توانی بەشێک لە سەرکردە، کادیر و جەماوەری یەکێتی بۆخۆی بەرێت، بەڵام هێزی سەربازی و دارایی یەکێتی وەکو خۆی مایەوە. ئەگەر یەکێتی دەستبەرداری حوکمڕانیی کوردستان ببێت و لە بازنەی سلێمانیدا بخولێتەوە، دوور نییە هێزە سەربازییەکەشی لەدەست بدات، بەتایبەتیش کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ئەو هێزە پابەندی بڕیارەکانی بارزانی بوونە وەک فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە. بۆیە یەکێتی، گۆڕان لە ئیدارەدانی سلێمانیدا دەهێڵێتەوە، بەڵام بێباکیشە لەوەی گۆڕان ناتوانێ لەوە خراپتر بکات کە تا ئێستا کردوویەتی.

## گۆڕان پەنا بۆ چەک دەبات؟

2

مقۆمقۆی دروستکردنی شانەی چەکداری و گۆڕینی ڕژێم بە زەبری چەک لەناو گۆڕاندا شتێکی تازە نییە و هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، ئەو دەنگانە دەبیستران. گۆڕان، بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستاندا، کاری لەسەر ئەوە کرد کە لەبری دروستکردنی چەکداری سەر بەخۆی، پارە و چەک لەدەست پارتی و یەکێتی دەربهێنێت. بە درێژایی 10 ساڵ ئەوەی پێ نەکرا و پارە و چەک هەر لای یەکێتی و پارتی مانەوە. بەشێکی زۆری نائومێدیی کادیر و لایەنگرانی گۆڕان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆچی دەبێ حیزبەکەی ئەوان بەو هێزە جەماوەرییەوە، توانای هێنانەدی دروشمەکانی خۆی نەبێت؟!

لەو بارودۆخەی کە ئێستا کوردستان و ناوچەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت، قسەی ئەوەڵ و ئاخیر ئەو لایەنانە دەیکەن کە خاوەنی هێزی سەربازین، چونکە ناوچەکە لە جەنگدایە و جەنگیش بەردەوامە. بۆیە ڕۆڵی دامەزراوە مەدەنییەکان کاڵ بوونەتەوە و جێگەی سەرنجیش نین تا هەر نەبێ بەگوشاری دەرەکی کارا بکرێنەوە. جا کە وابێت، گۆڕان وەک هێزێکی بێ چەک و بێ پارە، چی لە دروشمەکانی دەکات و چ وەڵامێکی بۆ هەوادارانی هەیە؟ کە هەوڵەکانی گۆڕان لە 17ی شوبات و دواتری، بۆ گۆڕین سەری نەگرت، پرسیارم کرد، ئەی لەمەودوا چی دەکەن؟ وەڵام ئەوە بوو: "چەک هەڵدەگرین و دەڕژێینە سەر شەقام".

نائومێدی لە گۆڕین، هەڵگرتنی دروشمی نەگونجاو لەگەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەربەستە سیاسییەکان و ڕێگرییە یاساییەکان، وا دەکات بزووتنەوە سیاسییەکان تەحویل بن بۆ بزووتنەوەی چەکداری. جارێ گۆڕان پێشگیریی کاری سیاسیی لێ نەکراوە و حیزبێکی یاساییشە، بەڵام کارتە سیاسییەکانی تەواو بوونە. بۆیە شانەی نووستووی چەکداری هەیە و ڕێکیشخراون. ئەمە ئیدیعا نییە، چونکە سەرۆکی هەڵپەسێردراوی پەرلەمان، لە دیمانەیەکدا دەڵێ، دەیتوانی بە زەبری هێزی چەکداری بێتە ناو هەولێرەوە، بەڵام نەیکردووە! ئەوە داننانە بەوەی کە هێزی چەکداریان هەیە. لەو حاڵەتەدا، گۆڕان تەنها سوپرایزێکی ماوە، ئەویش بەکارهێنانی چەکە.

## نزیکبوونەوەی گۆڕان و پەکەکە

3

یەکێتی بەم دواییە و لە سۆنگەی گۆڕانکاریی ناوچەیی و جیهانییەوە، لە پەکەکە دوورکەوتۆتەوە و دووریش نییە هەمان سیناریۆی سەرەتای نەوەتەکان دووبارە بێتەوە کە بە هێزی هاوبەش بەرەنگاری پەکەکە بوونەوە. لەو سیاسەتەدا یەکێتی مەبەستیەتی کە لە داهاتووی کوردستانی ڕۆژئاوادا خاوەنی قسە بێت و، باری لەنگی خۆی لەگەڵ تورکیاشدا ڕاست بکاتەوە. بەڵام ئەوە هاوکات دەبێ لەگەڵ ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان دوای نائومێدی لە پڕۆسەی سیاسیی ناوخۆیی، لە پەکەکە نزیک و نزیکتر ببێتەوە و لە ئەگەری هەر پێکدادانێک کە لە ڕۆژئاوا یان شەنگال ڕووبدات، نەک هەر پشتیوانیی مەعنەوی و ئیعلامی، بگرە لە رووی مرۆییشەوە لە پاڵ پەکەکەدا بوەستێ. ئێران ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لەو بارەیەوە، چونکە مەبەستیەتی شەنگال و ناوخۆی کوردستانی ڕۆژئاوا، نەبنە خاڵی یەکلاکەرەوە، بگرە شەڕێکی سەرتاسەری لەناوخۆی کوردستانی باشوور بەرپا بێت. گۆڕان دەتوانێ پەکەکە بەرێتە ناو قووڵاییەکانی کوردستانی باشوور و بەیەکەوە شەڕی نەیارە هاوبەشەکەیان (پارتی) بکەن.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# چانسەکەی دیکەی ئەمریکا

لە یەکەم سەردانیدا دوای دەستبەکاربوونی وەک سەرۆک، دۆناڵد ترەمپ چووە سی ئای ئەی. یەکەمین لێدوانی باڵکێشیشی، کە چاوەڕوان دەکرێ لە ماوەی داهاتوودا زۆری وای لێ ببیستین، ترەمپ لە بنی هەنبانەکەی دا و باسی هەڵەی ئەمریکییەکانی کرد کە نەوتی عێراقیان بەئاسانی تەسلیمی عێراقییەکان کردووە. بەڵام دووبارەبوونەوەی چانسێکی، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە بەدوور نەزانی.

ئەو قسەیەی لە هەینیی ڕابردووەوە ترەمپ دەیکات، چیدی قسەی پیاوێکی سەرمایەداری پۆپولیست نییە کە هەرچییەکی ویست بیڵێت و مەرج نەبێ کردەوەی بەدوادا بێت. ترەمپی سەرۆک لەو ڕۆژەوە کە دەستبەکاربووە جانتایەکی ڕادەستکراوە کە بەهۆیەوە دەتوانێ هێرشی ئەتۆمی بۆ سەر هەر جێییەکی دنیا بیەوێ، کارا بکات. پیاوێکی وا کە باسی چانسێکی دیکە لە عێراقدا بکات، ئەگەر باشیش بیری لە قسەکەی نەکردبێتەوە نیشانەی ئەوەیە خەونێکی وای هەر بینیوە.

یەکێک لەو قسانەی پاش ڕۆیشتنی ئۆباما لەسەر هەشت ساڵەی سەرۆکایەتییەکەی کران ئەوەبوو کە "بۆ ئەمریکییەکان خەون بوو و بۆ ڕۆهەڵاتی نێوەڕاست مۆتەکە بوو". بەڕاستیش وابوو: ڕەشپێستێک ببێتە سەرۆکی ئەمریکا بەرجەستەکردنی خەونی ئەمریکی بوو، بەڵام لەو هەشت ساڵەدا ئۆباما قسەی زۆر و کردەوەی کەمی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێبوو. بۆ پارچەکانی کوردستانیش هەروابوو. جگە لەو پشتیوانییە خۆپارێزانەیەی لە هەولێر لە شەڕی داعشدا کردی، ئۆباما و ئیدارەکەی خێرێکی وا زۆریان نەبوو. بۆیە ئێستا کە ترەمپ هاتووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا دەگاتە باکوور و ڕۆژئاوا و باشوور ئومێدیان پێیەتی.

ئەگەر وایدانێین ئیدارەی نوێی ئەمریکا چاوی لە گەڕانەوە بێت بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی نەوت لە عێراق و تەنانەت لە سووریاش، تا وەک خۆیان دەیڵێن لەدەست داعش و هاوشێوەکانی بیپارێزن، ئەوە ئاسانترین شوێن باشووری کوردستانە کە لەئێستاوە بەو کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکی و ڕۆژئاواییانەی کاری تێدادەکەن نیوەی چانسی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەی ترەمپ باسیکردی ڕەخساندووە. خۆی ڕاستییەکەشی کاتێک باسی نەوتی عێراق دەکرێت کە بکرێ لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیدا بێت کەس بیری بۆ نەوتی بەسرە ناچێت، بەڵکو یەکسەر بیری بۆ موسڵ و کەرکووک و هەرێمی کوردستان دەچێت.

ئێمە لە هەڵسەنگاندنی مێژووی خۆماندا ئۆباڵی بێدەوڵەتیمان بۆ نەبوونی سنووری دەریایی و هەبوونی ئەو نەوتە دەگەڕێنینەوە کە چەندین دەیە بە ئاگرەکەیەوە سووتاین، بەڵام وەک دەردەکەوێ لە هەزارەی نوێدا جگە لە بەخت و ئیقبالی باش ئەوە نەوتە کە دەتوانێت قەرەبووی بێ دەریاییەکەمان بۆ بکاتەوە. بەڵام نە نەوت و نەبەخت ناتوانن قەرەبووی ئەوەمان بۆ بکەنەوە کە هەڵە بکەین و بە سەرقاڵبوون بە کێشەی بچووکەوە هەلە مێژووییەکانمان نەقۆزینەوە.



عەبدوڵڵا عالایی

# ئایا دەوڵەت و ناسیۆنالیزم باویان نەماوە؟

لە پرسی جودابوونەوەی میللەتان و بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و خودشکۆیی نەتەوەدا، دوو ڕەوت و تەوژم، لە سەردەمی مۆدێرنێتە، بە زەقی دژایەتییان لە بەرانبەردا بەرپا کردووە. بزاڤی چەپی ڕادیکاڵ لەنێو بزووتنەوەی مارکسیستی بە نوێنەرایەتی (ڕۆزا لوکسمبۆرگ، پانەکۆک، وشتراسەر) بەوە دەناسرێنەوە کە لە دژی جیابوونەوە و سەربەخۆیی گەلە ستەمدیدەکان لە بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، ئەمەیش لەپێناو ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریدا ئەم هەڵوێستەیان دەنواند. دیدگەی چەپی ڕادیکاڵ، بەتایبەت دیدی ترۆتسکی و لوکسمبۆرگ، لەبەرانبەر مافی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی گەلە ستەمدیدەکان، پەیوەستیی بە ئیکۆنۆمیستی (ئابووریگەری)یەوە هەیە، کە پێیانوابوو لە کاروانی پێشکەوتنی شۆڕشی کرێکاریی یەکناگرنەوە. پرسی یەکیەتیی پرۆلیتاریاش خاڵێکی دیکەی ئەم دیدە بوو، نموونەی (لوکسمبۆرگ) کە یەکیەتیی نێوان پرۆلیتاریای ڕووسیا و پۆڵەندای بە (هێزی پۆلاینی پێداویستیی مێژوویی) دادەنا.

تەوژمی دووەم: ڕەوتی ئیسلامیزم (ئیسلامی سیاسی) بوو. دوای ڕووخانی خیلافەتی عوسمانی، بزاوە ئیسلامییەکان ئاڵای یەک ئۆمەتی (الامە الواحدە)یان بەرزکردەوە. ئەگەرچی وڵاتە عارەبییەکان، هەر یەکە و لەڕاست خۆیەوە بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ناسیۆنالیزمی وەک ئامراز بەکارهێنا، کە دەکرێ عەرەبستانی سعودیە بە نموونە بهێنینەوە، بەڵام کە باس دەهاتە سەر پرس و دۆزی گەلە چەوساوە و میللەتە پەرشکراوەکان، یەکڕاست ئایەتی (انما المؤمنون اخوە) و (واعتصموا بحبل اللە)یان وەک دروشم هەڵدەنا. بناخەی فیکری بزاوی ئیسلامیزم، (ئیخوان موسلیمین)یش وەک دایکی هەموویان، لەسەر بناوانی ئوممەتڕەوی (الأممیە) بنیات نراوە، ئوممەمییەت، وەک دژە فرەدەنگی و فرەڕەنگی، هەوڵێک بوو بۆ یەکیەتیی جوداوازی و دەستگرتن بەسەر فەزای گشتی. ئیسلامیست، لە هەر قوژبنێکی ئەم دنیایەدا، خۆبەندیی بۆ مەرجەع بوو، نەک بۆ پرسی نێوەخۆیی و دۆزی نەتەوەیی. ئیسلامیزم کە بنەما ئایدیۆلۆجییەکەی فیکری دینییە، ئەم پەرتەوازەیی و سەربەخۆبوونەی گەلانی ناعارەب، بە ناکۆک و نەیار بە خودی دینەکە هەژمار دەکات، لێرەوە تیغی خۆی دەوەشێنێت.

ئەم دەسپێکەم بۆ ئەوەیە بڵێم: ئەوی دەم لەم باسە وەربدات، کاتێ یار یان نەیار بە دەوڵەت و سەربەخۆیی گەلان دەبێت، دەبێ بزانێت ڕێیەکان بۆ سەر کامە کانی دەچنەوە و باراش لە کامە ئاش دەکەن. پرسی دەوڵەت و نەتەوەییبوون، پرسێکی تەواو تیۆری و میتۆدییە، نەک ئەم شەڕەکۆڵانەی نەیارانی هەڵیانگیرساندووە، کە زمانی جوێن و ئیهانەی کۆڵانە، نەک زمانی سەر مێزی گفتوگۆ و ئەرگیۆمێنت.

ئێستە لەنێو ئێمەدا، دەنگێک هەڵایتی و بەسەر داوای دەوڵەت هاوار دەکات، تەواو لە میتۆد، تیۆر و هزر خاڵییە. ئەم پێڕە، خاوەن گوتارێکی پڕ لە سۆفیستیک و زمانبازین، لە پەنای لێدان لە (کوردایەتی)، گەرەکیانە بیری ناسیۆنالیزم بۆ خەڵکی وا وێنە بکێشن کە وێنای لە زەینی خۆیانە. کۆششی ئەوەیانە (کوردایەتی) بکەن بە کاڵایەکی پڕ بە باڵای ناسیۆنالیزمدا. لێرەوەش گەنجانێک بەبێ ئاگایی بەدوویان کەوتوون، بەنیازی کوتانەوەی پارتی و یەکێتی- کە ئەمە شەڕێکی دیکەی ڕەوایە و هەموو تاکێک بۆی هەیە ڕەخنەی ڕادیکاڵی بگرێت- بەرەو دژە ئیرادەی نەتەوە و مافە سەرەتا و سادەکانی مرۆیی و ئینتیما، پەلکێش دەکرێن. ناسیۆنالیزم لە زەینی ئەمانەدا بە ڕەوتاری چەند حیزبێک وێنای بۆ دەکرێت. سەرانی ئەم پێڕە کاتێ (کوردایەتی) دەکوتنەوە، مەبەستیان گەندەڵی و جەوروستەمی پارتی و یەکیەتی نییە، بەڵکە ڕێک دژ بە ناسیۆنالیزم وەک میتۆدی خودشکۆیی نەتەوە و میکانیزمی بنیاتنانی دەوڵەت قیت دەبنەوە. ئەوانەش کە تووتیی ئاسا، گوزارشت و دەربڕینەکانیان دووبارە دەکەنەوە، زۆربەیان لە باکگراوەندی فیکریی ئەم پێڕە ناحاڵی و بێئاگان. من شەڕی کوردایەتی ناکەم ئەگەر مەبەست لێی پارتی و یەکیەتی و کۆی پارتەکانی دیکەی کوردستان بێت. ئاخر ئەمە شەڕی من نییە، بەڵام کاتێ دێتە سەر پرسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم وەک میتۆد و میکانیزم، دەوڵەت و سەربەخۆیی وەک مافی مرۆیی سەردەمی مۆدێرنێتە، وەک پێوەستبوونێکی ئاکاری، قسەی خۆم دەبێت.

ئەم پێڕە بە ئاگاییەوە بێت یان لە نەخوێندەواری، (ناسیۆنالیزم) و (ڕەیسیزم) تێکەڵ بە یەکتری دەکەن. واش وێنەی (ناسیۆنالیزم) دەکێشن کە هەموو فۆرم و مۆدیلەکانی فاشیزمییە. نیشاندانی ناسیۆنالیزم بەم دیوەدا لە دەڵەسەکاری بترازێ، شتێکی دیکە نییە. منێکی لیبراڵخواز کە باوەڕیم بە ناسیۆنالیزم بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی کوردستان هەیە، ڕێز لە هونەر و کەلتوور، فەرهەنگ و دابی گشت نەتەوەکان دەگرم، بگرە هەواداریانم و لەگەڵیشیان تێکەڵ دەبم. لەم سۆنگەیەوەش من لەگەڵ چەمکی (دەوڵەتی کوردستان)م نەک (دەوڵەتی کوردی) کە ئەم دوو گوزارشتە لە باری تۆلێرانسەوە جوداوازییان هەیە.

لەدیوی مێژووییەوە، هەر لە دەستپێکی بیری ناسیۆنالیزمی و شۆڕشی سەربەخۆیی گەلاندا، ناسیۆنالیزمێکی جیهاندۆست و یەکسانیخواز، دەنگی بەرز بوو. جۆزیە ماتزینی (1805-1872) فەیلەسوفی سیاسی، شۆڕشگێڕی کۆماریخوازی ئیتالیا، پێشڕەوترین بنیاتنەرانی ڕێکخراوی نهێنیی (ئیتالیای لاو) کە ئامانجیان یەکیەتیی خاکی ئیتاڵیا و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، لەگەڵ دووپاتکردنەوەی زۆری لەسەر دەوڵەتی سیاسیی نەتەوە، زۆر بە سەختی، لایەنگری ئازادی، دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوەژیانی نەتەوەکان بوو. یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ڕێبازی ماتزینی و ڕێکخراوی (ئیتالیای لاو) خەباتی بێ چەک و ناتوندوتیژی بوو. دیدگەی مرۆدۆستانە بوو، لایەنداری ئازادی و یەکسانیی نێوان وڵات و مرۆڤەکان بوو. دیدگەی ناسیۆنالیستیی ماتزینی کە ئامانجێکی جیهانیی ئازاد و یەکسانی هەیە، نموونەیەکی درەوشاوەیە لە مۆدێرنیتەی سیاسی، بەتایبەتیش لەم ڕەهەندەوە کە بابەتی ئازادی، ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و دەسەڵاتی چەوسێنەر، مافی ئازاد و یەکسانیی تاکەکان، یەکیەتی و یەکبوونی جیهانیی لە نەتەوە ئازاد و سەربەخۆکاندا دەبن بە دیدگە و هەنگاوە بەهێز و کاریگەرەکان بۆ دامەزراندنی نەتەوەی مۆدێرن و مۆدێرنیتێی سیاسی و پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆست.

ئەم پێڕە لە پەرچەکرداری حیزب ڕەخنە لە ناسیۆنالیزم دەگرن، نەک وەک کۆنسێپت و پارادایمێک. لە ناسیۆنالیزمی ئازادیخواز و مەدەنی، ناسیۆنالیزمی سڤیک بێ خەبەرن.

بەنەدیکت ئەندرسۆن تیۆریستی بواری ناسیونالیزم لە سادەترین پێناسەی ناسیونالیزمی سیڤیکدا ئاوا دەنووسێت: "ناسیۆنالیزمی سڤیک کە بە ناسیۆنالیزمی ئازادیخوازی ناسراوە، چەشنە ناسیۆنالیزمێکە کە فەیلەسوفە سیاسییەکان بەمجۆرە پێناسەیان بۆ کردووە: ناسیۆنالیزمێکە ڕق و کینە لە نەتەوەکانی دیکە هەڵناگرێ و هاوئاهەنگیشە لەگەڵ بەهاکانی ئازادی و لێبوردەیی و یەکسانی و مافە تاکگەراییەکاندا".

ئەم فێرژنە لە ناسیۆنالیزمی سڤیک، کە ستراکچەرەکانی (لیبراڵییەت) و بەها و ئازادی و (تۆلێرانس) و یەکسانی و ئازادییەکانی تاک فەراهەم دێنێت، ئاوا لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوادا پێناسە کراوە.

من لەگەڵ ئەوە هاوڕام، ڕق لە نەژاد و فەرهەنگی نەتەوەی تر، قاچێکی لەنێو فاشیزم و ڕەیسیزم چەقاندووە، بەڵام ناسیۆنالیزمی مەدەنی وەک میتۆد و میکانیزمێکی سیاسیی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دەوڵەت، لەسەر ئەم ڕقە بنیات نەنراوە، بەڵکو لەپێناو ڕەواندنەوە و لادانی ئەم ڕقەیە.

ئێمەی کورد، لە باری فەرهەنگییەوە، نەتەوەین. بەڵام لە باری فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرنەوە، هێشتا میللەت یان گەلین. خێڵ دەڕوا، میللەت دێت، دواتر لە سایەی (دەوڵەت) نەتەوە چێ دەبێت. ڕاستە کورد دەوڵەتی نییە، بەڵام لە باری فەرهەنگییەوە، هەموو پێکهێنەرە میللییەکانی نەتەوایەتی (زمان، نەژاد، فەرهەنگ، خاک، دین)ی هەیە. ئەمە لە کوێی یەکسانی و ئازادیدا جێی دەبێتەوە، گەلێکی ئاوا لە پێکهێنانی قەوارەی خودشکۆیی نەتەوەیی، بێبەش بکرێت؟

ئەم پێڕە دەوڵەت و سەربەخۆیی نەتەوەیی بۆ عێراق و عەرەب بە ڕەوا دەبینن، بەڵام بۆچیی بۆ خۆیان شتێکی ترە؟ حیکمەت لەمەدا چییە کە بۆ گەلی خۆیان بە ڕەوای نابینن؟

ناسیۆنالیزم، بە دیوێکی دیکەی، ئەوپەڕی مرۆدۆستی و یەکسانیخوازی و عەدالەتە. ئاخر داوای دەرهێنانی میللەتی خۆت کە ئەمیش پارچەیەکی نێو مرۆڤایەتییە، ترۆپکی مرۆڤدۆستی و دژە ڕەیسیزمیە. مەگەر لای ئەم پێڕە میللەتەکەیان ئادەمیزاد نەبن.

لەژێر سایەی بێ دەوڵەتییدا تۆ بۆت نییە بە زوانی خۆت بدوێیت و بنووسیت .. پەرە بە فەرهەنگی ئەدەبی و هونەریی خۆت بدەیت .. دیمۆگرافیای شارت بپارێزیت .. تەنانەت باس لە ناسنامەی نەتەوەییبوونی خۆیشت بکەیت .. کاتێ ناسیۆنالیزم بۆ لادانی ئەم ستەم و دیکتاتۆرییە دێت، کامەیان فاشیزم و ڕەیسیزمە؟ ئەو قورگەی بۆ ڕزگاری و ئازادیی هاوار دەکات، یان ئەوەیان کە لەپێناو برەودان و بەردەوامیی بەم چەوساندنەوەیە، دەقیرێنێت؟

(هەر میللەتێک ژمارەی دانیشتووان و پێوانەی خاکەکەی هەرچەند بێت، مافی ئەو میللەتە بۆ وڵاتی سەربەخۆ و دەستەڵاتی نەتەوەیی، سرووشتی و پیرۆز و بەرهەقە)- ئەمە خاڵێکی بەرچاوی بەڵگەنامەی مافە گشتییەکانی فەرەنسایی ساڵی (1795)ە.

دەوڵەتانی ئۆرووپای ڕۆژاوا، بەلژیک تا ڕۆژهەڵاتی ئۆرووپا (یۆنان، سربستان، ڕۆمانیا و بولگاریا) وەکو چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی و لە ئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسییەکان بەتایبەتیی شکستی ئیمپراتۆریای عوسمانی پێکهاتن .. ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، وەکو دوو دەوڵەتی نەتەوەیی، بە تەواوی پێکهێنەرە نەتەوەییەکانەوە پێکهێنران .. لە پۆڵۆنیا شۆڕشی نەتەوەیی سەریهەڵدا، کە داوای ئەوەیان دەکرد ئەوەی خۆیان بە خاکی خۆیانیان دەزانی، دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە چوارچێوەدا لێ دابمەزرێنن.

دوای ڕووخانی وەسمانییەت و دوای ئینتیدابی بەریتانی و فەرەنسایی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناویندا، کوردیش بەسەر چوار دەوڵەت: تورکیا، عێراق، سوریە، ئێران دابەشکرا. شۆڕشەکانی کوردستان بۆ نەمانی دابەشکردن و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد سەریهەڵدا، تا ئێستەش بەم نیازەوە بەردەوامە.

ئەگەر بزاوی ڕزگاریخوازیی کورد، مەبەست لێی سەربەخۆیی و بنیاتنانی دەوڵەت نەبێت، ڕژاندنی ئەم هەموو خوێنە، شەلوکوتکردنی هەزاران ئادەمزاد، ئاوارەیی و دەربەدەری، ئێش و ئازار و زیندان، لەپێناو چی؟ لە هەر پارچەیەکی کوردستان، من بزاوێکی چەکداریم بۆ چییە، کاتێ بۆ خودشکۆیی نەتەوەیی و مافی سەربەخۆیی کۆشش نەکەم؟ مەگەر ئەوپەڕی عەقڵانییەت نییە، چەک فڕێ بدرێت، بۆ نێو باوەشی دیکتاتۆر هەنگاو بهاوێژرێت، ئیدی لە سایەی یەکیەتی نیشتمانیی عێراق، یان تورکیا، ئێران و سووریە، ژیان بەسەر ببردرێت؟

گوتاری ئەم پێڕە، پڕ لە سەفسەتە و لوغزە، ئەگەر مەبەست دژە دەوڵەتییە، کە دەنگی بەشێکیان ئەم سەدایە دەداتەوە، دەبێت بەر لە هەر شتێ، خۆیان لە دووفاقییەت ڕزگار بکەن، نەک هەر چەک دابنێن، بگرە پارتیش هەڵبوەشێننەوە. ئەگەر مەبەستیش دژە ناسیۆنالیزمبوونە، با بە ڕوون و ڕاشکاوی، بە ئارگیۆمێنت و زمانی داتا، ئەڵتەرناتیڤ و پرۆژەی بەرانبەری ناسیۆنالیزم، بۆ گەلی کورد بەرچاو بخەن.

گەلی کورد، ئەگەر ناسیۆنالیزم نەبێت – وەک میتۆدێکی سیاسی و ئامرازێک بۆ بنیاتنانی دەوڵەت- چ بەهانەیەکی دیکەی هەیە تا لە عێراق و وڵاتەکانی تر، جودا ببێتەوە؟ دۆخی کورد بە ناسیۆنالیزمێکی تایبەتمەندی جوداوازەوە پەیوەستە. کورد میللەتێکە، خاوەن هەموو توخمەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە، هەنگاو بۆ ئابووریی سەربەخۆ دەهاوێژێت، کە ئەمە کۆڵەکەیەکی بنیاتنانی دەوڵەت و سەربەخۆییە، لە دیوی هێز و دەستەڵاتەوە تا دێ پتەوتر دەبێت، کە زۆرجار ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتە.

لە ڕۆژگاری باڵایی لیبراڵیزمدا: بەڵێ، باو باوی دەوڵەت و ناسیۆنالیزمە، هەڵبەت بۆ کورد.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## باران بە دەستی پڕ دەگەڕێتەوە

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




Good food

abc

Good feelings

زۆرترین خواردن لە گەورەترین رێستورانت

رێستورانتی ABC لە هەولێر / رێگەی بەحرکەی نوێ تەنیشت گوندی لوبنانی

ئێستا کراوەیە

11 رێستورانت، 660 جۆر خواردن لە ماوەی 2 کاتژمێردا

DAILY FRESH SEAFOOD premium quality | SHISHA LOUNGE | MIDDLE EAST RESTAURANT | Diner FAST FOOD | Pancakes & WAFFLES | STEAK HOUSE | Soup & BREADS | The Best CHINESE FOOD | Salad bar | SUSHI BAR | ITALIAN CUISINE | The BAKERY








